سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
دوو مانگ جارێک دەریدەکات


# ئایندەناسی


گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات

ژمارە (٧) ئایاری ٢٠٢١، ساڵی دووەم


## ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا

- پێگەی وڵاتانی هەژمووندار لە هەڵبژاردنی عێراقدا
- لامەرکەزیەتی پارێزگاکان، تەگەرەکان و دەرفەتەکانی چەسپاندنی
- دوالیزمەیی گوتار و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران




## کاریگەریی وزە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا

# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٧) ئایاری ٢٠٢١، ساڵی دووەم

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنوسەر: د. هەردی مەهدی میکە

بەڕێوەبەری نووسین:
ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

بەڕێوەبەری کاروباری هونەری:
عەدنان ئەحمەد

بۆردی ڕاوێژکاران:
د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول

دیزاین: شێرکۆ خانزادی
هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد

شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. دوومانگ جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەتڕێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەتڕێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەندپسپۆڕێتی(Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.



دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییە یاساییەکانی
21-10...



پێگەی وڵاتانی هەژمووندار لە هەڵبژاردنی عێراقدا
33-22...




لامەرکەزیەتی پارێزگاکان، تەگەرە یاساییەکان و دەرفەتەکانی چەسپاندنی
51-34...




جەنگی دراماکان؛ ململانێی تورکی-عەرەبی لە کەرتی سینەمادا
73-52...




کاریگەریی وزە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا
89-76...





ئەگەرەکانی یەکێتیی کوردی سووریا: هەڵسەنگاندنی جموجووڵە نێوخۆیی و هەرێمییەکان
111-90...



دوالیزمەیی گوتار و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران
127-112...



رێککەوتنی بودجەی هەولێر-بەغدا؛ لە کورتمەوداوە بۆ ستراتیژیی
139-130...



تێڕامان (التأمل) Contemplation
145-142...

سەروتار

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا



د. یوسف گۆران..........................................................................................

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەرەتای دەرکەوتنی وەك دەستەواژەیەکی سیاسی-جیۆپۆلەتیکی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا؛ ناوچەیەکی سیاسی-سەربازیی ناجێگیر و نائارام بووە، ئەم ناوچەیە سەرباری دەرهاویشتەکانی شەڕی سارد، بەڵام بەبەردەوامی گەرم و ناسەقامگیر بووە، سیستمە ئەمنییەکانی ناوچە جیاجیاکانی سەردەمی شەڕی سارد کە جۆرێك لە ئارامیی سیاسیی هەرێمیی دروست کردبوو، نەتوانرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست و جێگیر بکرێت.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، وردتر پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرتیەتی عوسمانی و پاشەکشێی بۆ ناوەوەی دەوڵەتی قاجاری و دەرکەوتنی وڵاتە نیمچەسەربەخۆ عەرەبییەکان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی هەژموونی ناوچەیی ڕۆژئاوا (بریتانیا و فەڕەنسا) دارشتنەوەی نوێی بەخۆوە بینی و تا ڕادەیەك ئارامیی ناوچەیی کاتی باڵی بەسەردا کێشا، بەڵام بە دەرکەوتنی کایەیەکی نوێی جیۆسیاسی وەك دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕەوتی نەتەوەیی پانعەرەبی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیی ناوچەکە، بەتایبەتی پاش ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو، زیاتر خەسڵەتی ناجێگیری و نائارامیی خۆی بۆ چەندین دەیەی تر لەدەست دا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەوامیی شەڕی سارد و باڵانسی هێزی ستراتیژی و ئامادەیی دەسەڵات و هەژموونی ئەمەریکا و سۆڤیەت لە ناوچەکە -سەرباری ناسەقامگیری-، ئاسۆکانی گۆڕانکاریی ناوچەیی لە ئاستێکی نزمدا مایەوە.

هەرچەندە ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەتی گۆڕانکاریی گەورەی لە ژینگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژیی زۆر ناوچەی جیهاندا دروست کرد، بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هاوکێشەی جیاوازی هێنایە کایەوە. سێ تەوەرە سەرەکییە هەرێمییەکەی ناوچەکە (ئێران، تورکیا، میسر و وڵاتانی عەرەبی)، بە شێوەیەکی جیاواز کەوتنە ژێر کاریگەریی هەرەسی بەرەی سۆڤیەتی. وڵاتە عەرەبییە بەهێزەکانی ناوچەکە، وەك میسر و عێراق و سووریا، بە هۆکار و ڕیتمی جیاواز بۆ ناوەوەی خۆیان پاشەکشێیان کرد و ڕۆڵێکی هەرێمیی ئەوتۆیان نەما، تورکیا بەردەوام بوو لە ڕەوتی مێژوویی خۆی بۆ گەیشتن بە یەکێتیی ئەورووپا و دوورکەوتنەوەی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێرانیش لە قۆناغی سارێژکردنی شوێنەوارەکانی جەنگی وێرانکەری هەشتساڵەی لەگەڵ عێراق بوو، سەرەنجام هیچ کام لە هێز و دەوڵەتانی ناوچەکە نە حەز و نە توانای گێڕانی ڕۆڵی دەوڵەتی زلهێزی ناوچەییان هەبوو، بەمەش هیچ نیشانەیەکی هەرێمایەتی بۆ دروستبوونی سیستمێکی ئەمنی-هەرێمایەتی لە ناوچەکەدا نەبوو، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ڕادەیەك لەژێر چەتری ئەمنیی ڕۆژئاوا، بەڵام بێ بوونی سیستمێکی هەرێمایەتیی ناوچەیی گوزەری دەکرد.

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، چەند ڕووداوێکی سیاسی-سەربازی-ئابووری گۆڕانکاریی بەرچاوی لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کرد، ڕووخانی ڕژێمی سەددام لە عێراق و دەرکەوتنی تورکیای ئەردۆگانی و پەلهاویشتنی هەرێمیی ئێران؛ هاوکێشەی تازەیان هێنایە نێو دۆخی سیاسی-ئەمنیی ناوچەکە. ئێران بە هاتنەسەرکاری شیعە لە عێراق، هاوپەیمانێکی بەردەوام و بوارێکی جیۆپۆلەتیکی نوێ و فراوانی بۆ فەراهەم بوو. تورکیای ئەردۆگان بە دوورکەوتنەوەی زیاتر لە یەکێتیی ئەورووپا و بادانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات (بەتایبەت پاش بەهاری عەرەبی)، هەوڵی دروستکردنی ژینگەیەکی نوێی جیۆپۆلەتیکی (عوسمانی) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدا. لەم نێوەدا بە هۆی گۆڕانکارییەکانی عێراق و شەڕی داعش و شەڕی ناوخۆی سووریا، بۆ یەکەمین جاریش کورد وەك هێزێکی ناوچەیی کاریگەر دەرکەوت.

دەرهاویشتەکانی بەهاری عەرەبی و شەڕی دژ بە داعش، هاوتەریب بوو لەگەڵ دەرکەوتنی زیاتری هێزە جیهانییە نوێکان لە ناوچەکەدا، لەگەڵ بەردەوامیی گفتوگۆی نێوخۆیی ئەمەریکا بۆ مانەوە یان کشانەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەندێ ناوچەی تری جیهان و بێتوانایی ئەورووپا لە دروستکردنی سیستمێکی سەربازیی سەربەخۆ و دەرکەوتنەوەی ڕووسیای پۆتین وەك بکەرێکی گاریگەری ناوچەکە، دەرکەوتنی چین بە توانایەکی ئابووری و تەکنۆلۆجی و سیاسیی نوێ، خەسڵەتی سەرەکیی هاوکێشە نوێکانی دەیەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون.

بەم شێوەیە بۆ یەکەمین جار، پاش نزیکەی هەشتا ساڵ لە دەرکەوتنی چەمکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەبەردەم ڕکابەری بەهێز و ڕاستەقینەی ئیقلیمی (تورکیا و ئێران) و نێودەوڵەتی (چین و ڕووسیا) خۆیان بینی.

وا دیارە لە ئێستادا ئیدارەی نوێی ئەمەریکا بەهاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانە ئەورووپییەکانیان، هێشتا دەیانەوێ ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ببینن، وڵاتانی کەنداو و میسر و کوردانی عێراق و سووریا و ئیسرائیل بە هاوپەیمانی نزیکی خۆیان دەبینن. بەڵام کێشەی سەرەکیی ئەم تێڕوانینە لەوەدایە کە لە ناوخۆدا -چ بە جیا و چ لە چوارچێوەی ناتۆدا- ڕووبەڕووی بەرەیەکی فراوان دژ بە بینینی ڕۆڵی سەربازیی زیاتر و هەناردەکردنی لەشکر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بوونەتەوە، لە کاتێکیشدا سەرجەم هاوپەیمانە هەرێمییەکانی ڕۆژئاوا نە توانا و نە ئامادەیی ئەوەیان هەیە ڕاستەوخۆ ببنە بەشێك لە ستراتیژی ڕۆژئاوا بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی ناوچەیی، لە بەرامبەردا دوو زلهێزی جیهانیی وەکوو چین و ڕووسیا دەتوانن پشت بە توانای دەوڵەتانی وەك تورکیا و ئێران بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ناوچەکە ببەستن.

بەگشتی هەر چەندە دەرکەوتنی مەودای کاریگەری هێزە جیهانییە نوێکانی وەك چین و ڕووسیا لەسەر سیستمی نێودەوڵەتیی جیهان هێشتا لە سەرەتادایە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەم ڕاستییە بەدەر نییە، بەڵام یەکلابوونەوەی چارەنووسی تورکیا لەنێوان بەرەی ڕۆژئاوا و بەرەی چین و ڕووسیا، هەروەها ئاسۆی پەیوەندییەکانی ئێران-چین و ئێران-ئەمریکا  و ئامادەیی وڵاتانی ئەورووپا بۆ بەشداریی زیاتر لە ناوچەکە، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە شێوە و دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەندین سەدەی داهاتوو.

بەم پێیە لەم قۆناغە ڕاگوزەرە نێودەوڵەتییەدا، گرنگە دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە -بە گەلی کوردیشەوە-، لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی پرۆژە و ئیرادە و هێزی بکەرە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە لایەك و بەئاگابوون لە خودی توانای نەتەوەیی خۆیان لە لایەکی تر، بژاردە ستراتیژییەکانیان بۆ مانەوە و بەشداربوون لە داڕشتنی ئایندەی نەتەوەیی و ناوچەیی خۆیان دیاری بکەن.

ئایندەناسی

# توێژینەوەکان

# دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییە یاساییەکانی



زانا کەریم
توێژەر



## بەرایی

هەرێمی کوردستان لە سنوورێکی بەرتەسکدا خاوەنی پەیوەندیی دیپلۆماسییە، بەڵام ئەم دیپلۆماسییە لەگەڵ چەندین ئاڵنگارییدا ڕووبەڕووە و لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخرێتە سەر ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕەهەندی یاساییان هەیە. گرنگیی هەر هەوڵێکیش لەم بارەیەوە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تێگەیشتنی ئاستەنگ و ئالنگارییەکان هەنگاوی یەکەمی زاڵبوون و تێپەڕاندنیانە و دۆزینەوەی دەروازەکانی چوونەژوورەوە و ئامادەبوونی هەرێمی کوردستانە لەسەر شانۆی پەیوەندیی نێودەوڵەتی.

بەگوێرەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی نێو دەوڵەتێکی فیدراڵە و دەسەڵاتەکانی و چوارچێوەی کاری بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ دیاری کراوە، لە دەوڵەتی فیدراڵیشدا داڕشتن و بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەکی و دیپلۆماسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵیدایە و دەسەڵاتی هەرێمەکان زۆر سنووردارە و لە مەودایەکی زۆر بەرتەسکدایە. لە لایەکی ترەوە و بەگوێرەی ڕێسا و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، دەوڵەت (state) نەک "نا-دەوڵەت" (non-state) خاوەنی ستاتۆ (الشخصية)ی یاساییە، بەم پێیەش "نا-دەوڵەتەکان" ناتوانن خاوەنی دامودەزگا و پەیوەندیی دیپلۆماسیی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان بن. لەم سۆنگەیەوە ئەم پەڕەباسە دەچێتە پای باسکردن لە ئاڵنگارییە یاساییەکانی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان، هەروەها پشکنینی هەنجەتەکانی وەها بانگەشەیەک دەکاتە گیروگاز (problem)ی سەرەکیی خۆی. گریمانەی ئەوەش دەکات کە وا دەکرێت هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئاڵنگارییەکانیش، خاوەنی دامودەزگا و پەیوەندیی دیپلۆماسیی خۆی بێت و وەها پەیوەندییەکیش هەم لە ڕووی یاساییەوە (De jure) پاسادان دەکرێت، هەم لە ڕووی واقیعییەوە (De facto).

## ئاڵنگاریی نێوخۆیی (دەستووریی)

مەبەست لە ئالنگاریی نێوخۆیی ئەو ئالنگارییانەیە کە بە هۆی دەستووری عێراقەوە دێتە سەر ڕێی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان. بەپێی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراقی فیدراڵ، عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵە و هەرێمی کوردستان-عێراقیش هەرێمێکی فیدراڵی ناو دەوڵەتێکی فیدراڵە. ئەم ڕاستییە، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێم ڕووبەڕووی ئالنگارییەکی سەرەکی دەکاتەوە کە ئێمە بە ئالنگاریی ناوخۆیی یاخود دەستووری ناوزەدمان کردووە و لێرە بەدواوە و لەم باسەدا دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەین.

بیرۆکەی دەوڵەتی فیدراڵ پشت بە دوو ڕاستیی سەرەکی دەبەستێت، ئەوانیش: دوو لانەیی (الثنائية) دەسەڵات و دوو لانەیی ئەنجوومەنی یاسادانانە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا[١]. مەبەست لە دوو لانەیی دەسەڵات، هەبوونی دوو دەسەڵاتە: دەسەڵاتی ناوەندیی یاخود فیدراڵ و دەسەڵاتی هەرێمەکان، هەریەکە لەم دەسەڵاتانەش لە دەستووری فیدراڵیدا دیاری کراون و فراوانی و بەرتەسکیی دەسەڵاتی هەر لایەکیشیان لە وڵاتێکی فیدراڵی بۆ وڵاتێکی فیدراڵیی تر دەگۆڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا هەندێک دەسەڵاتی بنەمایی هەن لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی فیدراڵ بڕیاریان لێ دراوە و کاروباری دەرەکی و دیپلۆماسیی نموونەی یەکێک لەو دەسەڵاتانەیە. واتە لەم جۆرە دەوڵەتانەدا دەسەڵاتێکی ناوەندی هەیە و کاروبارەکانی دەوڵەت لە چەند بوارێکی دیاریکراو بەڵام گرنگدا بەڕێوە دەبات (وەکوو کاروباری دەرەکی و بەرگری و دارایی و فێرکردن)، هەروەها ئەم دەسەڵاتانە کە لە دەستووری فیدراڵیدا ڕوون کراوەتەوە، لە سەرتاسەری وڵاتدا بەبێ جیاوازی پیادە دەکات[٢].

ئەوەی لەم باسەدا سێرەی لەسەر دەگرین؛ پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسییە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، واتە ئەو پەیوەندییانەی کە زیاتر سروشتێکی سیاسییان هەیە. ئەم پەیوەندییانە لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵەوە بەڕێوە دەبرێن[٣] و تەنها ئەویش سەرجەم ڕواڵەتەکانی سەروەریی دەرەکی پیادە دەکات[٤]. دکتۆر عەلی سادق ئەبو هیف لە بارەی دەوڵەتی فیدراڵییەوە دەڵێت: لەم جۆرە دەوڵەتانەدا تەنها دەسەڵاتی فیدراڵی بە نوێنەرایەتیی سەرجەم هەرێمەکان ئەرکی کاروباری دەرەکی دەگرێتە ئەستۆ و نوێنەرە دیپلۆماسییەکان ڕەوانە دەکات و نوێنەرانی دەوڵەتانی تریش وەردەگرێت، پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتە بیانییەکاندا دروست دەکات، پەیماننامە دەبەستێت و جاڕی جەنگ دەدات و ڕێککەوتن دەکات[٥]. هەروەها لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەسەڵاتی نێودەوڵەتییانەی هەرێمەکان زۆر سنووردار کراوە، ئەمەش بە ئامانجی هێشتنەوەی بەرپرسیارێتیی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەکیدا لەدەستی دەسەڵاتی فیدراڵیدا[٦].

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە وا بەڕێوەبردنی پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسی ئەرکی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانە و هەرێمەکان دەسەڵاتێکی زۆر سنوورداریان هەیە لەم بارەیەوە. ئەوەشی کە ئەم دەسەڵاتانە دیاری دەکات دەستووری فیدراڵییە، واتە دەستوور لە لایەکەوە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسی دەدات بە

**بەڕێوەبردنی پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسی بەتەنها هەروەک تایبەتمەندیی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دەمێنێتەوە و دەسەڵاتی هەرێمەکان زۆر سنووردارە**

دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتی هەرێمەکان سنووردار دەکات. هەروەها دەتوانین بڵێین ئەو دەسەڵاتانەش کە دەستوور بەگشتی وەک دەسەڵاتی تایبەتی فیدراڵی لە مەیدانی سیاسەتی دەرەکی و دیپلۆماسیدا دەیناسێنێت، بریتین لە[٧]:

- ئیدارەدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتە بیانییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا.
- دامەزراندنی فەرمانبەران لە بواری دیپلۆماسی و کونسڵیدا، هەروەها وەرگرتنی فەرمانبەری دەوڵەتانی بیانی لەو دوو بوارەدا.
- گرێدان و ڕاستاندن و جێبەجێکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی.
- دەستەبەری سەروەریی پەیماننامەکان بەسەر یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا.

هەرچەندە ئەم دابەشکردنەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا لە دەستوورێکەوە بۆ دەستوورێکی تر و لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە، لە هەندێک دەوڵەتی فیدراڵیدا هەرێمەکان دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەک فراوانتریان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوەبردنی پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسی بەتەنها هەروەک تایبەتمەندیی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ دەمێنێتەوە و دەسەڵاتی هەرێمەکان زۆر سنووردارە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتانی فیدراڵ.

ئەوەی باس کرا ڕەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی چەقی باسەکەمان بگوازینەوە بۆ سەر یەکەم ئاڵنگاری کە ڕووبەڕووی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، ئەو ئاڵنگارییەش بنەماکانی دەستووری عێراقە وەک دەستووری وڵاتێکی فیدراڵ. بەپێی بنەمای دوو لانەیی دەسەڵات لە دەوڵەتی فیدراڵدا، لە عێراقیشدا دوو دەسەڵات بوونی هەیە: دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتی هەرێمەکان. وە لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی فیدراڵی ناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵە، کەواتە دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی فیدراڵ لە لایەک و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەکی تر دابەش کراوە.

دەستووری کۆماری عێراق لە بەندی چوارەمیدا و لە مادەکانی ١٠٩ بۆ ١١٥، بوارەکانی دەسەڵاتی هەریەکە لە دەسەڵاتی

فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکانی دیاری کردووە و ئەم دەسەڵاتانەش سێ جۆرن[٨]:

• ئەو دەسەڵاتانەی کە تەنها هیی حکومەتی فیدراڵییە (لە مادەی ١٠٩ بۆ ١١٣).

• دەسەڵاتە هاوبەشەکان لەنێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا (مادەی ١١٤).

• دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێک نەخراون (مادەی ١١٥).

مادەی ١١٠ی دەستووری عێراقی فیدراڵ، دەسەڵاتەکانی دارشتنی سیاسەتی دەرەکی و نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی، وتوێژ لە بارەی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی قەرزکردن و واژۆکردن و براندنەوەی، ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانیی دەرەکی و سەرووەریی تایبەت کردووە بە حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان یان هیچ ڕۆڵێکیان نییە، یان ئەگەر هەشیانبێت پەراوێزی و بێبایەخە[٩]. بەم پێیە دروستکردنی پەیوەندیی دەرەکی و دامەزراندنی پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتان و بکەرە نێودەوڵەتییەکانی تردا بەتەنها لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدایە و هەر هەوڵێکی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە پشتیوانیی دەستووری نییە و بەئاسانی لەلایەن دەسەڵاتە فیدراڵەکانەوە ڕێگریی لێ دەکرێت.

لێرەدا پێویستە دوو سەرنج لەم بارەیە دەرببڕین: یەکەم: مەبەست لە پەیوەندیی دەرەکی؛ پەیوەندییە لە بواری سیاسی و دیپلۆماسیدا، چونکە لە چەند بوارێکی تردا، بەتایبەتی بواری فەرهەنگی و ئابووریی هەرێمی کوردستان پەراوێزێکی لڤین و جموجووڵی هەیە و دەتوانێت پەیوەندی دامەزرێنێت. دووەم: ئەم ڕێگرییانە ڕێگریی یاسایین، بەڵام لە ڕووی واقیعەوە واتە بەپێی باری ئارا (de facto)، کایەی پەیوەندی و سیاسەتی نێودەوڵەتی بایی ئەوەندە دەرفەت دەڕەخسێنێت هەرێمی کوردستان بتوانێت لە سنوورێکدا، با بەرتەسکیش بێت، پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی دامەزرێنێت و پەرە پێ بدات.

## ئاڵنگاریی دەرەکی (یاسایی)

ئالنگاریی دووەم کە ڕووبەڕووی پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، وەک هەرێمێکی فیدراڵ، ئالنگارییەکی یاساییە. مەبەستمان لە ئاڵنگاریی یاساییش ئەو گرفت و ئاریشانەیە کە لەلایەن بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتییەوە ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، چونکە ئێمە باس لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی و جوڵەی هەرێمی کوردستان-عێراق دەکەین لە بواری دیپلۆماسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا، ئەو کایەیەش کە کەسەکان

دەستنیشان دەکات و بنەما یاساییەکانی ئەم پەیوەندییانە دادەڕێژێت، کایەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتییە.

بەگوێرەی بنەما و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، هەموو بکەرێکی نێودەوڵەتی پێویستە کەسێتیی یاسایی هەبێت، تاکوو بتوانێت پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاسا دروست بکات، واتە هەم مافی هەبێت، هەم ئەرک. بێگومان یەکێک لەو ئەرک و مافانەش دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و سیاسییە لەگەڵ بکەرە نێودەوڵەتییەکانی تردا. ئەمە پێویست دەکات لەسەرمان کە وا کەسێتیی یاسایی ببێتە تەوەری سەرەکیی ئەم باسە و بپرسین کەسێتیی یاسایی لە بواری نێودەوڵەتیدا چییە و ئەو پێوەرانە چین کە لە ڕێگەیەوە کەس (الشخص)ی نێودەوڵەتی دەناسینەوە؟ دواتریش ئایا هەرێمێکی فیدراڵ تا چەند دەکرێت خاوەنی کەسێتیی یاسایی (الشخصية القانونية) بێت و پەیوەندیی دیپلۆماسیی هەبێت؟ لەم پێناوەدا ئەم باسە بۆ دوو خواست دابەش دەکەین: لە خواستی یەکەمدا کەسێتیی یاسایی و پێوەرەکانی شەنوکەو دەکەین، خواستی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ کەسێتیی یاسایی هەرێمە فیدراڵییەکان.

**خواستی یەکەم: کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی و پێوەرەکانی**

مەبەست لە زاراوەی کەس لە نەزمێکی یاسایی دیاریکراودا، هەموو ئەوانەیە کە حوکمەکانی ئەو نەزمە یاساییە دەیاندوێنێت، تاکوو ڕاستەوخۆ پابەندییان بەسەردا بسەپێنێت یان مافگەلێکیان پێ ببەخشێت. بە دەربڕێنێکی تر: کەسانی هەر نەزمێکی یاسایی (ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی) ئەوانەن کە ماف و ئەرکەکانیان بەپێی حوکمەکانی ئەو نەزمە یاساییە ڕێک خراوە[١٠].

چەند یاساناسێک وەک ئەنزیلۆتی (Anzilotti)، گوگنهایم (Guggenheim)، هانز کێلسن (H. Kelsen)، شوارزنبێرگەر (Schwarzenberger) و براونلی (Brownlie)؛ بەم شێوەیە پێناسەی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتییان کردووە: "توانای هەڵگرتنی ماف و ئەرکەکانە، لەسایەی یاسای نێودەوڵەتیدا[١١]".

یاسای نێودەوڵەتیی گشتییش وەک هەر نەزمێکی تری یاسایی، ئەو کەسانەی دیاری کردووە کە کەسی یاسایی نێودەوڵەتین و خاوەنی کەسێتیی نێودەوڵەتین. خەسڵەتەکانی ئەم کەسێتییەش بە شێوەیەکی گشتی بە دوو ڕێگە دیاری دەکرێن[١٢]:

١. توانای گوزارشتکردنی لە ویستی تایبەتیی خۆی هەبێت لە مەیدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

٢. توانای پیادەکردنی هەندێک ماف یان دەسەڵات (الاختصاصات)ی نێودەوڵەتیی

هەبێت، بەپێی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی.

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کەسی یاسایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چەند پێوەرێک هەن کە بە هۆیانەوە کەسێتیی یاسایی دەستنیشان دەکرێت و دەناسرێتەوە. بیروبۆچوون و ڕای یاساناسە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی ئەم پێوەرانەی کەسێتیی یاساییەوە جیاوازە و هەر یەکێکیان پێوەرێک دەکاتە بنەمای دەستنیشانکردنی کەسێتیی یاسایی. لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین سێ بابەت هەن کە وەک پێوەری سەرەکیی دیاریکردنی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی ئاماژەیان پێ دەدرێت، ئەوانیش: سەروەری (السیادة) و دانپێدانان (الإعتراف) و دواندن (المخاطبة)ن[١٣]:

**١. سەروەری**

هەندێک لە یاساناسان پێیان وایە تەنها ئەو قەوارانە دەتوانن خاوەنی کەسێتیی نێودەوڵەتی بن کە خاوەن سەروەرین، بەم پێیەش لەبەر ئەوەی تەنها دەوڵەتان خاوەنی سەروەرین، کەواتە تەنها دەوڵەتانیش دەتوانن خاوەنی کەسێتیی نێودەوڵەتی بن. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەم یاساناسانە پێیان وایە تەنانەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش خاوەنی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی نین، چونکە پێدانی کەسێتیی یاسایی واتای وایە ئەم ڕێکخراوانە خاوەنی سەروەرین، ئەمەش پێدانی سەروەرییە کە ئەم ڕێکخراوانە لە ڕووی یاسایی و لە واقیعدا نییانە. هەروەها ئەوەش سەربار دەکەن کە وا پێوەری سەروەریی پێویست دەکات بکەرەکە خاوەنی ڕەگەز (العنصر)ی گەل و هەرێمیش بێت، چونکە سەروەری بەبێ بوونی گەل و هەرێم بەدی نایەت.

ئەوەی شایانی ئاماژەپێدانە هەندێک لە یاساناسان ئەم پێوەرە (پێوەری سەرەوەری) دەکەن بە هەنجەتی بێبەشکردنی هەرێمە فیدراڵەکان لە کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی، بەو بیانووەی کە تەنها دەسەڵاتی فیدراڵ خاوەنی سەرەوەرییە و سەروەریی هەرێمەکان لەناو سەروەریی دەوڵەتی فیدراڵدا دەتوێتەوە. بەم پێیە و بە پشتبەستن بە بۆچوونی ئەم یاساناسانە، هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نییە و قەوارەیەکی خاوەن سەروەریی نییە، کەواتە کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتییشی نییە و ناتوانێت خاوەنی پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسیی سەربەخۆی خۆی بێت.

لە بەرانبەردا هەندێک لە یاساناسانی تر، هەر پاڵپشت بە پێوەری سەروەریی، هەرێمەکان دەکەن بە خاوەنی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی. ئەمەش بە هەنجەتی شیاویی دابەشبوونی سەروەری لەنێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵدا، واتە

سەروەرییش وەک هەر دەسەڵاتێکی تر دەکرێت دابەش بکرێت لەنێوان دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا و هەرێمەکانیش دەتوانن ببنە خاوەنی بەشێک لە سەروەری. پاڵپشت بەم بۆچوونە، دەکرێت بڵێین هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە خاوەنی کەسێتیی یاسایی، بەڵام لە لایەکەوە دەبێت بەگوێرەی دەستوور و ڕێککەوتن بێت لەگەڵ دەسەڵاتی فیدراڵیدا، لە لایەکی تریشەوە کەسێتییەکە سنوورداره، چونکە لەم بارەدا هەرێم دەبێتە خاوەنی بەشێک لە سەروەری، نەک سەروەریی ڕەها.

**٢. دانپێدانان**

هەندێک لە یاساناسان بەرگری لە پێوەری دانپێدانان دەکەن و پێیان وایە تەنها دانپێدانان دەتوانێت کەسێتیی نێودەوڵەتی دروست بکات. دانپێدانان بوونی یاسایی بە قەوارەکان دەبەخشێت و دەیانکات بە کەسی یاسایی نێودەوڵەتی، واتە دانپێدانان ڕۆڵی دروستکەری کەسێتیی نێودەوڵەتی دەبینێت و بەبێ دانپێدانان دەوڵەت تەنها بوونێکی ئاسایی هەیە(١٤).

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە لە کەسێتیی یاسایی هەرێمی کوردستان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە وا هەرێم وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ دانی پێدا نەنراوە، کەواتە خاوەنی کەسێتیی یاسایی نییە. بەڵام دەکرێت بڵێین ئەم دانپێدانەنانە ڕەها نییە، چونکە بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ، هەرێم لە چەند بوارێکدا دەتوانێت چالاکیی دەرەکی و پەیوەندیی هەبێت، بۆیە لە چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتە دەستوورییانەدا هەرێم پشتیوانیی یاسایی هەیە و هێندەی ئەم دەسەڵاتانەش خاوەنی دانپێدانانە، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی. واتە دەکرێت لە سنووری دەسەڵاتی پێدراو بە هەرێم، بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ بچێتە ناو پەیوەندییە یاساییەکانەوە و ئەرک و مافی هەبێت، لێرەدا دەستووری عێراق دەبێتە سەرچاوەی دانپێدانانی هەرێم و بەدەستهێنانی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە وا ئەم کەسێتییە لەلایەن دەستووری عێراقەوە سنووری بۆ دانراوە و چوارچێوەبەند کراوە.

**٣. دواندن**

لایەنگرانی پێوەری دواندن پێیان وایە ئەم پێوەرە زیاتر لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت، چونکە ناتوانرێت وێنای نەزمێکی یاسای بکرێت کە ڕێساکانی ڕاستەوخۆ و یەکە یەک بدوێنێت و ئەرکی بەسەردا بسەپێنێت و مافی بۆ دەستەبەر بکات، دواتریش بگوترێت ئەو یەکە خاوەنی کەسێتیی نێودەوڵەتی نییە. واتە دواندنی کەسێک (لێرەدا مەبەستمان لە کەسە لە یاسای نێودەوڵەتیدا) لەلایەن ڕێسا و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەسە بۆ ئەوەی ئەو کەسە ببێتە خاوەنی کەسێتیی

نێودەوڵەتی و ئەرک و مافی هەبێت لە کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی کلاسیک تەنها دەوڵەتان دەدوێنن و تەنها دەوڵەت وەک خاوەنی کەسێتیی یاسای نێودەوڵەتی دەناسێنن، بەڵام لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتانەی کە ڕوویان داوە، لە ئێستادا سنووری ئەو کەسانەی یاسای نێودەوڵەتی دەیاندوێنێت فراوان بووە و بکەرە نادەوڵەتەکانیش (Non State Actors) وەک کەسی یاسایی دەناسێنرێن، بەڵام ئەم ناساندنە سنوورداره و بەراورد بە کەسێتیی یاساییانەی دەوڵەت بەرتەسکترە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە سنوورێکدا هەرێمی کوردستانیش لەلایەن ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتییەوە دەدوێنرێت و هێندەی ئەو دواندنە خاوەنی کەسێتیی یاساییە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی سەرەوەدا کە لە بارەی کەسێتیی یاسای و پێوەرەکانییەوە خستمانە ڕوو، دەکرێت بڵێین: قەوارەیەک بۆ ئەوەی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی بوونی هەبێت و خاوەنی ماف و لە هەمان کاتدا ئەرکیش بێت، پێویستە کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتیی هەبێت. واتە قەوارەیەک ئەگەر کەسێتیی یاسایی نەبێت، ناتوانێت بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندیی دیپلۆماسی دابمەزرێنێت و ڕووبەڕووی ئالنگاری

"

**دروستکردنی پەیوەندیی دەرەکی و کاری دیپلۆماسی؛ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەسێتیی نێودەوڵەتیی هەریەکە لە دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمە فیدراڵییەکانەوە هەیە**

دەبێتەوە. لێرەدا ڕەوایە بپرسین: ئایا لە دەوڵەتی فیدراڵدا کە کەسایەتیی نێودەوڵەتییانەی هەرێمەکان لەناو کەسێتیی دەوڵەتە فیدراڵەکەدا دەتوێتەوە، تا چەند ئەم هەرێمانە (وەک پێشتر گوتمان هەرێمی کوردستانیش هەرێمێکی ناو دەوڵەتێکی فیدراڵە) دەرفەتی بەستنی پەیوەندیی دیپلۆماسییان لە بەردەمدایە؟ ئەم بابەتە دەبێتە مژاری خواستی دووەمی ئەم باسە.

**خواستی دووەم: هەرێمە فیدراڵەکان و کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتی**

دروستکردنی پەیوەندیی دەرەکی و کاری دیپلۆماسی؛ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کەسێتیی نێودەوڵەتیی هەریەکە لە دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمە فیدراڵییەکانەوە هەیە، چونکە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا کەسێتیی نێودەوڵەتییانەی هەرێمە پێکهێنەرەکانی

دەوڵەت لە کەسێتیی دەوڵەتی فیدراڵدا دەتوێتەوە و تەنها دەوڵەتی فیدراڵی خاوەنی کەسێتیی نێودەوڵەتییە. هەر چەندە لە هەندێک دەوڵەتی فیدراڵدا هەرێمەکان تا ڕادەیەک خاوەنی دەسەڵاتن لە بواری کاروباری دەرەکی و بەستنی پەیوەندیدا، بەڵام ئەمە هەرێمەکان ناکاتە خاوەنی کەسێتیی نێودەوڵەتی.

لە لایەکی ترەوە یەکێک لە لێکەوتە گرنگەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی، نەمانی کەسێتیی نێودەوڵەتییانەی هەرێمەکانە و دەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک یەکەیەکی یەکگرتوو و ناوەندی (المركزي). دەوڵەتی فیدراڵی بەتەنها خۆی خاوەنی کەسایەتیی نێودەوڵەتییە و سەروکاریی هەرێمەکان دەکات لەم ڕووەوە[١٥]، ئەمەش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دروستبوونی دەوڵەتی فیدراڵی، چونکە ئەگەر هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵییش خاوەنی کەسێتیی یاسایی و سەربەخۆی نێودەوڵەتی بن، ئەوا ئێمە لەبەردەم دەوڵەتێکی فیدراڵیدا نیین، بەڵکوو لەبەردەم چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆداین، یاخود لانی کەم لەبەردەم دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵیداین. لێرەدا بەو ڕاستییە دەگەین کە وا نەبوونی کەسێتیی نێودەوڵەتی، ڕێگرییەکی گەورەی بەردەم هەرێمە فیدراڵەکانە لە دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسیدا، چونکە دەوڵەت، نەک بەشێک لە دەوڵەت، خاوەنی کەسێتیی یاسایی نێودەوڵەتییە و بەبێ بوونی کەسێتیی یاساییش هەرێمەکان ناتوانن بچنە ناو هیچ پەیوەندییەکی یاساییەوە لەگەڵ بکەرە نێودەوڵەتییەکانی تردا.

ئەوەی لە کۆتایی ئەم خواستەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە وا نەبوونی کەسێتیی نێودەوڵەتییانەی هەرێمە فیدراڵییەکان بەو واتایە نایەت کە ئەم هەرێمانە ناتوانن بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی دەرەکییان هەبێت و لەم ڕووەوە کۆتوبەند کراون، بەڵکوو لە هەندێک بواردا ئەم هەرێمانە دەتوانن پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوەدا هەبێت، بەتایبەتی لە بواری ئابووری و فەرهەنگیدا یان لە بواری کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی لە وڵاتانی تردا، بەتایبەتی ئەگەر لە دەستووری وڵاتە فیدراڵەکەدا ڕێگەیان پێ درابێت. هەروەها لە هەندێک باریشدا بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێگە بەم هەرێمانە دەدات پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسییان هەبێت بەپێی باری ئارا (de facto)، نەک بەپێی یاسا (de jure). واتە زۆر جار ئەم هەرێمانە وەک دیفاکتۆیەک دەبن بە خاوەنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و لەگەڵ وڵاتانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا مامەڵە دەکەن و پەیوەندی دەگرن.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم پەڕەباسەدا سەبارەت بە دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان-عێراق و ئالنگارییە یاساییەکانی، بە چەند دەرەنجامێک دەگەین و لە خوارەوە بەوردی دەیانخەینە ڕوو:

یەک: سەرەڕای ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵە لەناو دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا و دەسەڵاتەکانی بەپێی دەستووری عێراقی فیدراڵ کۆتوبەند کراوە لە بواری پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسیدا، بەڵام هەرێم بە حوکمی باری ئارا (de facto) لە سنوورێکدا خاوەنی پەیوەندی و بەرخوردە لەگەڵ وڵاتانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەمەش شانی لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی داداوە، کە وایان کردووە هەرێمی کوردستان خاوەنی پەیوەندیی دەرەکی بێت، ئەوانیش: بوونی دەسەڵاتێکی دیفاکتۆیە لە هەرێم کە وا پێویست دەکات خاوەنی پەیوەندی بێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها مێژووی درێژی پەیوەندییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا زەمینەیەکی لەباری بۆ پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕەخساندووە.

دوو: هەر چەندە هەرێمی کوردستان خاوەنی کەسێتیی یاسایی سەربەخۆ نییە و قەوارەیەکی خاوەن سەرەوەریی نییە و لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە وەک بکەرێکی سەربەخۆی دانپێدانراو ناناسرێت، بەڵام دەکرێت وەک قەوارەیەک یاخود وەک بکەرێکی نادەوڵەت (Non State Actor) باس لە پەیوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان-عێراق بکرێت و ئەو ئەدەبیاتەی لەم بارەیەوە هەیە، خزمەت بەم جۆرە باسانە دەکات و کۆمەککارێکی باش دەبێت.

سێ: ئەو پەیوەندی و مامەڵانەی کە وا هەرێمی کوردستان دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ ئەنجامی دەدات، دەکرێت وەک دیپلـۆماسیی تەریب (Para diplomacy) ناوزەد بکرێت و شانبەشانی دیپلۆماسیـــی فەرمی و دەوڵەتی بڕوات.

چوار: هۆکارێک کە وا دیپلۆماسیی هەرێمـــی کوردستان ڕووبـــەڕووی ئالنگاری دەکاتەوە، نەبوونی پشتیوانێکی یاسایی تۆکمەیە بۆ ئەم پەیوەندییـــانە، چونکە ئەم پەیوەندییـــانە ناچنە نـــاو جوغزی بنەما و ڕێســـاکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و پشتیوانییە دەستوورییەکانیشی لاوازە، ئەمەش پەیوەندییـــەکان دەکات بە پەیوەندیی کاتی و تێپەڕ و هەموو ساتێک ئەگەری کۆتاییپێهێنانی هەیە.

**سه‌رچاوه‌كان:**

(١) منذر الشاوي، القانون الدستوري - الجزء الأول (القاهرة: العاتك لصناعة الكتاب، ٢٠٠٧)، ص٢٥١.

(٢) شيرزاد أحمد أمين النجار، "مركز اقليم كوردستان-العراق في السياسة العالمية: حالة عدم اليقين؟"، مجلة قضايا سياسية، العدد٣٥-٣٦ (بغداد: جامعة النهرين - كلية العلوم السياسية، ٢٠١٤)، ص١١٣.

(٣) عصام العطية، القانون الدولي العام (القاهرة: العاتك لصناعة الكتاب، ٢٠١٠)، ص٤٠٩.

(٤) سامي جمال الدين، النظم السياسية (الإسكندرية: دار الجامعة الجديدة، ٢٠١٠)، ص١٢٤.

(٥) على صادق أبوهيف، القانون الدولي العام (الأسكندرية، منشأة المعارف، سنة الطبع بلا)، ص١١١.

(٦) هيلين تورار، تدويل الدساتير الوطنية، ت: باسيل يوسف (بغداد: بيت الحكمة، ٢٠٠٤)، ص١٥٧.

(٧) روبرت بوي وكارل فريدريك (محرران)، دراسات في الدولة الإتحادية، ت: وليد الخالدي وبرهان دجاني (بيروت- نيويورك: الدار الشرقية للطباعة والنشر ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، ١٩٦٦)، ص ص٤١٣-٤١٤.

(٨) شيرزاد أحمد أمين النجار، مصدر سبق ذكره، ص ص١١٤-١١٥.

(٩) له‌ به‌ندی چواره‌م، ماده‌ی (١١٠/ یه‌كه‌م)ی ده‌ستووری كۆماری عێراق/ ساڵی ٢٠٠٥دا هاتووه‌: "ئه‌م ده‌سه‌ڵاتانه‌ی خواره‌وه‌ تایبه‌تن به‌ حكومه‌تی فیدراڵییه‌وه‌: یه‌كه‌م: ڕه‌نگرێژكردنی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ و نوێنه‌رایه‌تیی دیپلۆماسی و ئه‌نجامدانی دانووستان له‌سه‌ر په‌یماننامه‌ و ڕێكه‌وتنه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌كان و سیاسه‌تی قه‌رزكردن و واژۆكردن له‌ سه‌ریان و یه‌كلاكردنه‌وه‌ و ڕه‌نگرێژكردنی سیاسه‌ته‌ ئابووری و بازرگانییه‌ ده‌ره‌كییه‌ سه‌روه‌رییه‌كان."

(١٠) عصام العطية، مصدر سبق ذكره، ص٢٩١.

(١١) نقلاً عن: الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباري، الوضع القانوني لأقليم كوردستان العراق: في ظل قواعد القانون الدولي العام (اربيل: مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ٢٠٠٢)، ص ص٥٣٧-٥٣٨.

(١٢) عصام العطية، مصدر سبق ذكره، ص٢٩١.

(١٣) الحاكم عبدالرحمن سليمان الزيباري، مصدر سبق ذكره، ص٥٣٩.

(١٤) عصام العطية، مصدر سبق ذكره، ص٤٥٣.

(١٥) محمد هماوندي، الفيدرالية والحكم الذاتي واللامركزية الإدارية الإقليمية (أربيل: مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، ٢٠٠١)، ص ص١٩٧-١٩٨.

# پێگەی وڵاتانی هەژموونداڕ لە هەڵبژاردنی عێراقدا

## ڕۆڵ، چاوەڕوانی و سیناریۆکان



یاسین تەها
توێژەر



### بەرایی

ئامادەکارییە جۆراوجۆرەکانی سازکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، لە هەموو کات زیاتر ئەگەری ئەنجامدانی ئەو ویستگە سیاسی و دەستوورییەیانەی بردووەتە پێش و ئەگەری سازکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختەیان لە ڕاستی نزیك کردووەتەوە بە مەرجێك پێشهاتی ئەمنی ڕێگە بدات. ئەم هەڵبژاردنە لە دۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە کێشمەکێشی جەمسەرە سەرەکییەکانی ململانێ لە عێراق کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێرانن، لە هەڵکشان و بەریەککەوتنی زیاتردایە. لە سێبەری ئەم دوو دەوڵەتە خاوەن هێز و بەرژەوەندییەشدا لە عێراق و لە پەنای ئەوانیشدا چەند جەمسەرێکی تری ململانێ و کارتێکردن هەن کە چاویان لەسەر ئەنجام و لێکەوتەکانی هەڵبژاردنی عێراقە، ئەوانیش بە پلەی یەکەم تورکیا و وڵاتانی کەنداون. ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەی کە لەئاراداان بۆ کارکردنە سەر هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق.

### ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرپەرشتیاری پرۆسەی سیاسیی نوێی عێراقی پاش (٢٠٠٣)یە، لە ئێستاشدا چەند بنکەیەکی سەربازیی لە عێراقدا هەیە لە چوارچێوەی پاراستنی باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکەی و هەروەها هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی دژی داعش. بەپێی دانپێدانانی هەندێ لە بەرپرسانی عێراقیش، دەستوەردانی ئەمەریکییەکان زیاتر لەپاش هەڵبژاردنەکانە و بەدیاریکراوییش بۆ دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانە[1]. سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانیش، سیاسەتی ڕاگەیەنراوی ئەمەریکا بریتییە لە پاڵپشتیکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە ئامانجی ئەوەی پرۆسەیەکی "گشتگیر و خاوەن متمانە" لە عێراق بەڕێوە بچێت، لە هەمان کاتدا پێشی وایە ئامادەکاری بۆ ژینگەیەکی لەباری هەڵبژاردن بەبێ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرووپە چەکدارانە ناکرێت کە ئێران پشتیوانیی دارایی و لۆجستییان دەکات، بە دیدی ئەمەریکا ئەو گرووپە پاشکۆیانەی ئێران "زیاتر کار بۆ تێکدان دەکەن"، لە سایەی بڵاوبوونەوە و چالاکیی ئەو هێزە سەربازییانەشدا خەڵك متمانەیان بە پرۆسەکە نامێنێت و هەر ئەوانیش دەبنە هۆی بێبەشبوونی عێراق لە کۆمەك و پاڵپشتیی دەرەکی[2]. پێداگریی ئەمەریکا لەسەر دوورخستنەوەی هەژموونی ئێرانی بەسەر هەڵبژاردنەکانەوە، وەك بەشێك لە سیاسەت و بەرنامەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تەماشا دەکرێت بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەیەکی هەمیشەیی لە عێراق، چ لە ڕێگای ڕێککەوتنی درێژمەودا بێت لەگەڵ حکومەتی عێراق یان دروستکردنی بنکەی چاودێری و سەربازی بە

مەبەستی مانەوەی باڵادەستی بەسەر وڵاتانی دەوروبەر، ئیتر چ پارێزگاری بێت لەو هێزانەی لە سووریا جێگیری کردوون، یان مسۆگەرکردنی ئاسایشی زیاتر بۆ ئیسرائیل یان بێزارکردن و چاودێریکردنی ئێران کە ڕکابەری سەرەکیی ئەمەریکایە لە ناوچەکە[٣].

هیچ ئاماژە و دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی ئەمەریکی لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لەبەردەست لایەنگرانی ئێراندا نییە کە هەمیشە بە گومان و تۆمەت تەماشای ئەمەریکا دەکەن، بەڵام ئەوان ساڵانێکە باس لەوە دەکەن ئەمەریکییەکان بە ڕێگای ناڕاستەوخۆ و بە هۆی ڕێکخراو و ئۆرگانی ناحکومییەوە کاریگەری لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان دروست دەکەن، هەروەها پێیان وایە ئەرکی دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا و وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پنتاگۆن) سەرپەرشتی دەکرێت کە پەیوەندیدارن بە دۆسیەی عێراق[٤]. جگە لەوەش، هەندێ لە شیعەکان باسیان لەوە کردووە ئەمەریکییەکان لە هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکیدان لەناو شیعەکان، هەروەها هەوڵی یەکخستنی کورد و سوننە دەدەن لە دژیان و لە هەڵبژاردنەکانیشدا پاڵپشتیی هەندێ ڕەوت دەکەن کە ڕکابەر و دژی شیعەکانن[٥].

لەپاش هەڵبژاردنی ٢٠١٨ کە هێزە شیعەکانی دۆستی ئێران پێگە و کاریگەرییە سەربازییەکەی دوای شەڕی داعشیان گۆڕی بۆ کورسیی پەرلەمانی و پلەی دووەمیان لەپاش هاوپەیمانێتییەکەی سەدر بەدەست هێنا (هاوپەیمانێتیی فەتح - ٤٧ کورسی)، ئەمەریکییەکان ڤیتۆیان لەبەردەم هەندێك لە پاڵێوراوەکانیان دانا، ئەو کەسایەتییانەش زیاتر هادی عامری و فالح فەیاز بوون کە خواست و برێك چانسیشان هەبوو. هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمەریکییەکان مەبەستیان بوو کەسێك پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت کە ئەگەر مانەوەی ئەمەریکاش لە عێراق مسۆگەر نەکات، ئەوە سەر بە بلۆکی ئێرانی نەبێت و هەراسانیان نەکات، چونکە دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا ئامانجی هەرە سەرەکیی ئێرانە، بەتایبەت پاش کوشتنی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠[٦].

ئەم هاوکێشە ئەمەریکییەی کە لەپاش هەڵبژاردنی ٢٠١٨ سیماکانی دەرکەوت، بۆ هەڵبژاردنی (٢٠٢١)یش هەروەك خۆیەتی و لە ئێستاشدا جگە لە پێداگریی زۆرینەی شیعە بۆ کردنەدەرەوەی سوپای ئەمەریکا لە ڕێگای دەرکردنی بڕیارێکی تاکلایەنەی پەرلەمانی عێراقەوە[٧]، داواکاریی کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بەلای شیعە وەلائییەکانی دۆستی ئێران و هێزە سیاسییەکانی دۆستی تارانەوە لە ڕیزی یەکەمی بانگەشەکانی هەڵبژاردندایە، نەك هەر هێزە وەلائییەکانیش، بەڵکوو ئەو هێزە سیاسییە شیعانەشی ڕاستەوخۆ لەسەر

میحوه‌ری ئێرانی ئه‌ژمار نین (سه‌درییه‌کان و ڕه‌وته‌که‌ی حه‌کیم) به‌ هه‌مان شێوه‌ داواکاریی کشانه‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکایان هه‌یه‌ له‌ عێراق. بۆیه‌ جگه‌ له‌ هێزه‌ کوردییه‌کان و هێزه‌ سوننه‌کانیش، جۆرێك له‌ کۆده‌نگیی شیعی له‌و باره‌یه‌وه‌ هه‌یه‌ و ئه‌مه‌ش له‌ چه‌ندین بۆنه‌ و به‌ چه‌ندین هه‌ڵوێست گوزارشتی لێ کراوه‌[٨]، ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌مه‌ریکییه‌کان جێگه‌ی بایه‌خ و گرنگیدانه‌ له‌ نه‌خشه‌ی داهاتووی هێز له‌ناو په‌رله‌مانی عێراق.

کاری حیزبه‌ سیاسییه‌کان و ده‌سته‌به‌رکردنی چاودێرییه‌کی نێوده‌وڵه‌تی بۆ هه‌ڵبژاردنه‌کان. به‌ بۆچوونی ئه‌و ناوه‌ندانه‌ش، ئه‌م هه‌نگاوانه‌ ده‌بنه‌ هۆی ده‌سته‌به‌رکردنی گۆڕانکارییه‌کی نه‌رم و دوور له‌ توندوتیژی له‌ عێراق[٩].

به‌ پێچه‌وانه‌ی بانگه‌شه‌ی ئێرانییه‌وه‌ بۆ ده‌ستوه‌ردانی ئه‌مه‌ریکا له‌ هه‌ڵبژاردن و کاروباری عێراق، هه‌ندێك له‌ عێراقییه‌ لیبراڵه‌کان سکاڵا و کێشه‌ی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ گرنیگدانی واشنتۆن و به‌رنامه‌ی ئه‌مه‌ریکا

> **کارکردنی ئه‌مه‌ریکا بۆ هه‌ڵبژاردنێکی خاوه‌ن متمانه‌؛ هانده‌ر ده‌بێت بۆ به‌شداریکردنی ژماره‌یه‌کی زیاتر له‌ خه‌ڵک له‌ پڕۆسه‌ی ده‌نگدان و پێکهێنانی حکومه‌تێک که‌ زیاتر ڕه‌نگدانه‌وه‌ی خواستی خه‌ڵکی عێراق بێت**

سه‌رباری کۆده‌نگیی شیعی بۆ ده‌رکردنی هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا، وا ده‌رده‌که‌وێت ده‌سته‌بژێری ئه‌مه‌ریکا به‌ته‌واوی هیوابڕاو نه‌بن له‌ پێکهاته‌ی شیعه‌، چونکه‌ هه‌ندێك له‌وانه‌ی له‌ سه‌رچاوه‌ی بڕیاره‌وه‌ نزیکن له‌ واشنتۆن، هانی ده‌سه‌ڵاتدارانی کۆشکی سپی ده‌ده‌ن پاڵپشتی له‌ نه‌وه‌ی نوێی شیعه‌ و خه‌ڵکانی میانڕه‌وی ناو ئه‌م پێکهاته‌یه‌ بکه‌ن له‌ هه‌ڵبژاردنی ئۆکتۆبه‌ری ٢٠٢١، پێشنیاری ئه‌وه‌شیان کردووه‌ ئه‌مه‌ریکا زه‌مینه‌ خۆش بکات بۆ یاسای نوێی هه‌ڵبژاردن، له‌گه‌ڵ جێبه‌جێکردنی یاسای نوێی ڕێکخستنی

بۆ عێراق زۆر ناڕوون و ته‌مومژاوییه‌، له‌ کاتێکدا ئه‌م وڵاته‌ خه‌رجی و قوربانییه‌کی زۆری پێشکه‌ش کردووه‌ به‌ دۆسیه‌ی عێراق، ئه‌م عێراقییانه‌ نیگه‌رانن له‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکا له‌م ساڵانه‌ی دواییدا ده‌ستوه‌ردانی له‌ عێراق کورت کردووه‌ته‌وه‌ بۆ ئه‌و کاتانه‌ی که‌ به‌رژه‌وه‌ندییه‌ ستراتیژییه‌کانی یان سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی بکرێته‌ ئامانج، به‌ڵام له‌ولاوه‌ عێراقی به‌جێ هێشتووه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ببێته‌ گۆڕه‌پانێکی یاریکردنی ئێرانی و په‌لکێشانی نفوز و ده‌سه‌ڵاتی زیاتر بۆ تاران[١٠].

به‌م دواییانه‌ باڵوێزخانه‌ی ئه‌مه‌ریکا

هەندێ جموجووڵیان کرد لە بارەی هەڵبژاردنی پێشوەختە و پرسی چاودێریی نێودەوڵەتی، ئەمەش بووە مایەی هەراسانکردن و تووڕەکردنی لیستە شیعەکان و ئەمەیان بە دەستتێوەردان لە هەڵبژاردنەکان دایە قەڵەم و باسیان لەوە کرد ئەمەریکا بە چاوی ڕق و قینەوە تەماشای هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی ئێستا دەکات[١١].

هەندێ لەو ئامۆژگارییانەشی پێشکەش بە ئیدارەی بایدن کراون لە بارەی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراقەوە، باس لەوە دەکەن ساختەکردنی هەڵبژاردن یان یاریکردن بە ڕێوشوێن ئەنجامدان و ئەنجامەکانی دەنگدان، دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە لەدەست بدات و کارکردنی ئەمەریکاش بۆ هەڵبژاردنێکی خاوەن متمانە؛ هاندەر دەبێت بۆ بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵك لە پڕۆسەی دەنگدان و پێکهێنانی حکومەتێك کە زیاتر ڕەنگدانەوەی خواستی خەڵکی عێراق بێت[١٢].

بەریەککەوتنی ئەمەریکا و ئێران لە دۆسیەی عێراق، تەنها لە بواری هەڵبژاردندا نییە، بەڵکوو پەیوەندیی ئەم دوو وڵاتە زۆر جار بە ئاڵۆز دێتە بەرچاو، چونکە لە ڕکابەری و کێشمەکێشەوە هەندێك جار دەگاتە ئاستی هاوکاری و هەماهەنگی لە هەندێك جومگە، ئەمەش وای کردووە هەندێك ئەو پەیوەندییە بە "هاوسەرگیریی بەزۆر" یان "هاوسەرگیریی بەرژەوەندی" بچووێنن[١٣]، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەپاش ٢٠٠٣، کێشمەکێش و بەریەککەوتن زیاتر زاڵ بووە بەسەریدا، چونکە تاران لە هەوڵدایە لە هەموو جومگەکاندا -بەتایبەت هەڵبژاردن- عێراق لە میحوەری خۆیدا بهێڵێتەوە کە تا بەیرووت درێژ دەبێتەوە، بەرامبەر بەمەش واشنتۆن ئامادە نییە عێراق لەدەست بدات، چونکە لە ئەمەریکا بۆچوونێکی زاڵ و باو هەیە کە ئەمەریکا خەرجی و قوربانیی زۆری داوە لە عێراق و ناکرێت ئێستا بەئاسانی بەجێی بهێڵێت بۆ ئێران.



## ڕۆڵی ئێران

نەك هەر بۆ کایەی هەڵبژاردن، بەڵکوو لە کۆی جومگە هەستیارەکانی عێراق، باوەڕێکی زاڵی ڕۆژئاوایی هەیە کە ئێران سوودمەندی یەکەم بووە لە ڕووخانی سەددام حسێن و بووەتە میراتگری ئەو دەوڵەتە لەرزۆکەی لەدوای ٢٠٠٣ لە عێراق دروست بووە[١٤].

ڕەنگە زەقترین نموونە بۆ هەژموونی ئێران بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق، سەردانی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ی نوێنەری ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ جینین هێنس پلاسخارت (Jeanine Hennis Plasschaert) بێت بە مەبەستی تاوتوێکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق. پلاسخارت لە تاران لەگەڵ عەلی ئەکبەر ویلایەتی؛ ڕاوێژکاری ڕێبەری شۆڕشی ئێران، گفتوگۆی کرد و یونامی ئامانجی سەردانەکەی بە پاڵپشتیکردنی ئۆقرەیی عێراق لێك دایەوە[١٥]، بەڵام چەند پەرلەمانتارێکی سوننە و چالاکی مەدەنی ئەمەیان کردە ڕەخنەیەکی گەورە بەسەر پلاسخارتەوە کە شەرعیەتی داوە بە دەستتێوەردانی ئێران لەو هەڵبژاردنە گرنگەی کە بەڕێوەیە لە وڵات[١٦]. لەو سەردانەدا عەلی ئەکبەر ویلایەتی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقی بە "چارەنووسساز" دابوویە قەڵەم، هەروەها ئامادەیی ئێرانیشی دەربڕیبوو بۆ هاوکاریکردنی ئەنجامدانی[١٧].

سەردانەکەی نێردراوی نێودەوڵەتی لە عێراق بۆ تاران، بەتایبەت لە بارەی هەڵبژاردن، میدیای فەرمیی تورکیای پاڵ نا بپرسن ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان بەفەرمی دانی ناوە بە کوێخایەتی و دەمڕاستیکردنی تاران لە دۆسیەی عێراق[١٨]؟ هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکی تر باسیان لەوە کرد ئەو سەردانەی پلاسخارت سەلمێنەری ئەوەیە تاران نەك لە دۆسیەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، بەڵکوو لە دیاریکردنی چارەنووس و ئایندەی سیاسیی وڵاتیشدا ڕۆڵی سەرەکیی دەبێت و ئەو سەردانەش ئەوەی دەرخست کە ڕێگەدان بە سازکردنی هەڵبژاردن شەش مانگ بەر لە وادەی دیاریکراوی خۆی، یەکێکە لەو کارتانەی ئێران بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکاری دەهێنێت[١٩].

جگە لەم پێشهاتە، باوەڕێکی زاڵ هەیە کە ئێرانییەکان بەچڕی کار لەسەر دۆسیەی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق دەکەن، لە پێناو هێشتنەوەی باڵادەستیی باڵ و گرووپە شوێنکەوتەکانیان لە پڕۆسەی سیاسی، لەم نێوەندەشدا هەندێك ڕاپۆرت باس لەوە دەکەن فەرماندەی نوێی فەیلەقی قودسی ئێرانی؛ ئیسماعیل قائانی، بە مەبەستی یەکخستنی ڕیزەکانی هێزە ئێرانییەکانی عێراق بەنهێنی لە مانگی نیسانی ٢٠٢١دا سەردانی عێراقی کردووە[٢٠]، وردەکاریی ئەم جۆرە سەردانانەش ئەگەرچی پشتڕاستکردنەوەیان ئاسان نییە، بەڵام هەوڵی ئێران بۆ هێشتنەوەی عێراق لە بازنەی سیاسەتە گشتییەکانی تاران و "بەرەی خۆڕاگری" پێویستی بە بەڵگە و شیکاریی زۆر نییە، بەتایبەت لە عێراق جگە لە هاوپەیمانێتیی فەتح (حەشدی شەعبی) کە دووەم لیستی هەڵبژاردن بوون بە ٤٧ کورسییەوە، چەندین باڵی تری سەربازی کە نزیکەی ١٠٠ گرووپ دەبن، ڕاستەوخۆ شوێنکەوتەی تارانن و

فەرمانی ئایینی لە ویلایەتی فەقیهـ وەردەگرن. ئەم گرووپانە لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق (٢٠١١) و دەرکەوتنی داعش (٢٠١٤)، بە پاساوی شەڕی تیرۆرەوە هەموو شەرعیەتێکی کارکردنیان وەرگرتووە[٢١]. ئەم گرووپە چەکدارانە ئامرازێکی گرنگن بەدەست دەسەڵاتدارانی تارانەوە لە ململانێی درێژخایەن لەگەڵ ئەمەریکا و لە چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە. چەکی ئەم گرووپانەش کە زۆر جار بە "چەکی بەرەڵا" (السلاح المنفلت) ناو دەبرێت، بە یەکێك لە گەورەترین ئالنگارییەکانی بەردەم هەڵبژاردنی پێشوەختە تەماشا دەکرێت، بەتایبەت کە ئەو گرووپانە لە هەندێ جومگەدا توانایان لە حکومەت زیاترە و پەیوەستن بە هەندێك گرووپی سیاسییشەوە کە بەشدار دەبن لە هەڵبژاردنەکان. هەندێك لەو نمایشە چەکدارییانەشی بەم دواییانە لەلایەن ئەو گرووپانەوە کراون، وەها لێك دراونەتەوە کە پەیامی هەڵبژاردن بن، هەر لەبەر ئەوە هەندێك لە سوننەکان سەرکەوتن و شکستی هەڵبژاردن پەیوەست دەکەنەوە بە کۆنترۆڵکردنی چەکی ئەو گرووپە ئێرانییانەوە[٢٢]. بەشێك لە لایەنە شیعەکانیش وەکوو نووری مالیکی، پێی وایە بە هۆی فەوزای چەك و مانۆڕی گرووپە چەکدارەکانەوە (ئاماژەیە بۆ باڵە ئێرانییەکان لە چەشنی کەتائیبی حیزبوڵلا و عەسایب)، ڕەنگە هەڵبژاردنی پێشوەختە هەر ئەنجام نەدرێت[٢٣].



## ڕۆڵی تورکیا

گۆڕەپانی کارکردنی تورکیا و وڵاتانی کەنداویش زیاتر ناوچە سوننەنشینەکان و هێزە سوننەکانە. جیاواز لە ئێرانییەکان، تورکەکان جگە لە بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، کار بۆ گشتاندنی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو ناکەن لە عێراق، بەڵکوو لە عێراقدا ئەوەی بەلای ئەوانەوە گرنگە زیاتر ڕێگەگرتنە لە چەکەرەکردنی بیرۆکەی سەربەخۆیی لە کوردستان، بە هۆی لاوازبوونی دەوڵەتی فیدراڵیی (ناوەندی) عێراقەوە. جگە لەوەش، تا ئەوەندەی دەکرێت دەیانەوێت کەڵك لە ئابووریی عێراق وەربگرن بۆ پاڵپشتیکردنی ئابووریی ئەنقەرە، بەو پێیەی عێراق یەکێکە لە بازاڕەکانی ساغکردنەوەی کاڵا و هەناردەی تورکی[٢٤].

تەواوکەریی تورکیا و درێژکراوەی نفوزی ئەم وڵاتە لە عێراق، زیاتر پێکهاتەی تورکمان و بەرەی تورکمانییە کە زیاتر ئەنقەرە بە پایتەختی بڕیاری سیاسیی خۆیان دەزانن، هەروەها تورکیا پاراستن و سەرپەرشتیکردنیان بە ئەرکی خۆی دەزانێت[٢٥].

له‌ میانه‌ی ئاماده‌کارییه‌کانی هه‌ڵبژاردنی پێشوه‌خته‌شدا، به‌ره‌ی تورکمانی ئه‌رشه‌د ساڵحی؛ سه‌رۆکی به‌ره‌که‌ی گۆڕی به‌ حه‌سه‌ن تۆران، ئاماژه‌کانیش له‌سه‌ر ئه‌وه‌ن که‌ تورکیا ئه‌رشه‌د ساڵحی له‌ پۆسته‌که‌ی لا دابێت و هۆکاره‌که‌شی بۆ ئه‌وه‌ بگه‌ڕێته‌وه‌ که‌ ساڵحی په‌یوه‌ندییه‌کی خراپی له‌گه‌ڵ هه‌رێمی کوردستان و هه‌ندێ پێکهاته‌ی تورکمانی هه‌بێت. جگه‌ له‌مه‌ش، له‌ سایه‌ی یاسای نوێی هه‌ڵبژاردن تورکیا، پێویستی به‌ ئاشتکردنه‌وه‌ی سه‌رجه‌م حیزب و گرووپه‌ تورکمانییه‌کان هه‌یه‌[٢٦]، به‌تایبه‌ت له‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌ی ٣ کورسییه‌که‌ی که‌رکووك به‌ده‌ست بهێننه‌وه‌، چونکه‌ هه‌ندێ له‌ حیزبه‌کانی وه‌ك تورکمان ئیلی -ریاز ساری که‌هیه‌ و وه‌قفی تورکمانی توران که‌تانه‌ له‌ سیاسه‌ته‌کانی ساڵحی ناڕازی بوون[٢٧]، ئه‌مه‌ش له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی تورکیا نییه‌ که‌ ده‌یه‌وێت تورکمانه‌کان له‌ هه‌ڵبژاردنی داهاتوودا تووشی پاشه‌کشه‌ نه‌یه‌ن.

له‌ ده‌ره‌وه‌ی به‌ره‌ی تورکمانی، تورکیا هه‌ندێ لایه‌نگر و ته‌واوکه‌ری له‌ناو عه‌ره‌بی سوننه‌ هه‌یه‌، له‌وانه‌ش بنه‌ماڵه‌ی نوجێفی که‌ پێگه‌ و بنکه‌یان له‌ نه‌ینه‌وایه‌ و له‌ زۆربه‌ی هه‌ڵوێست و جموجووڵه‌کانیاندا به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی تورکیا له‌به‌رچاو ده‌گرن. جگه‌ له‌وه‌ش، تورکیا له‌ ساڵانی پێشوودا سه‌رپه‌رشتیی هه‌ندێ کۆبوونه‌وه‌ی سوننه‌کانی کردووه‌ و له‌ ساڵی ٢٠١٧دا له‌ ئه‌نقه‌ره‌ هاوپه‌یمانێتییه‌کی بۆ پێك هێنان به‌ ناوی "هێزه‌ عێراقییه‌کان"ه‌وه‌، ئه‌مه‌ش کاردانه‌وه‌ی هه‌ندێك له‌ شیعه‌کانی گه‌یانده‌ ئه‌وه‌ی داوای دادگاییکردنی به‌شدارانی ئه‌و کۆنگره‌یه‌ بکه‌ن به‌ تۆمه‌تی پلانگێڕیی ده‌ره‌کی له‌ دژی عێراق[٢٨]. هه‌ر به‌م هۆیه‌شه‌وه‌ هه‌ندێ له‌ هێزه‌کانی عه‌ره‌بی سوننه‌ به‌تایبه‌ت بنه‌ماڵه‌ی نوجێفی، وه‌ك بریکاری تورکیا ته‌ماشا ده‌کرێن له‌ عێراق. جگه‌ له‌وانیش، خه‌ڵکانی وه‌ك خه‌میس خه‌نجه‌ر په‌یوه‌ندیی ئابووریی به‌هێزیان له‌گه‌ڵ وه‌به‌رهێنه‌ره‌ تورکه‌کان هه‌یه‌ و له‌ هه‌مان کاتیشدا خه‌ونی ڕێبه‌رایه‌تیکردنی سوننه‌ی عێراق[٢٩].



## وڵاتانی كه‌نداو

له‌ وڵاتانی که‌نداو، عه‌ره‌بستانی سعودی و پاشان کوێت، له‌وانی تر زیاتر په‌یوه‌ندیدارن به‌ دۆسیه‌ی عێراقه‌وه‌ و ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌کانیه‌وه‌، له‌ لایه‌ك به‌ هۆی هاوسنوورییه‌وه‌ و له‌ لایه‌کی تره‌وه‌ به‌ هۆی درێژبوونه‌وه‌ی مه‌زهه‌بی پێکهاته‌ی شیعه‌ بۆ ناو خاکی هه‌ردوولایان. جگه‌ له‌ مه‌ترسیی ئێران و باڵه‌کانی و گه‌وره‌بوونی قه‌باره‌ی میلیشیا و نائارامیی سه‌رسنووره‌کان به‌ ده‌ستی گرووپه‌ ئێرانییه‌کان، سعودییه‌کان کێشه‌ی په‌لکێشان و فراوانبوونی کاریگه‌ریی

تورکیاشیان هەیە وەك ڕکابەرێکی سوننە لەناو عێراقدا کە ژمارەیەك گرووپ و هێزی عەرەبی سوننەی لێ کۆبووەتەوە[٣٠].

جگە لە سعودیە، وڵاتانی تری کەنداو لە ڕێگای ڕێککەوتنی ئابووری و پەیوەستکردنی هێڵی کارەبای عێراق بە کەنداوەوە، لەگەڵ گرنگیدان بە وەزیرانی ئێستا؛ مستەفا کازمی، خوازیاری ئەوەن هێندەی دەکرێت عێراق لە چنگی ئێران دەربهێنن. هەندێکیش پێیان وایە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران لەلایەن کازمییەوە کە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ سەرکردەکانی سعودیە و ئیمارات هەیە، دەرفەتە بۆ ئەو وڵاتانە کە لە دەرگای ئابوورییەوە بەبەهێزی بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەتایبەت پاش ئەوەی کازمی دەروازەی عەرعەری لەگەڵ عەرەبستانی سعودی کردەوە و پاش زنجیرەیەك پێشوازی لە شاندەکانی کەنداو؛ سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد و ستایشی زۆری ئەم وڵاتانەی کرد و دەرگاکانی عێراقی بە ڕووی کۆمپانیاکانیاندا کردەوە و لەسەر ئەم کرانەوەیەش ستایش و پاڵپشتیی موقتەدا سەدری بەدەست هێنا[٣١]. هەندێکی تریش بەگومانن لەوەی بتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن پاش ئەوەی ئێران توانیویەتی لە کایەی ئەمنی، مەزهەبی، کولتووری و ئابوورییشدا هەنگاوی زۆر گەورە لە عێراقدا ببڕێت و زۆربەی ئەو کایانە بۆ خۆی یەکلایی بکاتەوە[٣٢].

وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی کازمی، فوئاد حسێن، لە پێشوازیی شاندێکی گەورەی کەنداودا بە سەرۆکایەتیی ئەمینداری گشتیی کۆمەڵەی وڵاتانی کەنداو، ئەیشاردەوە جگە لە پرۆژە ئابوورییەکان، یەکێك لە تەوەرەکانی گفتوگۆکانیان هەڵبژاردنی پێشوەختە و ڕێگاکانی پاڵپشتیکردنی ئەو وڵاتانە بووە بۆ ئەم پرۆسەیە[٣٣]، بەڵام ئەزموونی سەرجەم هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ئەوە دەردەخەن لیست و پاڵێوراوە پاڵپشتیکراوەکان لە کەنداو چانسی گەیشتنیان بە پەرلەمان لاوازە و تەنها بژاردەی گونجاویش بۆ وڵاتانی کەنداو، پاڵپشتیکردنی میانڕەوە شیعەکان و سەرۆکایەتیی وەزیرانی لە چەشنی کازمی و پێشتریش عەبادییە کە گرێ و کێشەی ئایدۆلۆژییان نەبێت لەگەڵ سعودیە و ئیمارات و بەگرنگییەوە لە هاوسەنگیی هێز و کرانەوە بە ڕووی وڵاتانی عەرەبی بڕوانن.

## سیناریۆ ئایندەییەکان

هەر چەندە هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسیی عێراق و بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانی خۆپیشاندانی تەشرینە، بەڵام پەیوەندیی زۆریشی بە وڵاتانی پەیوەست بە عێراقەوە هەیە، ئاماژەکانیش لەسەر ئەوەن هەریەك لەو لایەنە پەیوەندیدارانەش بەم جۆرە کاریگەری دروست بکەن لەسەر ئەم وێستگە گرنگە:

ئەمەریکا: هەوڵی مسۆگەرکردنی چاودێریی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن دەدات لەگەڵ پاڵپشتیکردنی پرۆسەکە، بەهیوای ئەوەی گۆڕانکارییەك لە پرۆسەی سیاسی دروست بکات و حکومەتێکی لێ بەرهەم بێت کە جێگەی ڕەزامەندیی زیاتری خەڵك بێت، بەڵام ئەمە هەر وا کارێکی ئاسان نییە.

ئێران: جگە لە هەڵمەتی میدیایی و مەزهەبی و جووڵاندنی باڵەکانی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و یەکخستنی ڕیزەکانیان، لە ڕێگای گرووپە چەکدارەکانیەوە توانای یەکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەیە و بەشی زۆری سەرکەوتن و شکستی پرۆسەکە لەسەر خواستی ئێرانییەکان وەستاوە.

تورکیا: هەوڵی ڕێکخستنی تورکمانەکان دەدات لەگەڵ مسۆگەرکردنی پاراستنی دەستکەوتەکانیان لەگەڵ پاڵپشتیکردن لەو هێزانەی عەرەبی سوننە کە هاوپەیمانی ئەنقەرەن، ئەمەش لە پێناو بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییەکانی کە پاراستنی یەکپارچەیی عێراق پانتاییەکی گەورەی پێك دەهێنێت.

وڵاتانی کەنداو: لە ڕێگەی گرنگیدانی زۆر بە مستەفا کازمی و بەرنامەی میانڕەوانەی حکومەتەکەیەوە هەوڵ دەدەن لەو جۆرە هێزە سیاسییانە پارێزگاری لە پێگەی جەماوەریی خۆیان بکەن وەك بژاردەی باشتر لە هێزە ئایدۆلۆژییەکانی سەر بە تاران.

لەسەر ئاستی شەقامی عێراقی ترس و دڵەڕاوکێی زۆر هەیە لە ساختەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و باوەڕێکی زاڵیش هەیە تەکنیکی تەزویر دەرەکی و ڕێکخراوە و لە توانای هێزە لۆکاڵەکاندا نییە وەك ئەوەی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ ڕووی دا، ئەمە جگە لە پاڵپشتیی دارایی وڵاتانی دەرەکی (پارەی سیاسی) بۆ پێشخستنی هەندێك هێز و لایەن بەسەر ئەوانی تردا.

**سەرچاوەکان:**

(1) علي حسين (18/4/2021)، دراما الفياض، https://almadapaper.net/view.php?cat=235778 (متاح: 18/4/2021).

(2) اندبندنت عربية (17/2/2021)، أميركا لمجلس الأمن: يجب مواجهة تدخل إيران قبل انتخابات العراق، https://bit.ly/32dAGNm (الزيارة: 12/4/2021).

(3) بڕوانە: حنان صبحي (24/6/2020)، الصراع الاقليمي ودوره في زعزعة الأمن القومي العراقي، https://democraticac.de/?p=67507 (الزيارة: 13/4/2021).

(4) شبكة النهرين نت (14/3/2021)، السفير الايراني السابق في العراق : "السي أي ايه CIA " و "البنتاغون " يعملان على التدخل في الانتخابات العراقية، https://bit.ly/3e4DVfY (متاح: 13/4/2021).

(5) آفاق (24/4/2018)، ما هي خطط

واشنطن للتدخل في الانتخابات العراقية ؟! ...، http://afaq.tv/articles/view/details?id=1575 (متاح: 13/4/2021).

(6) أحمد عدنان الميالي (21/1/2021) التدخلات الخارجية في العراق بعد انتخابات ٢٠١٨ وفروض المواجهة، https://annabaa.org/arabic/authorsarticles/18008 (متاح: 10/4/2021)؛ على حسين، مصدر سابق.

(7) الجزيرة نت (5/1/2020)، البرلمان العراقي يصدق على قرار يلزم بإخراج القوات الأجنبية، https://bit.ly/2RzRe0l (متاح: 10/4/2021).

(8) شفق نيوز (11/6/2020)، عشية الحوار العراقي الأميركي.. إجماع للقوى الشيعية على سحب القوات الأجنبية، https://bit.ly/32auVQU (متاح: 10/4/2021).

(9) مايكل نايتس (12/11/2019)، المصالح الأميركية والوضع الراهن غير المستدام في العراق، https://bit.ly/328JmEK، (متاح: 13/4/2021).

(10) مثال الالوسي (24/9/2018)، دور الولايات المتحدة في تحديد مستقبل العراق، https://bit.ly/3g8cHrg (متاح: 13/4/2021).

(11) موازين نيوز (24/3/2021)، منتقدا تدخل تولر بمسألة الانتخابات.. نائب: لا أعلم هل هو سفير أميركا أم رئيس العراق؟، https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=146786

(12) بلال وهاب (1/4/2021)، تذليل عقبة أخرى قبل إجراء الانتخابات العراقية، https://bit.ly/3dgSs8R (متاح: 14/4/2021).

(13) DW (28/9/2018)، تشكيل الحكومة يؤجج "الصراع" الأمريكي-الإيراني على العراق، https://bit.ly/3dbVBXy (متاح: 11/4/2021).

(14) مايكل آيزنشتات و مايكل نايتس (5/12/2020)، المعركة على الموصل والنفوذ الإيراني في المنطقة، https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/the-battle-for-mosul-and-irans-regional-reach (متاح: 16/4/2021).

(15) ناس نيوز (1/2/2021)، بعثة ‘يونامي‘ تصدر بيانا بشأن زيارة بلاسخارت إلى إيران، https://www.nasnews.com/view.php?cat=51721 (متاح: 14/4/2021).

(16) العربي الجديد (1/2/2021)، غضب عراقي بسبب مناقشة المندوبة الأممية ملف الانتخابات مع إيران، https://bit.ly/32bq4Pf (تاريخ الزيارة: 14/4/2021).

(17) قناة العالم (31/1/2021)، ولايتي يستقبل بلاسخارت في طهران وهذا ما دار بينهما..، https://bit.ly/3wREjXr (متاح: 10/4/2021).

(18) قناة TRT عربي (9/2/2021)، هل تعترف الأمم المتحدة ضمناً بوصاية إيران على العراق؟، https://bit.ly/3a7I69v (متاح: 11/4/2021).

(19) القدس العربي (6/2/2021)، الأمم المتحدة تطيح بآخر آمال العراقيين بانتخابات

نزيهة ومستقبل أفضل، https://bit.ly/32fclXz (متاح: 14/4/2021).

(20) صحيفة العرب (8/4/2021)، قاآني في بغداد لتوحيد الميليشيات حول الانتخابات واستهداف الوجود الأميركي، https://bit.ly/3e-1HFi2 (متاح: 11/4/2021)

(21) فيليب سميث (5/2019)، مشروع إعداد خارطة مواقع انتشار الميليشيات الشيعية، https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/the-shia-militia-mapping-project (متاح: 6/7/2020).

(22) العربي الجديد (18/2/2021)، خلية خاصة لتأمين الانتخابات العراقية مع مساعٍ لتحصينها من المليشيات، https://bit.ly/3sgEdoX (متاح: 14/4/2021).

(23) الشرقية نيوز (16/4/2021)، نوري المالكي: السلاح الذي يستعرض به في الشارع لا يمثل المقاومة، https://bit.ly/2RHSkXN (متاح: 16/4/2021).

(24) محمد افندى أوغلو و حفصة جودة: الانتخابات العراقيه والدور الاقليمي والدولى (8/5/2018) https://www.noonpost.com/content/23205 (متاح: 15/4/2018).

(25) محمود أمين (1/2/2020)، تركيا وتدخلاتها في العراق... ما هي أدوات أنقرة الفاعلة في بغداد؟، https://bit.ly/3eno0cP (متاح: 16/4/2021).

(26) عماد أبو الروس (1/4/2021) حراك لـ"الجبهة التركمانية" بالعراق.. ما علاقة أنقرة؟، https://bit.ly/3sv4obK (متاح: 16/4/2021).

(27) زريان رۆژهەڵاتی (8/4/2003)، هەرێمی کوردستان و"وازهێنانەکەی" ئەرشەد ساڵحی لە سەرۆکایەتی بەرەی تورکمانی، https://bit.ly/3uOpvac (متاح: 15/4/2021).

(28) الخليج أون لاين (13/3/2017)، مؤتمر أنقرة لسنة العراق.. تباين في المواقف وغموض في النتائج، https://bit.ly/3tnUj1q (متاح: 16/4/2021).

(29) علي ناجي (17/5/2018)، تركيا ودورها بالانتخابات العراقية لضمان تمددها السياسي والعسكري، http://www.nlka.net/news/details/608

(30) محمد أوغلو و حفصة جودة، مصدر سابق

(31) ميدل إيست أون لاين (4/4/2021)، الكاظمي في الإمارات بعد السعودية بحثا عن حزام دعم خليجي، https://bit.ly/3xbpqzE (متاح: 16/4/2021).


(32) نشوى الحفني (3/2/2021)، بزيارة الوفد الخليجي لـ"بغداد" .. هل تستطيع دول الخليج إنتزاع العراق من بين أنياب "إيران" ؟، https://bit.ly/3uUWb28 (متاح: 16 نيسان، 2021).

(33) DW عربي (1/2/2021) هل تأتي العلاقات الخليجية-العراقية على حساب إيران؟، https://bit.ly/3uRGjNI (متاح: 16/4/2021).

# لامەرکەزیەتی پارێزگاکان، تەگەرە یاساییەکان و دەرفەتەکانی چەسپاندنی



هۆگر ئیبراهیم حەکیم مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین



## بەرایی

پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، وابەستەی کۆی ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەیە کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا ڕوویان داوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە هاوکێشەی هێز و هاوسەنگیی نێوان لایەنە سیاسییەکان، کە زۆر جار ئەم هاوسەنگی و هاوکێشانە بوونەتە زادەی هێنانەکایەی چەندین یاسا و ڕەنگڕێژکردنی سیستمی سیاسی بە شێوە بەرفراوانەکەی و سیستمی کارگێڕی و دارایی بە شێوە بەرتەسکەکەی. لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و برەودان بە بیرۆکەی لامەرکەزی بە ڕەهەندە دیموکراسییەکەیەوە، بە پلەی یەکەم پرۆژەی ئەو هێزانە بوو کە ئامانجیان بەدیموکراتیزەکردنی سیستم و کۆمەڵگەی عێراقی بوو، بەڵام کورتبینی لە خوێندنەوەی واقعی سیاسی و کارگێڕی و دارایی و کۆمەڵایەتیی عێراق، ئەم پرۆژەیە ئامانجەکانی خۆی نەپێکا و دەرەنجامی پێچەوانەی لەسەر ئەرزی واقع دروست کرد. بەڵام هزری لامەرکەزیەت و قبووڵنەکردنی ناوەند بووە بەشێك لە زەینی هەموو گرووپ و دامەرزاوە خۆجێییەکان، بۆ لەقاڵبدانی حاڵەتەکەش؛ دەستووری عێراق ئەمەی ڕێك خستووە تا چیتر لامەرکەزیەت سەرەڕای سوودە دیموکراسییەکانی، پەرتەوازەیی زیاتر دروست نەکات، هەر لەبەر ئەمەش بوو ئاستەکانی لامەرکەزیەت لە دەستووری عێراق بەڕوونی دەستنیشان کران، کە لە ئاستە فراوانەکەی دەست پێ دەکات کە لامەرکەزیەتی سیاسییە، بۆ ئاستە نزمەکەی کە لامەرکەزیەتی کارگێڕییە (الرحال, كمونة: ١٩٥٣)، بەڵام بە ڕەچاوکردنی سیستمی ئابووریی عێراق (کە بە دەوڵەتی ڕانتی هەژمار دەکرێت)، ڕێگری کرا کە ئەم دوو جۆرەی لامەرکەزی سەر بکێشێ بۆ لامەرکەزیەتی دارایی.

لامەرکەزیەتی کارگێڕی بەر لەوەی سیستم بێت؛ کولتوورە، بۆیە ئەگەر زەمینەی ئەم کولتوورە لە واقع بوونی نەبوو، ئەو کاتەی دەکرێتە سیستم، سیستمێکی نامۆ بە واقع دروست دەکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە بەر لەوەی دەست بۆ لامەرکەزیەت ببەی وەك ڕێگەچارەیەکی دیموکراسی، پێویستە سەیری ئەو زەمینە بکەی کە دەتەوێ لامەرکەزییەکەی لەسەر بنیات بنرێ (فريدة: ٢٠٠٥). لامەرکەزیەت بە سروشتە دیموکراسییەکەوە ئەگەرچی دیموکراسیەتە لەسەر ئەرزی واقع، لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەیەکیشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی کیانە سیاسییەکان. لە جیهاندا دەیان وڵاتی فیدراڵیمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان وڵاتمان هەیە کار بە لامەرکەزیی کارگێڕی و لامەرکەزیی دارایی دەکەن (الشمري: ٢٠٠٣)، بەڵام ئەزموون و

شێوازی پیادەکردنی هیچ یەکێك لەو وڵاتانە بە یەکتر ناچێت، بەڵکوو ئەوەی کراوەتە بناغە بۆ پەیڕەوکردنی بیرۆکەی لامەرکەزی لە حوکمڕانی، خودی واقعی سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتیی ئەو کیانەیە کە ئامانجیەتی لە ڕێگەی لامەرکەزیەتەوە بگاتە پایە دیموکراسییەکان لە حوکمڕانی (الفتلاوي: ٢٠١٣). بەڵام بە خوێندنەوەی کۆی گوتاری لامەرکەزیەت، لە هەرێمی کوردستان ئەو تێگەیشتنەت بۆ دروست نابێت کە بەم گوتارە بیر لە لامەرکەزیەت کرابێتەوە، بە شێوەیەك کە ناتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە ئەمە هەوڵێك بێت بۆ گەیشتن بە پایە دیموکراسییەکانی حوکمڕانی لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی لامەرکەزیەتی کارگێڕییەوە.

دەستکاریکردنی هەموو ئەو پرەنسیپانەی کە بە هۆیەوە شێوازی کارکردنی سیستمی سیاسی و کارگێڕیی یەکە سیاسییەکان دەگۆڕێت، بەر لە هەر شتێک پرسێکی دەستوورییە، ئینجا یاسایی و سیاسی و کارگێڕییە (محمود: ٢٠١٣)، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەستوور نییە، بۆیە یاسا بەرکارەکان و دەسەڵاتەکانی تایبەتمەند بە داڕشتنی یاسا؛ بەم کارە هەڵدەستن، هەر کارێک لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە دەچێتە خانەی بازدانی یاساییەوە کە دەکرێ دواتر دەسەڵاتی یاسادانان بە هێنانەکایەی یاسایەکی تازەوە سەرلەبەری ئەم گۆڕانکارییانە بگۆڕێتەوە.

ئەوەی لەم پرۆژانەدا شوێنی تێڕامانە، سەیرکردنی لامەرکەزیەتە لە یەك ڕەهەندەوە، بە شێوەیەك کە واقعی ناوچەیەکی دیاریکراو لە هەرێمی کوردستان کراوەتە نموونە و هەوڵ دراوە گشتاندنیان بۆ بکرێت.

## لامەرکەزیەت لەنێوان دەرفەتو هەڕەشەدا

هەموو ئەو سیستمانەی پەیوەستن بە حوکمڕانییەوە، لەبەردەم دوو ئەگەردان: یان ئەوەتا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئەرزی واقع دروست دەکات، یانیش دەبنە مایەی زیان بۆ ئەو کۆمەڵگە و کیانەی هەوڵی پەیڕەوکردنی دەدەن (رشيد: ٢٠١٠) (الفهداوي: ٢٠٠٥).

بەرجەستەکردنی لامەرکەزیەت وەك شێوازی حوکمکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، چەند سوودێکی هەیە کە بریتین لە (الشمري: ٢٠١٣):

١. دابەشکردنی بەرپرسیارێتی بەسەر زیاتر لە یەك ئاست. هەروەها بچووککردنەوەی دەزگا حکومییەکان بۆ یەکەی بچووکتر، بۆ ئەوەی توانای وەڵامدانەوەی باشتری داواکارییەکانی خەڵکی هەبێت (هماوندي: ٢٠٠١).

٢. خێرایی و ڕانەوەستان لە پرۆسەی بڕیاردان و بڕیارەکان زیاتر لە خەڵك نزيك دەبێت.

٣.	کەمکردنەوەی کەموکورتییەکانی حکومەت.

٤.	لامەرکەزیەت یەکێك لە پێویستییەکانی دیموکراتییە، بۆیە یەکێك لە سوودەکانی ئەوەیە ڕێگەخۆشکەرە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی بەوەی ڕێگە بە خەڵك دەدات خۆی بەشدار بێ لە بەڕێوەبردنی کارەکانی. دیموکراتیەتی سیاسی تەواو نابێ، ئەگەر دیموکراتیەتێکی لۆکاڵیی لەگەڵ نەبێ.

سەرەڕای لایەنە باشەکانی، لامەرکەزیەت دەشێ هەندێ لایەنی خراپیشی تێدا بێت، بەتایبەت لەو بوارانەی خوارەوە (ابراهیم: ٢٠١٣) (الطعامنة: ٢٠١٣):

١-	بوونی تێهەڵچوون (التداخل) لە پسپۆڕییەکان و ناڕوونی لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتە لۆکاڵییەکان کە دەبێتە هۆی کەمبوونی توانای کارکردنی حکومەت. هەر لەبەر ئەمەیە زۆر جار لامەرکەزیەت بە چاودێری سنووردار دەکرێت، بۆ ئەوەی سیستمی کارگێڕی و دارایی دەوڵەت تووشی پەرتەوازەیی نەبێت.

٢-	دەرکەوتنی سەرکردەی ناوخۆیی کە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە ئیدارەکردنی ئەو ئیدارە لۆکاڵییانە، ئەوەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی. کاتێك لامەرکەزیەت بەم شێوە پەنای بۆ دەبردرێت، سەرکردەی لۆکاڵیی خاوەن هەژموون دروست دەبێت کە گوتاری دوای لامەرکەزیەتی دەبێتە جیاکردنەوەی یەکجاریی ناوچەی هەژموونی خۆی.

٣-	نەبوونی یەکسانی لەنێوان هەیئەتە ناوخۆییەکان، ئەمەش وا دەکات هەندێ ناوچە پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ لە ناوچەکانی دیکە. یەکگرتن کە بناغەی دەوڵەتە، بە هۆی ئەم شێوازە لە پەیڕەوکردنی لامەرکەزیەت لەناو دەچێت، کە ئەمەش دەوڵەت وەك کیانێکی یەکگرتوو دەخاتە مەترسییەوە. سروشتی جوگرافیی کیانە سیاسییەکان وایە کە ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر دەوڵەمەندترە، بەڵام دەوڵەمەندبوونی سروشتە جوگرافییەکەت شەرعیەتی ئەوەت پێ نادات کە بکرێتە سەرچاوەیەك بۆ قۆرخکردنی سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت.

٤-	لامەرکەزیەت وەك گرەنتییەکە بۆ مانەوەی ناوچە جیاوازەکان لەگەڵ یەك، هەر کاتێك نەیتوانی ببێتە ئەم گرەنتییە، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێتە پاڵنەری سەرەکیی لێکهەڵوەشانەوەی کیانە سیاسییەکان.

بۆ ئەوەی بتوانرێ شێوازی لامەرکەزیەتی ئیداری بنیات بنرێ، پێویستمان بە بوونی چوار ڕەگەزی سەرەکی دەبێت کە ئەوانیش بریتین لە (Agrawal: ١٩٩٠, Arun and Ribot, Jesse C):

١-	بوونی بەرژەوەندییەکی خۆجێیی تایبەتتر لە بەرژەوەندیی گشتی.

٢- بوونی دەستەیەك کە سەرپەرشتیی ئەو بەرژەوەندییە بکات.

٣- دەستە سەربەخۆ بێت و لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابێت و کەسایەتییەکی مەعنەویی هەبێت.

٤- ئەم دەستەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە چاودێری بکرێت.

## تەوەرەی یەکەم: پرۆژەی لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی

پرۆژەی لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی کە لە چوارچێوەی ئەم گوتارە بە چەندین شێوە هاتووەتە پێشەوە، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خراوەتە بەردەم ڕای گشتی و مێزی مشتومڕی سیاسییەوە، لە چەند بەشێك پێك دێت: پێشەکی، سوودەکانی لامەرکەزیی کارگێڕی و دارایی، هۆکارەکانی ئامادەکردنی پرۆژە، پاڵپشتە یاساییەکان، پاڵنەرە واقعییەکان، پێشنیارەکان، دەسەڵات بۆ پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکان، دەسەڵات بۆ پۆلیس، دەسەڵات بۆ فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان، دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، هەروەها ئەو سێکتەرانەی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتییان نییە. کۆی ئەو بەشانە جگە لەوەی شایەنی هەڵوەستەلەسەرکردنە، لەگەڵ ئەوەشدا شایەنی ئەوەیە خوێندنەوەیەکی جددییان بۆ بکرێت.

## بەربەستەکانی لامەرکەزیەت

### - بەربەستە یاساییەکان

لە یەکێک لە پرۆژەکاندا، پاڵپشتییە یاساییەکان لە چوارچێوەی ١٢ خاڵدا کە وەك پاڵپشتیی یاسایی نیشان دراوە، دەستووری عێراق، یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە، بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم لەو چوارچێوەیەدا خراونەتەڕو. لە کاتێکدا خودی ئەو بڕگانەی ڕیز کراون، بە جۆرێک ڕێگرن لە پرۆژەی لامەرکەزیکردنی کارگێڕی و دارایی سلێمانی، ئەوەندە نابنە پاڵپشت بۆ خودی پرۆژەکە، بە شێوەیەك کە:

**١. دەستووری عێراق**

لە دەستووری عێراقدا، لە بواری ڕێکخستنی سیاسی و کارگێڕییەوە ئەو دەستوورە جەخت لەسەر ئەو ڕیزبەندییە دەکاتەوە کە لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە هەبوو تایبەت بە سێ ئاستەکەی سیستمی فیدراڵی کە ئەویش بریتییە لە (دەسەڵاتی ناوەندی، دەسەڵاتی هەرێمەکان، دەسەڵاتی پارێزگاکان) (دەستووری عێراق - ٢٠٠٥). کەواتە سیستمی سیاسی لە عێراق لە ڕێگەی ئەم دەستوورە دامەرزاوە لەسەر بنەمای دابەشکردنی کلاسیکیی دەسەڵاتەکان،

بۆ ڕێگەگرتن لە چڕبوونەوەی دەسەڵات و بەرەو ستەمکاری چوون. سەرەڕای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، سیستمی سیاسی لە ڕووی جێبەجێکارییەوە دابەش کراوەتە سەر چەند ئاستێك: حکومەتی فیدراڵی (ناوەندی)، حکومەتی هەرێمەکان، حکومەتە خۆجێییەکان (پارێزگاکان)، دەسەڵاتی شارەوانییەکان. هەروەها لەناو پارێزگاکانیش، بۆ کەمینە تایبەتەکان لە (تورکمان، کلدان، ئاشووری و سریان) (عبد: ٢٠١٠). بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەمەش، دەستوورەکە دەروازەی پێنجەمی تەرخان کردووە بەو پرسە کە دابەشی کردووەتە سەر چوار بەش (دەستووری عێراق: ٢٠٠٥): بەشی یەکەمی تەرخان کردووە بۆ هەرێمەکان، بەشی دووەم تایبەت کراوە بەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، بەشی سێیەم ئاماژە بە بەغداد دەکات وەك پایتەختی کۆماری عێراق کە نابێ بکەوێتە چوارچێوەی هیچ هەرێمێك، بەشی چوارەمیش تەرخان کراوە بۆ دیاریکردنی کارگێڕییە خۆجێییەکان.

ڕوونە کە ئەحکامەکانی لامەرکەزیی کارگێڕیی ناو دەستوورەکە، تەنها بۆ ئەو پارێزگایانەیە کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە کاتێك پەرلەمانی عێراق یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەردەکات، بەڕوونی دەنووسێت یاسای ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێك نەخراون (یاسای ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێك ڕێك نەخراون، ژمارە ٢١، ساڵی ٢٠٠٨). بۆیە ئەحکامەکانی لامەرکەزیەتی کارگێڕیی دەستووری عێراق؛ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، وەك چۆن پەرلەمانی کوردستان لەبریی ئەوەی یاسا عێراقییەکە لێرە بەرکار بکات، یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی تایبەت بە خۆی دەرکرد (یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩). هەر چی پەیوەندیی بە کەرکووکیشەوە هەیە، ئەوا بە هۆی ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ هەیە، بەتایبەت مادەی ١٤٠ تا یەکلایینەبووەنەوەی کێشەکانی ناکەوێتە ناو هیچ هەرێمێك (مادەی ١٤٠: دەستووری ٢٠٠٥)، هەروەها ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی یەك هەرێمدا ڕێك خراون. سەبارەت بە ئاستی دەسەڵاتداریی ئەو پارێزگایانەش کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون، جگە لەوەی ئەحکامەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکانیان ئەوەندە فراوان نییە کە لە پڕۆژەی بەلامەرکەزیکردنی سلێمانیدا هاتووە.

**٢. یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣**

لە پرۆژەکەدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە ساڵی ٢٠٠٠، وەك پاڵپشتییەکی یاسایی وێنا کراوە. لە بواری کارگێڕیی خۆجێییدا، پەرلەمان لە ساڵی دووەمی کارکردنیدا یاسایەکی دەرکرد بۆ ڕێکخستنی کاروباری شارەوانییەکان لەناو هەرێمی کوردستان بە ناوی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣. بەپێی ئەم یاسایە، شارەوانییەکان کەسایەتیی مەعنەوییان دەبێت، هەر شارەوانییەك ئەنجوومەنێکی دەبێت کە ژمارەی ئەندامانی لە ٥ ئەندام کەمتر نییە و لە ٢١ ئەندام زیاتر نییە. سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی بە هەڵبژاردنێکی سەربەستی ڕاستەوخۆ و بە دەنگدانی تەواو نهێنییەوە کە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتەوە دەکرێ، لە دانیشتووانی ناوچەی شارەوانییەکە هەڵدەبژێردرێت. ماوەی ئەندامیەتی لەو ئەنجوومەنە، چوار ساڵە لە ڕۆژی دانیشتنی یەکەمەوە. ئەم یاسایەش وەکوو یاسای پارێزگاکان (یاسای پارێزگاکان، ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩)، ڕۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی تێیدا زۆر فراوانە تا ئەو ئاستەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵبوەشێنێتەوە، جگە لەو دەسەڵاتە زۆرەی یاساکە بە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری داوە. وەزارەتی شارەوانی بەشێکی زۆری کارەکانی بە یاسایەکی تایبەت و جیاوازەوە ئەنجام دەدات، بۆیە تێهەڵچوونێکی زۆر لە یاسای کاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لەگەڵ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان دروست دەبوو. کەواتە یاسایەك کە خزمەت بە مەرکەزیەت بکات، ناتوانێ ببێتە پاڵپشتێك بۆ پرۆژەیەکی لامەرکەزی.

**٣. یاسای پارێزگاکان، ژمارە ٣، ساڵی ٢٠٠٩**

ئەم یاسایە دەرچوو بە مەبەستی ڕێکخستنی پسپۆڕێتی و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و کارگێڕییە خۆجێییەکان لە هەرێمی کوردستان، لە پێناو پەرەپێدان و بەدیهێنانی پرەنسیپی لامەرکەزی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و ئاسانکاری و چالاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە هاوڵاتیان و

**ماددەی ١٧ کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی پارێزگار، دەسەڵاتی نەداوەتە پارێزگار کە داوای گۆڕینی سیستمی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵکوو کارەکانی لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ ڕادەپەڕێنێت**

پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکەین و بەراوردی بکەین بە یاسای پارێزگاکانی کە لە هەرێمێکدا رێك نەخراون لەسەر ئاستی عێراق، دەردەکەوێت کە لە ڕووی شێوەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لە ڕووی ناوەرۆکەوە جیاوازییەکانیان دەردەکەوێت، بەتایبەت لە بەراوردکردنی ئەو مادانەی بە ڕەگەزی سەرەکی دادەنرێن لە یاساکەدا لە ڕووی سەربەخۆیی کارگێڕییە خۆجێییەکان، هەروەها لە ڕووی پەیوەندیی دەسەڵاتی ناوەندی و کارگێڕییە خۆجێییەکان کە ئەم پەیوەندییە لە چاودێریکردندا دەردەکەوێت. مادەی شەشی ئەم یاسایە چەندین پسپۆڕی و دەسەڵاتی بە ئەنجوومەنی پارێزگاکان داوە لە چەند بڕگەیەکدا، بەڵام هیچ یەکێك لە بڕگەکان ئەو دەسەڵاتەی پێ نەداوە کە ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتێکی یاسادانانی هەبێت، بەتایبەت لە پرسێك کە پەیوەستە بە سیستمی کارگێڕیی هەرێمی کوردستانەوە. هەروەها لە مادەی (٣١)دا هەمان یاسا هاتووە کە ئەگەر ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە بەرژەوەندیی گشتی و لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم لا بدەن، ئەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە. هەروەها مادەی ١٧ کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی پارێزگار، دەسەڵاتی نەداوەتە پارێزگار کە داوای گۆڕینی سیستمی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵکوو کارەکانی لە چوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆ ڕادەپەڕێنێت. کەواتە مادەکانی ئەم یاسایە، بەتایبەت ئەو مادانەی لە پڕۆژەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە، ناتوانن پاڵپشتی پڕۆژەکە بن، جگە لەوەی سەرتاپای یاساکە خۆی نابێتە پاڵپشت بۆ هیچ جۆرە فۆرمێکی لامەرکەزی، کە ئەمە یەکێکە لەو ئیشکالیەتانەی لە کاتی داڕشتنی یاساکەدا پەرلەمانی کوردستان درکی پێ نەکردووە.

**٤. یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٥**

ئەم یاسایە دەرچوو بە مەبەستی جێبەجێکردن و پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بە تایبەتمەندیی خۆی و لابردنی ڕێگری یاسایی بۆ پێکهێنانی پارێزگاکە بە شێوەیەك کە ببێتە هاندەر بۆ خزمەتکردنی زیاتری دانیشتووانی پارێزگاکە و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی تاوانەکانی جینۆساید. بەگشتی ئەم یاسایە بەدەرە (استثناء)ە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (سۆران: ٢٠١٦)، بەتایبەت کاتێك نووسراوە "مادەکانی دیکەی یاسای پارێزگاکان پیادە دەکرێن و بە بەرکاری دەمێننەوە ئەگەر بەشێکی یان هەمووی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبێت (یاسای ئیدارەی پارێزگا هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە ١ی ساڵی

٢٠١٥). ئەوەی لە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجەدا دیارە، ڕێکخستنی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە لە ڕووی شێوەوە وەکوو یاسای پارێزگاکانە، بەڵام لە ڕووی ئەندامێتی و پسپۆڕێتییەوە بنەماکانی لامەرکەزیەتی ئیداریی لەدەست داوە، بە شێوەیەك کە هیچ سیمایەکی لامەرکەزیەت لە ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا لە ڕووی پێکهاتە و ئامرازی بەئەندامبوون و تایبەتمەندییەوە بەدی ناکرێت. بە پشتبەستن بەو خوێندنەوەیەی یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە و ئەو تێبینییانەی لەسەری دروست بوو، دەردەکەوێت کە یاساکە کاتێك "استثناء" دەکات، تەنیا لە سروشتە دیموکراتییەکە ئیستسنائەکە دەکات. واتە تەنها لەلایەن دیموکراتییەوە لای داوە، چ لە شێوازی دانانی ئەنجوومەن و چ لە شێوازی دانانی پارێزگار و چ لەو دەسەڵات و تایبەتمەندییانەی ئەمانە هەیانە و چ لە شێوازی یەکلاکردنەوەی سنووری پارێزگاکە، بەتایبەت بوونی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو لە یەکە خۆجێییەکاندا بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵك؛ بابەتێکی بنیاتنەری بوونی سیستمی لامەرکەزییە کە ئەمە لە شێوازی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە بەدی ناکرێت. کەواتە یاسای پارێزگای هەڵەبجە هەرگیز ناکرێتە پاڵپشتییەك بۆ هیچ پڕۆژەیەکی لامەرکەزی، چونکە بنەماکانی خودی یاساکە لادانە لە پرەنسیپی لامەرکەزیەتی کارگێڕی، بەتایبەت لە لایەنی دیموکراسییەوە.

## "پێشنیار"ەکان لەنێوان ئەستەمی و چەسپاندندا

لە پڕۆژەکەدا چەندین پێشنیار لەژێر چەندین تەوەرەی جیاوازدا ڕیز کراون، جگە لەوەی پێشنیارەکانی بەشێکی زۆری لە سنووری دەسەڵاتی یەکە کارگێڕییە خۆجێییەکاندا نییە، لە هەمان کاتدا پێشنیارەکان جۆرێك لە ئەستەمیی پێوە دیارە، هەروەها لە حاڵەتی جێبەجێکردنی کۆی پێشنیارەکان، ئەوا لەبریی لامەرکەزیەتی کارگێڕی بەدی بێت، پەراوێزخستنی حکومەتی هەرێم لەم ناوچانە بەدی دێت.

بە شێوەیەکی گشتی پێشنیارەکان بۆ چەند لایەنێك پۆلێن دەکرێن، بەشێك لە پێشنیارەکان لە بواری کارگێڕییە، بەتایبەت زیادکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانە بۆ دەزگای جێبەجێکاری یەکە خۆجێییەکان. بەشێکی تری پەیوەستە بە بواری دارایی، بەتایبەت چۆنیەتیی گلدانەوەی داهاتی ناوخۆیی ناوچەکە و بەکارهێنانی لە شوێنی خۆی، بەشێکییش پەیوەستە بە بواری ئەمنی بەتایبەت بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس، هەروەها بەشە گرنگەکەشی پەیوەستە بە نەوت و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت، بەشێکیشی تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکان. بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو پێشنیارانە دەرفەتی جێبەجێکردنیان هەیە؟ چ ڕێگرییەکی یاسایی و کارگێڕی و سیاسییان لەپێشە؟

بۆ هەر تەوەرێك لە پێشنیارەکان؛ دۆخێکی تایبەت هەیە، بۆ نموونە:

١- ئەوەی پەیوەستە بە زیادکردنی دەسەڵاتی پارێزگا و یەکە خۆجێییەکان، ئەمەیان لە چوارچێوەی یاسای پارێزگاکان، ژمارە ٣، ساڵی ٢٠٠٩ دەکرێت، بەڵام بە شیکردنەوەی یاساکە دەردەکەوێت لایەنی پەیوەندیدار بەو زیادکردنەی دەسەڵات کە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی وەزیرانن، بەڵام یاسای ئەم دوو دامەزراوە ئەو جۆرە تایبەتمەندییەی پێ نەداون، بۆیە دووبارە دەبێت بگەڕێینەوە یاسای پارێزگاکان کە لەوێش هیچ مادەیەکی هاوشێوە نییە بۆ ئەم کارە، کەواتە پێویستە خودی یاساکە هەموار بکرێتەوە کە لەم هاوکێشە پەرلەمانییەی هەنووکەدا هەموارکردنەوەی ئەو جۆرە یاسایانەی ڕەهەندی سیاسی و هەرێمیان هەیە؛ ئاسان نییە.

٢- ئەوەندەشی کە پەیوەستە بە بواری داراییەوە، بەتایبەت پرسی داهاتی ناوخۆیی، پێشنیارەکان بۆ ئەوەن کە داهاتی ئەو ناوچەیە ئیداع نەکرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، هەروەها پێدانی دەسەڵاتی دارایی بە یەکە خۆجێییەکان پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت، کە لەم دۆخی قەیرانی ئابوورییەدا کارکردن بەو ئاڕاستەیە ئاسان نییە.

٣- سەبارەت بە بواری ئاسایشی، بەشێك لە پێشنیارەکان گرنگ و گونجاون، بەتایبەت ئەوانەی ڕۆتینی کارگێڕی کەم دەکاتەوە، بەڵام فراوانکردنی سنوورەکانی ئەم بوارە کە بە بواری حکومەتی بچووك ناسراوە، شیرازەی وەزارەتی ناوخۆ تێك دەکات تا ئەو ئاستەی بۆ هەندێ لە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان پێویست بە هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ بکات.

٤- یەکێك لە خاڵە جەوهەرییەکانی ئەم پرۆژەیە، پرسی نەوت و پەترۆدۆلارە. ئەگەرچی بیرۆکەی پەترۆدۆلار لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق برەوێکی زۆری پێ درا، بەڵام دوای ئەوە کرایە دەروازەیەك بۆ لێدان لە یەکپارچەیی خاکی عێراق. سەرچاوەی ئەم گوتارە ستراتیژیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر عێراق سەرچاوەی گرتووە، کە لە بەشێك لە پارێزگا شیعەنشینەکان ئەم پرسە ستراتیژییە بە شێوەیەکی تەواو خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێرانی کردووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا ڕێگرە ئەوەیە لە هەرێمی کوردستان زەمینەی یاسایی بۆ ئەو پرسە نییە، پێویستی بە ڕەزامەندیی دوولایەنەی پەرلەمان و حکومەت هەیە، ئەم زەمینەسازییەش پێویستی بە ڕێککەوتنی فرە لایەن هەیە، جگە لەوەی ئەجێندای هەرێمی و نێودەوڵەتی هاوکار نابن بۆ ئەم پرسە. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە وەك کاڵایەکی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ نەوت بکات و ڕێگری بکرێت لەوەی بکرێتە کاڵایەکی لۆکاڵی.

٥- بەشێکی دیکەی پێشنیارەکان پەیوەستن بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکان، کە بەشێکیان پێویستن و خزمەت بە خێراکردنی کاروباری هاوڵاتیان دەکات، هەروەها بەشێکیشن لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەم پێدانی دەسەڵاتە پێویستی بە ئیرادەی سیاسییە لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، بەتایبەت کە قەیرانی سیاسی جۆرێك لە نامتمانەیی سیاسیی دروست کردووە لەنێوان لایەنە بەشدارەکانی کابینەی حکومەتدا.

## تەوەری دووەم: پەیڕەوی ناناوەندیی کارگێڕی و دارایی

لە دوا ڤێرژنی گوتاری لامەرکەزیدا پەیڕەوێك بڵاو کرایەوە کە وەک دوا داواکاری و دوا فۆرمی لامەرکەزی پێشکەش کراوە، ئەو پەیڕەوە بە شێوەیەکی فەرمی خرایە بەردەست ڕای گشتی لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەمەش بە هەمان شێوە شایەنی ئەوەیە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکرێت. زەمینەی جێبەجێکردنی هەیە لە چوارچێوەی ژینگەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستاندا؟

لە مادەی یەکەمدا وەها سەیری نامەرکەزیی کارگێڕی کراوە کە بریتییە لە دابەشکردن و دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی و تەکنیکی و یاساییەکان. هەر لەم دێڕەدا، دوو هەڵەی مەنهەجی هەیە سەبارەت بە تێڕوانینی نامەرکەزی:

١- نامەرکەزیی کارگێڕی دابەشکردنی دەسەڵاتی تێدا ناکرێت، لە فۆرمە باڵاترەکانی نامەرکەزیدا دەکرێت وەک نامەرکەزیی سیاسی و فیدراڵی. لە لامەرکەزیەتی کارگێڕیدا "تفويض السلطات" هەیە، نەوەک "التوزيع السلطات".

٢- لە هیچ فۆرمێکی نامەرکەزیدا دەسەڵاتی یاسایی نە دابەش دەکرێ و نە شۆڕ دەکرێتەوە، چونکە ناکرێ یەکە سیاسییەکان دوو ناوەندی دەرکردنی یاسایان هەبێت، بەتایبەت لە دۆخی بێ دەستووریدا. یاسازانەکانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەنجوومەنە خۆجێییەکان نابێت دەسەڵاتی یاسادانانیان هەبێت.

مادەی دووەم تایبەتە بە ئامانجی پەیڕەوەکە، کە تێکەڵییەک لەنێوان ئامانجەکانی نامەرکەزی و ئامانجەکانی کۆی پەیڕەوەکەدا هەیە. ئامانجەکانی پڕۆژەکە هیچ ڕێگرییەکی یاسایی نییە لە بەردەمیدا، جگە لە ئامانجی چوارەم نەبێت کە پاساوەکانی بەڵگەدار نین.

کەواتە پڕۆژەکە لە دیاریکردنی ئامانجەکانیشی نەیتوانیوە خاڵ بخاتە سەر پیتەکان، چونکە لە ئامانجەکەدا باس لە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات کراوە، بەڵام ئەوەی کۆی پڕۆژەکە داوای دەکات، ئامانج لێی

جیاکردنەوەی دەسەڵاتە نەوەك شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بەو فۆرمەی لامەرکەزی داوای دەکات، ئەمە جگە لەوەی خۆی لە چاودێریی حکومەتی ناوەندی دوور دەخاتەوە. لە کاتێکدا ئامانجی لامەرکەزیەت جیاکردنەوەی دەسەڵات نییە، بەڵکوو ڕیزکردنی دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ستوونی، بۆ ئەوەی پرۆسەی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ ئۆرگانە کارگێڕییە بچووکەکان ئاسانتر بکرێت، نەوەك لامەرکەزیەت بکرێتە دەروازەیەك بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵات و گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسیی ناوچەیەك پێچەوانەی ئاڕاستە سیاسییە گشتییەکە.

مادەی سێیەمی پەیڕەوەکە؛ بوون و نەبوونی وەک یەکە، چونکە سنووری دەسەڵاتداریی ئەو دەسەڵاتانەی داوای دابەشکردنی کراوە؛ گواستووەتەوە بۆ پاشکۆ،

> **بودجە وەک دەستوور ڕەهەندێکی نیشتمانیی هەیە و ناکرێت بەش بەش بکرێت و هەر پارێزگایەک بەجیا بودجەی خۆی بنووسێت و پەسەندی بکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە**

بەڵام بڕگەی دووەمی ئەم یاسایە جێگەی هەڵوێستەکردنە، کە داوای ئەوە دەکات پارێزگا بەدەوری خۆیدا ئەو دەسەڵاتانەی لە حکومەتی هەرێم وەریدەگرێت، شۆڕی بکاتەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی خوارتر. بەڵام ئەگەر سەیری دۆخی ئێستای پارێزگاکانی کوردستان بکەین، هیچ ڕێگرییەک نەکراوە لە ئەنجامدانی ئەم کارە، تەنانەت یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش دەرفەتی بۆ ئەم شۆڕکردنەوە دروست کردووە، بەڵام دەبینین کە دەسەڵات شۆڕ نەکراوەتەوە بۆ یەکە کارگێڕییەکانی خوارەوەی پارێزگا. کەواتە گرەنتی چییە لە حاڵەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی زیاتر ئەم شۆڕکردنەوەیە گرەنتی بکرێت، یان بوونی دەسەڵاتی زۆر سەر نەکێشی بۆ دروستبوونی قۆرخکاریی زیاتر لەلایەن پارێزگاوە.

مادەی چوارەمی پەیڕەوەکە، خۆی لە نەگەڕاندنەوەی داهاتی پارێزگاکان بۆ خەزێنەی هەرێم دەبینێتەوە. لە داڕشتنی ئەم مادەیەدا، هەوڵ دراوە واقعێکی نایاسایی لە ڕێگەی پەیڕەوێکەوە بەیاسایی بکرێت.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، سەرلەبەری مادەکە ناکۆکە لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو یاسایانەی پرسی سیستمی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان ڕێک دەخەن. بۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە، پێویستە ڕستەیەک یاسای بێ کێشە هەموار بکرێتەوە.

لە مادەی شەشەمدا برگەیەکی گونجاو دەخاتە ڕوو، بۆ دروستنەبوونی قەیران لە ڕاپەڕاندنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی تایبەت بە پرسی نامەرکەزییەوە، ئەم ئەنجوومەنە دەکرا لە شێوەیەکی فراوانتر کاری لەسەر بکرایە، بۆ ئەوەی گرەنتییەکی زیاتر دروست بکات کە ئامانج لەم پەیڕەوە گەڕاندنەوەی هەرێم نییە بۆ قۆناغی دوو ئیدارەیی بە فۆرمی جیاواز.

مادەی حەوتەم گرفتێکی هەیە، لە ئەگەری چوونە بواری جێبەجێکردنەوە ئەم مادەیە دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی سیاسیی قووڵ بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە لە سیناریۆی یەکگرتنی هێزەکانی ئەم ناوچەی لەپشت پەیڕەوەکەیە، دەکرێ تەگەرە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، نەتوانێ بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان دەربکات و ئەم مادەیە کارا بکرێت و قۆرخکاری بکرێت بۆ چۆنیەتیی نەخشەڕێژکردنی بودجە، بە پێچەوانەی سیاسەتی گشتیی حکومەتی هەرێمەوە.

جگە لەوە، بودجە وەک دەستوور ڕەهەندێکی نیشتمانیی هەیە و ناکرێت بەش بەش بکرێت و هەر پارێزگایەک بەجیا بودجەی خۆی بنووسێت و پەسەندی بکات و بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمە بێبەهاکردنی وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستانە کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان ئامادەکردنی بودجەی گشتییە.

هەریەک لە مادەی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم، لەم سێ مادەیە درک بەوە کراوە کە ڕێکارەکانی نووسینەوە و بڕیاردان لەسەر و خستنە بواری جێبەجێکردنی پەیڕەوەکە نایاساییە، بۆیە هەوڵ دراوە پارێزبەندییەک بۆ خۆی دابنێت بەوەی دوای پەسەندکردنی پەیڕەوەکە نەتوانرێ بێ ڕەزامەندیی پارێزگا هیچ یاسا و پەیڕەوێکی پێچەوانەی ئەم پەیڕەوە پەسەند بکرێت. ئەمەش ناکۆکییە لە پرەنسیپدا، بە شێوەیەک بۆ داڕێژەرانی پەیڕەوەکە ئاسایی بێت باز بدەن بەسەر یاساکانی پێش خۆیان، بەڵام دەزگا شەرعییەکانی دیکە بۆیان نەبێت پێچەوانەی پەیڕەوەکە یاسا دەربکەن، ئەمەش واتە هاوتاکردنی پەیڕەوەکە بە دەستوور.

## ڕێگای چارەساز

بەرمەبنای ئەم پڕۆژەیە و کۆی ئەو گوتارانەی پێشووتر داوای لامەرکەزییان کردووە، دەکرێت چەند ڕێگەیەك لە بەردەمیاندا بێت، بەڵام ڕێگاکان لە لایەك دەکرێت تەواوکەری یەك بن و لە لایەکی دیکە دەشێت پێویستی بە چەندین ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی و سیاسی هەبێت. بەڵام لە دەرەنجامی هەموو ئەمانە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەزموونی لامەرکەزیەت بە هەموو ئاست و فۆرمەکانیەوە؛ هیی هیچ وڵاتێك لە وڵاتێکی تر ناچێت، بۆیە باشترین بژاردە لەبەردەممان کارکردنە بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی فۆرمێکی

تایبەت بە خۆمان کە لەگەڵ سروشتی سیاسی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی و واقعی سیاسیی هەرێمی کوردستان بگونجێت، بە شێوەیەك کە ئەم فۆرمە جیاوازە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان دروست نەکات.

لامەرکەزیەت هەنووکە بە پرسی دیموکراسییەوە بەستراوەتەوە، بە شێوەیەك کە بابەتەکانی پەیوەستن بە حوکمڕانییەکی دروست، بە جۆرێك لە جۆرەکان دەچنەوە سەر دیموکراسیەت لە ئاستە وردەکەیدا، کە خۆی لە لامەرکەزیەت لە نزمترین ئاستدا دەبینێتەوە، بۆیە کارکردن بەو ئاڕاستەیەی کە هەر پێویستمان بە لامەرکەزیەت نییە، لەژێر هەر بەهانەیەك بێت هەڵەیە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: چ لامەرکەزیەتێکمان پێویستە، کە هەم خواستی هەموو ناوچەکان و دیموکراسیەتی کارگێڕییش لە یەك کاتدا بێنێتە دی؟ دەکرێ چەند ڕێگەیەکمان لەبەردەم بێت، لەوانە:

١. لە قۆناغی یەکەمدا پێویستە لەسەر ئاستی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان هەندێ دەسەڵاتی کارگێڕیی زیاتر شۆڕ بکرێتەوە بۆ ئاستی خوارتر لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی کە سەر بە یەکە خۆجێییەکانن، بەتایبەت ئەو بوارانەی پەیوەستن بە شارەوانی، پەروەردە، تەندروستی، هاتوچۆ، کشتوکاڵ و کارەبا. بەڵام ئەم گواستنەوەی دەسەڵاتە بۆ ماوەیەکی کاتی بێت، تاوەکوو دواتر لە چوارچێوەیەکی یاساییدا بەتەواوی ئەم پرسە ڕێك بخرێتەوە.

٢. لیژنەی یاسایی و ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان ڕابسپێردرێن کە بە هاوکاریی پسپۆڕان چوارچێوەیەکی تازە بۆ پرسی کارگێڕیی خۆجێیی و لامەرکەزیەتی کارگێڕی دابڕێژنەوە، بە شێوەیەك ئەم کارانە لەئەستۆ بگرن:

ا. یاسایەکی نوێ بۆ پرسی لامەرکەزی دابڕێژرێت، کە جیاواز بێت لە یاساکانی پێشوو لە ڕووی کارگێڕی و سروشتە سیاسی و دیموکراسییەکەی سیستمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان.

ب. کارکردن بە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩؛ ڕابگێرێت.

پ. لەبریی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کار بە مۆدێلی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بکرێت، هەروەها لە یاساکەدا دەسەڵات، تایبەتمەندییەکان و شێوازی دروستکردنی ئەم ئەنجوومەنە دابڕێژرێتەوە و جیاواز بێت لەو ئەنجوومەنە شارەوانییەی لە یاسای وەزارەتی شارەوانیدا هاتووە، هەروەها جیاوازیش بێت لەو ئەنجوومەنە شارەوانییەی لە پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە، کە تایبەتە بە پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان.

ت. لە پێکهێنانی ئەم ئەنجوومەنە خۆجێییە، پشت بە ئەزموونی فەڕەنسا ببەسترێت لە چۆنیەتیی ڕێکخستنی ئەنجوومەنی

شارەوانییەکان. گەرچی لە فەڕەنسا ژمارەی شارەوانییەکان زۆرە، بەڵام دەکرێت لێرە پشت بە یەکە کارگێڕییەکان لە ڕووی جوگرافی و ژمارەی دانیشتووانەوە ببەسترێت، بۆ ئەوەی بکرێتە پێوەرێك بۆ دانانی ئەو ئەنجوومەنە.

ج. ئەنجوومەنی نوێی خۆجێیی بکرێتە بنەما بۆ دەستنیشانکردنی دەستەی جێبەجێکاری خۆجێیی کە بە هەمان شێوە ئەندام بن لە ئەنجوومەنە خۆجێییەکە (ئەمەش هەر دەکرێت لە یاساکەدا ڕێك بخرێتەوە).

د. دەستەی جێبەجێکاری خۆجێیی کە لە یاساکەدا دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی ڕێك دەخرێت، چیتر لە ڕووی کارگێڕییەوە پەیوەست نەبێت بە وەزارەتی ناوخۆوە، بۆ ئەمە دەکرێت بیر لە وەزارەتی شارەوانی یان ئەنجوومەنی وەزیران بکرێتەوە.

ح. پێکهێنانی فەرمانگەیەکی تایبەت بە کارگێڕییە خۆجێییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران، کە لە چوارچێوە گشتییەکە دوو ئەرکی سەرەکیی هەبێت؛ ڕێکخستن و یەکخستنی کاروباری یەکە خۆجێییەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە، هەروەها بەئەندامبوونی لە ئەنجوومەنی وەزیران پاڵپشتێکی تەواوکار دەبێت بۆ لامەرکەزیەتی کارگێڕی و گرەنتییش دەبێت بۆ نەپەڕینەوەی ئەم لامەرکەزییە بۆ جیاکاری.

خ. ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لەم یاسا تازەدا دەسەڵاتی کارگێڕیی سنوورداریان هەبێت لەبریی ئەوەی تایبەتمەندیی تەشریعییان هەبێت، بە جۆرێک ناوچەکان بەرەو جیاکاری و دابەشکاری هەنگاو نەنێن، بۆ ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە پێویستە دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە چوارچێوەی پرەنسیپی "عدم تمرکز الاداری" زیاد بکرێت، بەتایبەت لە پرسە خزمەتگوزارییەکاندا.

٣. لە قۆناغی سێیەمدا پێویستە کار لەسەر دەستوور بکرێت، بەو پێیەی پرسی سیستمی کارگێڕی بەشێکی گرنگ و هەستیاری سیستمی سیاسییە، دەزگا حوکمڕانەکانی سیستمی سیاسی بە هۆی ئەم دەزگا کارگێڕییانەوە دەجووڵێن، بۆیە پێویستە ئەم پرسە لە ڕێگەی دەستوورەوە ژێرخانێکی دروستی بۆ دابنرێت و لەوێوە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی و سروشتە سیاسی و دیموکراسییەکەی

> **پێویستە ئەم پرسە لە ڕێگەی دەستوورەوە ژێرخانێکی دروستی بۆ دابنرێت و لەوێوە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی و سروشتە سیاسی و دیموکراسییەکەی ڕێک بخرێت**

ڕێك بخرێت. لە ڕەشنووسی دەستووردا بە یەك مادە ئەمە باس کراوە، بەڵام پێویستە بەشێکی تایبەت بەو پرسە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی دووردا ئەگەرەکانی هەڵوەشانەوە و بێهێزکردنی هەرێم لەم دەروازەیەوە کەم بکرێتەوە.

بێگومان کارەکان بەم ئاسانییە نین، جیاوازیی ئیرادە و ئەجێندا و بیرکردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان زۆر لە یەك جیاوازن، ئەمە جگە لەوەی ئیرادەی هێز هەرێمییەکان بە ئاراستەی ناسەقامگیریی هەرێمی کوردستاندا هەمیشە بەگەڕ خراوە، بۆیە بژاردە نزیکەکە بریتییە لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ واقعەکەدا بە هەندێ گۆڕانکاریی کارگێڕی و یاساییەوە، بە شێوەیەك کە بتوانرێت پرسی لامەرکەزی هەر لە چوارچێوە دیموکراسییەکەیدا بمێنێتەوە و نەپەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای دیکە. بۆ ئەمەش چەند هەنگاوێك وەک پێشنیار دەخەینە ڕوو:

١. یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان بچێتەوە پەرلەمان و لە ماوەی دوو مانگدا هەموار بکرێتەوە، لە هەمواکردنەوەکەشدا ئەمانە لەبەرچاو بگیرێت:

ا. داڕشتنەوەی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا-قەزا-ناحیە، بە شێوەیەك کە دەسەڵاتی تەشریعییان نەبێت و تایبەتمەندییەکەیان لە بواری چاودێری و دەرکردنی ڕێنمایی و بەشێك دەسەڵاتی کارگێڕیدا پوخت بکرێتەوە.

ب. ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی پارێزگار-قایمقام-بەڕێوەبەری ناحیە، بە شێوەیەك کە ڕێگە بگرێت لە دروستبوونی دەسەڵاتێکی کارگێڕیی تاکڕەو لە هەر ناوچەیەك.

ت. جیاکردنەوەی پارێزگار لە هاوپێچبوون بە وەزارەتی ناوخۆ، لەبریی ئەوە دەکرێ ببێتە هاوپێچێکی کارگێڕیی سەر ئەنجوومەنی وەزیران یان دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران (فەرمانگەی یەکە خۆجێییەکان - باشترین بژاردەیە)، یانیش وەزارەتی شارەوانی.

پ. ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکە خۆجێییەکان، لەبریی کارکردن بە پرەنسیپی "عدم تمركز"، کار بە پرەنسیپی "لامرکزیە" بکرێت لە ڕووی ڕێکخستن و سەربەخۆیی و چاودێرییەوە.

٤. ئەنجوومەنی ناحیە و قەزاکان ئەکتیڤ بکرێنەوە و لە نزیکترین کاتدا ئامادەکاری بکرێت بۆ هەڵبژاردن لەسەر ئەم ئاستە. ئەم هەنگاوە دوو ئامانج دەپێکێ: یەکەمیان ڕێگریکردنە لە دروستبوونی ئیرادەی دروستکردنی هەرێمی سلێمانی و چڕکردنەوەی دەسەڵات لەناو پارێزگا، دووەمیش دەرفەتێکە بۆ بەرجەستەکردنی لامەرکەزیەت لە ئاستە نزمەکە لە ڕێگەی ئەوەی خەڵك نوێنەری

ڕاستەقینەی خۆی لە بوارێکی تەسکدا هەڵدەبژێرێت.

٥. دووبارە داڕشتنەوەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، بەڵام شێوازی پێکهێنانی پێویستە گۆڕانکاریی بەسەردا بکرێت، بە شێوەیەك کە وا ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بەم شێوەیە دیاری بکرێت:

ا. ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی سنووری جوگرافیی شارەوانییەکە دەبێت.

ب. ڕێژەی ٣٥٪ی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە لە ڕێگەی دامەزراندنەوە دەبێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن.

ت. ڕێژەی ٣٥٪ی ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە لەلایەن ئەنجوومەنی خۆجێییەوە (پارێزگا-قەزا-ناحیە) دابنرێت، بە شێوەی وەرگرتنی سیڤی و دەنگدان لە ئەنجوومەنی خۆجێیی.

پ. ڕێژەی ٣٠٪ی ئەندامان لە کەسانی پسپۆڕ دیاری بکرێت، کە ئەم کەسە پسپۆڕانە لە ڕێگەی وەزارەتی شارەوانییەوە دەستنیشان دەکرێن بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکە خۆجێییەکان.

ج. بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بە شێوەی دەستەی سەرۆکایەتی بێت، کە لە سێ ئەندام پێك بێت (ئەندامێکیان لەوانە بێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دیاری کراوە، ئەندامێکیان لەلایەن ئەنجوومەنی خۆجێییەوە، هەروەها ئەندامەکەی تر کە کەسێکی پسپۆڕە و دەبێتە سکرتێری ئەم سەرۆکایەتییە).

د. لە ڕووی کارگێڕییەوە ئەم ئەنجوومەنی شارەوانییە وەك هاوپێچێك بە وەزارەتی شارەوانی ببەسترێتەوە.

ح. دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی لە ڕێگەی بڕیارێکی تایبەتەوە دەستنیشان بکرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئامادە بکرێت و دەربکرێت.

خ. ئەم ئەنجوومەنە لەلایەن ئەنجوومەنە خۆجێییەکانەوە چاودێری دەکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

٦. هەماهەنگی لەنێوان ئەنجوومەنە خۆجێیی و ئەنجوومەنە شارەوانییە نوێیەکان دروست بکرێت لە ڕێگەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە، بە شێوەیەك کە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەنجوومەنی خۆجێیی هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیانن.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە یاساییەکان:**

• دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)
• پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق (٢٠٠٩)
• هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی، ژمارە (١)ی ساڵی

١٩٩٢ هەموار کراوە.
• یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان، ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣
• یاسای وەزارەتی ناوخۆ، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٦
• یاسای ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێك ڕێك نەخراون، ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨
• یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩
• پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی ئەنجوومەنی وەزیران

**دووەم: پەرتووك و توێژینەوە**

• أحمد عبدالزهره كاظم الفتلاوى، النظام اللامركزى و تطبيقاته، مكتبة زين الحقوقية الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٣.
• حسين الرحال و عبدالمجيد كمونه، الاداره المركزيه و الادارات المحليه فى العراق، مطبعه عبدالكريم زاهد، بغداد، ١٩٥٣.
• حيدر مثنى محمود، دور البرلمان فى تعزيز اللامركزية فى العراق، برنامج الامم المتحدة الانمائى، برنامج ادارة الحكم فى دول عربية، بلا مكان نشر.
• د. أحمد رشيد، نظم الحكم و الادارة المحلية، مفاهيم العلمية و حالات دراسية، دار المعارف، الطبعه الاولى، القاهرة، ٢٠١٠.
• د. عامر ابراهيم أحمد الشمرى، الاداره اللامركزية الاقليمية، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٣.
• د. عامر ابراهيم، النظم اللامركزى و تطبيقاته، منشورات زين الحقوقية، الطبعه الاولى، ٢٠١٣.
• د. محمد محمود الطعامنة، نظم الادارة المحلية (المفهوم والفلسفة والاهداف)، الملتقى العربى الاول - نظم الادارة المحلية فى الوطن العربى، عمان، ٢٠٠٣.
• محمد طالب عبد، اللامركزية الادارية فى التطبيق على المجالس المحلية، رسالة ماجستير، كلية الحقوق - جامعه النهرين، ٢٠١٠.
• هۆگر ئیبراهیم حەکیم، سروشتی دیموکراسیی لامەرکەزیەتی کارگێڕی، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٦.
• سۆران عەلی حسێن، پێکهێنان و تایبەتمەندییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی ناناوەندیی کارگێڕی، توێژینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەگرانەیە بۆ یاسای پارێزگای هەڵەبجە، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٦.
• Agrawal, Arun and Ribot, Jesse C, "Accountability in Decentralization; A framework with South Asian and West African Cases", The Journal of Developing Areas, vol. 33, summer 1990, pp. 473-502.

# جەنگی دراماکان

## ململانێی تورکی-عەرەبی لە کەرتی سینەمادا



ئەحمەد قادر عەلی
خوێندکاری دکتۆرا لە بەشی ڕادیۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن
لە زانکۆی گازی - ئەنقەرە



## پوختە

ڕۆژبەڕۆژ کاریگەریی دراماکان وەک بەرنامەی هاوبەشی بینەران لەسەر وەرگران لە زیادبووندایە، لەم چوارچێوەیەشدا دراماکان بە سیاسی کراون و وەک ڕەگەزێکی سەرەکیی "هێزی نەرم" بەکار دەهێنرێن. دراما تورکییەکان لە ئێستادا وەک شەپۆلێکی نوێی هەرێمی و جیهانی لە بڵاوبوونەوەی بەردەوام و خێرادایە و تا دێت بینەری زیاتر دەبێت، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا کە بە درێژایی چەندین ساڵ لەژێر قەڵەمڕەوی تورکەکاندا بووە. ململانێی هەرسێ وڵاتی عەرەبیی عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسر لەگەڵ تورکیادا پەلی کێشاوە بۆ کەرتی دراما و تا دێت ململانێکە گەرمتر دەبێت. ئەو سێ وڵاتە عەرەبییەی کە ناویان هاتووە، بە هۆی کاریگەرییە سیاسی و کولتووری و ئایدۆلۆژییەکانی درامای تورکییەوە لەسەر هاوڵاتیانیان، بایەخێکی گرنگ بە بەرهەمهێنانی دراما دەدەن.

## بەرایی

تەلەڤزیۆن یاخود بە واتایەکی گشتی میدیا، لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیای گەیاندندا ڕۆڵێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە دەبینێت لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا. تاکەکان وایان لێ هاتووە بەبێ پرس و لێکۆڵینەوە و چوونە بنجوبناوانی پەیامە میدیایی و تەلەڤزیۆنییەکان، بە خێراترین و ئاسانترین شێوە پەیامەکان وەردەگرن و بڕوای پێ دەکەن. لەگەڵ زیادبوونی بینەری دراما تەلەڤزیۆنییەکان لە جیهاندا، ڕۆژبەڕۆژ ڕادەی کاریگەریی ئەو درامایانە لەسەر ڕای گشتی و تاکەکان لە هەڵکشاندایە و مایەی گفتوگۆ و ڕاڤەکردنی جیاوازە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسردا تا دێت ئاڵۆز و خراپتر دەبێت. لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی ناوبژیوانی و ئاشتەوایی نێوانیان، ئاسۆیەکی ڕوون بۆ هێوربوونەوەی ئەو گرژییانە بەدی ناکرێت. پێشبڕکێی کەرتی درامای تورکی و عەرەبی لە لایەک زیاتر کاریگەر دەبێت بە ئاڵۆزیی پەیوەندییەکان، لە هەمان کاتدا هۆکارێکیشە بۆ زیاتر ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی هەردوو لا، بەتایبەتییش لەم چەند ساڵەدا زیادبوونی درامای نەتەوەیی و مێژوویی تورکیا و بڵاوبوونەوەی بە جیهان و وڵاتانی عەرەبیدا و لە بەرامبەریشدا هەوڵەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ ڕێگری لە پەخشکردنی ئەو درامایانە و تەنانەت بەرهەمهێنانی "درامای بەرامبەرکێ/ درامای پێچەوانە"؛ ململانێکانی بردووەتە قۆناغێکی توندترەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە درامای تورکی لە ئاستی جیهانیدا لە بڵاوبوونەوەیەکی بەردەوامدایە، ئەم درامایانەش کاریگەریی

ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی قووڵ بەسەر بینەرانەوە بەجێ دەهێڵن. تورکیا، بەتایبەتی لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، لە ڕێگەی درامای "هەستانەوەی ئێرتوغروڵ" (Diriliş Ertuğrul)ەوە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەگێڕێتەوە، هەر چەندە ئەو درامایانە بۆ ناوخۆی وڵاتەکە بەرهەم دەهێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا خواستێکی زۆریان لە ئاستی جیهانی و وڵاتانی عەرەبیدا لەسەرە.

هەریەک لە وڵاتانی سعودیە، ئیمارات و میسر، بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییە کولتوورییەکانی ئەو دراما تورکییانە، لە هەوڵی بەرهەمهێنانی "درامای بەرامبەرکێ/درامای پێچەوانە"دان. لەم توێژینەوەیەدا لەپاش باسکردنی کاریگەرییەکانی دراما بەگشتی و بەتایبەتییش لەسەر دانیشووانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تیشکێک خراوەتە سەر کاریگەریی دراما تورکییەکان لە جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە پاشاندا دوای باسکردنی ئەو ڕەخنانەی لە جیهانی عەرەبیدا لەسەر دراما تورکییەکان هەیە، شیکاری بۆ ململانێکانی تورکیا و ئەو سێ وڵاتە عەرەبییەی کە پێشتر ناویان هات؛ کراوە. پاشان لەگەڵ خستنەڕووی هەڵسەنگاندن بۆ دراماکانی هەردوو لا، چاوەڕوانی و پێشبینییەکان لەژێر سێبەری پەیوەندییەکانی هەردوو لادا بۆ کەرتی دراما خراوەتە ڕوو.

## کاریگەریی دراما

کاریگەریی پەیامە تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر وەرگر بە جۆرێکە کە بینەر ناتوانێت یەک ڕۆژ بەبێ تەلەڤزیۆن بەسەر ببات ، دراماکانیش بە گرنگترین بەرنامەی تەلەڤزیۆنی دەژمێردرێن. لەبەر ئەوەی دراماکان تەنیا بە ئامانجی کاتبەسەربردن و بازرگانی بەرهەم ناهێنرێن، لە هەمان کاتدا ئامانجی ئابووری، کولتووری، سیاسی و پڕوپاگەندەیی لە پشتەوەیە، بەتایبەتییش لە دراماکاندا هەم پەیامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بڵاو دەکرێنەوە و هەر یەکێک لەو هێما و ئامراز و نیشانانەی لە دراماکاندا نیشان دەدرێن؛ خاوەنی ڕەهەندی کولتوور و سیاسین.

تاوەکوو ئێستا نزیکەی ١٥٠ درامای تورکی هەناردەی دەرەوەی تورکیا کراوە و بە زمانە جیاوازەکان دۆبلاژ و پەخش کراوە و لە ١٤٩ وڵاتەوە بینەری هەیە. لە جیهاندا ٧٠٠ ملیۆن کەس تەماشای درامای تورکی دەکەن. لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠١٩ داهاتی دراما تورکییەکان گەیشتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار و لەدوای درامای ئەمەریکی لە ڕیزبەندیی دووەمدایە، حکومەتی ئەو وڵاتە دەیەوێت بۆ ساڵی ٢٠٢٣ داهاتی دراماکانی بگەیەنێتە یەک ملیار دۆلار و ڕیزبەندیی یەکەمی وڵاتانی جیهان لە هەناردەکردنی درامادا بگرێت.

لە تابلۆی خوارەوەدا گرنگترین ئەو درامایانەی کە زۆرترین بینەریان هەبووە و بەرزترین پلەیان لە ڕیزبەندیی سایتی "IMDB" گرتووە، خراوەتە ڕوو:

| ژ. | ناوی دراما | ساڵی پەخشکردن | ڕیزبەندی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Game of Thrones | 2011-2019 | 9.3 | 1.688.494 |
| 2 | Stranger Things | 2018 | 8.8 | 751.160 |
| 3 | We Are The Walking Deda | 2010 | 8.2 | 829.218 |
| 4 | Orange İs The New Black | 2013-2019 | 8.1 | 279.837 |
| 5 | The Flaş | 2014 | 7.7 | 297.888 |
| 6 | 13 Reasons Why | 2017-2020 | 7.7 | 244.190 |
| 7 | The 100 | 2014 | 7.7. | 197.555 |
| 8 | Arrow | 2012-2020 | 7.6 | 400.538 |
| 9 | Grey's Anatomy | 2005 | 7.6 | 235.748 |
| 10 | Riverdale | 2017 | 7 | 108.587 |

سەرچاوە: www.imdb.com

بەپێی توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی دەزگای "Prensario" کە لە بواری بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تەلەڤزیۆنیدا لە ئەمەریکای لاتین توێژینەوە دەکات، لە ساڵی ٢٠١٨دا ڕیزبەندیی دراما تورکییەکان بەپێی ڕێژەی ئەو وڵاتانەی کە دراماکانیان کڕیوە و پەخش کردووە، بەم جۆرەی خوارەوە بووە:

| ژ. | ناوی درامای تورکی | ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە بۆی هەناردە کراوە |
|---|---|---|
| 1 | Fatmagül'ün Suçu Ne | 149 |
| 2 | Kara Para Aşk | 142 |
| 3 | 20 Dakika | 111 |
| 4 | Sıla | 104 |
| 5 | Ezel | 100 |
| 6 | Unutulmazlar | 89 |
| 7 | Muhteşem Yüzyıl, Gönülçelen | 88 |
| 8 | Asla Vazgeçmem | 83 |
| 9 | Gömüş | 80 |
| 10 | Kayıp | 80 |

سەرچاوە: www.milliyet.com.tr

ئەو پەیوەندییە مێژووییەی کە بە هۆی بەڕێوەبردنی نیشتمانی عەرەبی لەلایەن تورکەکانەوە دروست ببوو، لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دابەشکردنی میراتەکەی و لەو چوارچێوەیەشدا دروستکردنی کۆماری تورکیای نوێ و دروستبوونی چەندین دەوڵەتی عەرەبی بە درێژایی ٨٠ ساڵی سەدەی بیستەم، ئەو پەیوەندییە لاواز ببوو و گەیشتبووە ڕادەی پچڕانی یەکجاری. بەڵام بە هۆی سیاسەتی کرانەوەی تورکیا بە ڕووی جیهان و وڵاتانی دراوسێ و بەتایبەت جیهانی عەرەبی و "سفرکردنەوەی کێشەکان" لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدان ((Adalet (ve Kslkınma Partisi (AKP کە لە سەرەتای سەدەی ٢١ هاتە سەر دەسەڵات، پەیوەندییەکان جارێکی تر گەشایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بڵاوبوونەوەی درامای تورکی بە جیهانی عەرەبیدا بە هۆی نزیکیی جوگرافی و ئایینی و مێژوویی، دەکرێت وەک شتێکی ئاسایی ببینرێت.

هەندێک لە نووسەرانی عەرەب دراما تورکییەکان وەک "هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر میسر" دەبینن و پێیان وایە بڵاوبوونەوەی ئەو درامایانە "هێرشێکی دیکەی خۆرئاوایە" یاخود "کابووسی نیشتمانی عەرەبە". بەتایبەتی ناوەرۆک و شێوازی بەرهەمهێنانی دراماکان، مایەی ڕەخنەی توندە لە وڵاتانی عەرەبیدا. بە شێوەیەکی گشتی ئەو دراما تورکییانەی کە لەلایەن بینەری عەرەبەوە بە ئەرێنی تەماشا کراوە، بووەتە هۆی دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان تورکیا و وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت هاوڵاتییانیدا. بە هۆی ئەوەی بەراورد بە دراما ئەورووپی و ئەمەریکییەکان، گرتەی نەشیاو و بەدئەخلاقی لە دراما تورکییەکاندا کەمترە و لە لایەکی تریشەوە بینەر لە ڕێگەی دراماکانەوە کەمێک لەناو ژینگەی جەنجاڵی کارکردندا دێتە دەرەوە، بۆیە درامای تورکی لای بینەری عەرەب خۆشەویست و سەرنجڕاکێشە.

لەم ساڵانەی کۆتاییدا و بەدیاریکراوی لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە، لە تورکیادا بەدەر لە درامای کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی، بایەخێکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی درامای مێژوویی دەدرێت کە خاوەن ڕەهەندێکی سیاسی و ئایدۆلۆژین، بەتایبەتییش ئەو درامایانەی لەسەر مێژووی دروستکردنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و ئیمپڕاتۆریەتی سەلجووقی ڕەواجی باشیان پەیدا کردووە و لە تەلەڤزیۆنی فەرمی دەوڵەتەوە (TRT) پەخش دەکرێت و لەلایەن دەوڵەتیشەوە پشتیوانی دەکرێت ، بەتایبەتی کە سەرۆککۆماری تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان شوێنی وێنەگرتن و بەرهەمهێنانی درامای "هەستانەوەی ئێرتوغروڵ" (Diriliş Ertuğrul)ی بەسەر کردەوە کە ئەوەش ڕادەی بایەخدانی

حکومەتی تورکیا بە کەرتی دراما مێژوویی و سیاسییەکان دەردەخات. هەروەها بە درێژایی چەند ساڵی ڕابردوو، ١٣ درامای درێژ و سەدان فیلمی بەڵگەنامەیی لەسەر مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەخش کراوە ، وەک ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی پاکستان "عیمران خان" لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: پێویستە دراما تورکییەکان بۆ جیهانی ئیسلامی وەک ئەلتەرناتیڤی هۆلیود و بۆلیود بەکار بهێنرێت. درامای "هەستانەوەی ئێرتوغروڵ" (DiriliŞ ErtuŞrul) و "هەستانەوەی عوسمان" (DiriliŞ Osman) کە بەتەواوی خاوەن ڕەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژییە، ژمارەی پێوانەیی شکاندووە و تا ئێستا هەناردەی ٧١ وڵاتی جیهان کراوە کە یەکێک لەو وڵاتانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە.

تورکیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە دەستی کردووە بە هەناردەی دراماکانی و لە ئێستادا لەدوای ئەمەریکا لە پلەی دووەمی ڕیزبەندیی وڵاتانی هەناردەکەری درامادایە. نکوڵی لەوە ناکرێت کە کلیلی ئەم دەرگایەی بە ڕووی تورکیادا کراوەتەوە؛ تەلەڤزیۆنە عەرەبییەکان و بینەرانیانە، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر و بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی، لەلایەن بەشێک لە حکومەتە عەرەبییەکانەوە هەوڵی ڕێگری لە پەخشکردنی درامای تورکی دەدرێت.

## ڕەخنەکانی بینەری عەرەب لە دراما تورکییەکان

بەگشتی لە چەند بوارێکدا درامای تورکی بووەتە مایەی ڕەخنەی بینەری عەرەب، هەر چەندە ئەم ڕەخنانە نەبووەتە مایەی چاندنی ڕەگی دوژمنکاری لە ناخی تاکی عەرەبدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی هەریەک لە عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسڕ، ئەو ڕەخنانەیان بە هەل زانیوە و دەستیان کردووە بە قەدەغەکردن و ڕێگری لە پەخشکردنی دراما تورکییەکان، بەتایبەت بە هۆی ئەوەی لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە دراما تورکییەکان وەک مەترسییەک بۆ سەر ئایین و ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە شرۆڤە کراوە، بووەتە مایەی ڕەخنەلێگرتنی جددیی شەقامی عەرەبی.

لە عەرەبستانی سعودی، شێخ عەبدولعەزیز بن عەبدوڵا لە ڕێگەی فەتواوە داوای قەدەغەکردنی دراما تورکییەکانی کردووە، لە عێراقیش پیاوانی ئایینی داوای قەدەغەکردنی پەخشی دراما تورکییەکانیان کردووە، ڕۆژنامەنووسێکی یەمەنییش دراما تورکییەکانی بە "ژەهر بە تامی هەنگوین" وەسف کردووە. لە لایەکی ترەوە ئارەزووی ڕۆمانسیەت لەلای ئافرەتی عەرەب لە ڕێگەی دراما تورکییەکانەوە سەری هەڵداوە کە ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ کەوتنەوەی توندوتیژیی خێزانی و جیابوونەوە و چەندین کێشەی کۆمەڵایەتیی دیکە، تەنانەت هەندێک نووسەری عەرەب زیاد لە

پێویست لە بابەتەکەدا ڕۆچوون و باس لە بەتورکیبوونی کولتووری عەرەبی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەی کەرتی سینەما و درامای میسری بە ڕادەیەکی باش باڵی کێشابوو بەسەر جیهانی عەرەبیدا و خاوەن پێگە و بینەری تایبەتی خۆی بوو، بەڵام لەگەڵ دۆبلاژ و پەخشکردنی دراما تورکییەکاندا پێگەی درامای میسری لەق بووە و لاواز بووە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی گەورە لە کەرتی سینەما و درامای میسریدا، بەم هۆیەشەوە هەندێک لە تەلەڤزیۆنە میسرییەکان بڕیاری قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی دراما تورکییەکانیان داوە.

لە لایەکی ترەوە وڵاتانی عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسر کە دژی بڵاوکردنەوەی دراما تورکییەکان وەستاونەتەوە، باس لەوە دەکەن کە لە دراما تورکییەکاندا نەتەوەپەرستیی تورکی چڕ کراوەتەوە و نەتەوەکانی دیکە بە هاوڵاتیی پلە دوو و ژێردەستەی تورکەکان نیشان دەدرێن. هێما و ئاماژەکانی لە دراماکانی وەک Söz, DiriliŞ (ErtuŞrul, Nöbet, Sakarya Fırat)دا هەستی پێ دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەر چەند لەلایەن دەسەڵاتدارێتیی ئەو وڵاتانەوە باس لەوە بکرێت کە دراما تورکییەکان هۆکارن بۆ تێکچوونی ئەخلاقی گشتیی کۆمەڵگە و بەو هۆکارە قەدەغە کراون؛ زۆر ناچێتە ئەقڵەوە، بەڵگەش بۆ ئەوە دراما میسرییەکانی خۆیان تا چەند لەگەڵ بنەماکانی ئایین و شەریعەتی ئیسلامدا یەک دەگرێتەوە؛ مایەی پرسیار و تێڕامانە و تەنانەت خودی میسرییەکانیش باس لەوە دەکەن کە درامای میسری لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە زۆر لە دراما تورکییەکان خراپترە. جگە لەوەش، بە درێژایی چەندین ساڵ پەخشکردنی درامای بەڕازیلی و مەکسیکی لەگەڵ ئەوەی بەتەواوی لە هەموو بەها ئەخلاقییەکان داماڵرابوون، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە قەدەغە نەکرابوون، هەروەها دراما تورکییەکانیش تا ئەو کاتەی بابەتەکانی لە چوارچێوەی عەشق و خۆشەویستیدا بوو، تا ڕادەیەکی زۆر هۆکار بووە بۆ لادانە سێکسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵگەدا و سەرەڕای ڕەخنە و ئاگادارکردنەوە بەردەوامەکانی شارەزایان و پیاوانی ئایینی لە دەوڵەتانی عەرەبیدا، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ئەو ڕەخنانە بەهەند وەرنەگیراون، بەڵام کە کار گەیشتووەتە سەر بابەتی مێژوویی و سیاسی و گرژبوونی پەیوەندییەکانی هەردوو لا، ئیدی دەسەڵاتدارانی عەرەبی و بەتایبەت ئەو سێ وڵاتەی باس کران، هەر جۆرە ڕەخنە و بیانوویەک بە هەل دەزانن بۆ قەدەغەکردنی دراما تورکییەکان.

کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی عەرەب لەدوای بڵاوکردنەوەی دراما مێژووییەکان و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی درامای جۆراوجۆر لەو بوارەدا

دەستی پێ کرد و هەوڵەکانی قەدەغەکاری زیاد لە هۆکار و ڕەهەندی ئایینی زیاتر، خاوەن ڕەهەندێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە.

پێش درامای تورکی، دراما ئەمەریکی و مەکسیکی و ئەورووپییەکان بە جیهانی عەرەبیدا بڵاو بوونەتەوە، تەنانەت سینەما و درامای میسری بە ئیلهاموەرگرتن لە درامای ئەمەریکای لاتین دەست بە بەرهەمهێنانی کراوە و بە هۆکارێکی سەرەکیی داڕووخانی پێگە و سەنگی خێزانیش دانراوە لە کۆمەڵگەی میسری و عەرەبیدا. درامای "مخرج ٧" کە لەلایەن کەناڵی "MBC"ی عەرەبییەوە بەرهەم هێنراوە و پەخش کراوە، لەگەڵ ئەوەی بابەتی سەرەکیی دراماکە ژیانی ئافرەتانە، بەڵام هاوسەرگیریی ناشەرعی و نهێنی، هاوڕەگەزبازی، ڕاکردنی کچان لە ماڵ و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی سەربەست و دوور لە خێزان؛ ئەو بابەتانەن کە لە دراماکەدا ڕەنگی داوەتەوە و ڕێگەی خۆش کردووە بۆ تێکچوونی ئەخلاقی گشتیی کۆمەڵگە.

## گرژییەکانی تورکیا لەگەڵ سعودیە، ئیمارات و میسر و کاریگەریی لەسەر کەرتی دراما

ئەو ئاڵۆزییەی کە بە هۆی بەهاری عەرەبییەوە لە میسر و سووریا و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی سەری هەڵدا، ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ کرانەوەی دەرگایەکی دیکە بە ڕووی درامای تورکیدا ، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کەرتی بەرهەمهێنانی سینەما و فیلم و دراما لە میسر و سووریادا تووشی داڕووخانی زیاتر هات. بەهاری عەرەبی، هەڵوێستی توندی تورکیا لەسەر هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی عەبدولفەتاح سیسی لە میسر لە حوزەیرانی ٢٠١٣، تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی سعودی جەمال خاشقچی لەناو کونسوڵخانەی سعودیە لە ئەستەنبوڵ، قەیرانی گەمارۆی قەتەر و پشتیوانیی تورکیا بۆ قەتەر، تەداخولاتەکانی تورکیا بۆ باکووری سووریا و لیبیا و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و باکووری ئەفەریقا لە ڕێگەی دیپلۆماسی و سەربازییەوە؛ بوو بە هۆی گرژکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەریەک لە عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسر.

هەر چەندە هەندێک جار باس لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان دەکرێت، بەڵام تا ئێستا هیچ بەرەوپێشچوونێک لەنێوان تورکیا و ئەو وڵاتە عەرەبییانەدا نەبینراوە کە هێمایەک بێت بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانیان لە مەودایەکی نزیکدا.

بەپێی بۆچوونی هەندێک نووسەری عەرەب، دراما تورکییەکان وەک ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکیی "هێزی نەرم"ی تورکیا بەکار دەهێنرێت و تورکیا لەو ڕێگەیەوە هەوڵی دووبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتداریێتیی عوسمانی بۆ ناوچەکە و زیادبوون و فراوانکردنی ڕۆڵی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقادا دەدات.

لە ساڵی ٢٠١٣، کەناڵی "MBC"ی عەرەبستانی سعودی پەخشکردنی دراما تورکییەکانی ڕاگرت. لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا و تەنها سێ مانگ پاش هەڵگەڕانەوە سەربازییەکەی عەبدولفەتاح سیسی لە میسڕ، گرووپی پەخش و بڵاوکردنەوەی "حەیات"ی میسڕی دەستبەرداری پەخشکردنی دراما تورکییەکان بوو.

لە ساڵی ٢٠١٣، وەک ئەلتەرناتیڤی دراما تورکییەکان، لە میسڕ درامای "ادم و جمیله" بەرهەم هێنرا، بە دەربڕینی میسڕییەکان خۆیان "درامای میسڕی بە تامی تورکی". کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی عەرەب لەبەرامبەر شەپۆلی درامای تورکی لە سووریاشدا دەرکەوت، ئەو کۆمپانیایانەی کە دراما تورکییەکانیان بۆ زمانی عەرەبی دۆبلاژ دەکرد، دەستبەرداری ئەو کارە بوون و جارێکی دیکە دەستیان کردووەتەوە بە دۆبلاژ و پەخشی دراما مەکسیکی و ئەمەریکییەکان ، ئەمەش دەرەنجامی ئەو سیاسەتە بوو کە تورکیا لەبەرامبەر سووریا گرتیە بەر هەتا ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە باکووری سووریا. لەمانەش زیاتر، لە میسڕ فەتوای حەرامیی تەماشاکردنی درامای تورکیی "هەستانەوەی ئێرتوغروڵ" (Diriliş Ertuğrul) دەرکرا.

لە لایەکی دیکەوە ئیمارات لە ساڵی ٢٠١٩ بە بودجەی ٤٠ ملیۆن دۆلار درامای پادشایانی ئاگر (ممالک النار)ی بەرهەم هێنا و لەلایەن کەناڵی "MBC"ی سعودییەوە پەخش کرا ، ئەم درامایە وەک بەرهەمێکی هاوبەشی ئیمارات و عەرەبستانی سعودی و میسڕ دەرکەوت کە بەتەواوی دەوڵەتی عوسمانی بە داگیرکەر وێنا دەکات. دراماکە وەک بەشێک لە "هێزی نەرم"ی ئەو سێ وڵاتە لەبەرامبەر "هێزی نەرم"ی تورکیا و شەپۆلی درامای تورکی و کاریگەرییەکانی لەسەر بینەری عەرەب لێک دەدرێتەوە، چونکە ئەو مەترسییە لەلای دەسەڵاتدارانی عەرەب سەری هەڵداوە کە دراما تورکییەکان و بەتایبەتییش ئەو دراما مێژووییانەی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بڵاو دەکرێنەوە، کاریگەریی کردووەتە سەر بینەری عەرەب و دەسەڵاتدارێتیی ئێستای تورکیای وەک میراتگری "دەوڵەتی عوسمانیی ئیسلامیی یەکگرتوو کە هەموو نەتەوەکان لە سایەیدا بە ئارامی و سەربەست ژیاون"؛ نیشان داوە. پوختەی دراماکە (Trailer) کە پێش پەخشکردنی دراماکە وەک ڕیکلامێک بۆ ناساندنی دراماکە بە بینەر لە یوتیوب بڵاو کراوەتەوە، بە دەستەواژەی "بە خوێن ئیمپراتۆریەتیان بەڕێوە دەبرد، ئەمەش لەکەیەکە تا ئێستاش بە ناوچاوانیانەوەیە" دەست پێ دەکات. واتە دراماکە وەک پڕوپاگەندەیەک هەوڵ دەدات بە بینەری عەرەب بڵێت ئەو ئیمپراتۆریەتەی تۆ دڵت پێی خۆشە و شانازیی پێوە دەکەیت، بە زەبری ئاگر و ئاسن و لەسەر حسابی خوێنی

باوباپیرانت مەملەکەتەکەتی بەڕێوە بردووە، لێرەشەوە دەیەوێت تۆوی ڕق و کینە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا دژی تورکیا بچێنێت و ئەو هەستە لای خەڵکی عەرەب دروست بکات کە دەسەڵاتدارانی تورکیای ئێستا نەوەی ئەو کەسانەن کە بە خوێن و ئاگر بوون بە سەرداری باوباپیرانی عەرەب. واتە ئامانجی سەرەکیی دراماکە کەمکردنەوەی کاریگەریی دراما تورکییەکانە کە ڕوویەکی گەش و جوانی تورکیا و دەوڵەتی عوسمانییان دروست کردووە، بەوەی ڕوویەکی قێزەون بۆ تورکیا و مێژووەکەی لەبەر چاوی بینەری عەرەب دروست بکات.

کەناڵی "MBC DRAMA" لە لاپەڕەی تایبەتیی خۆی لە فەیسبوک لە ڕێکەوتی ٢١ی مارتی ٢٠١٩ کە خۆی بە بینەران ناساندووە، باس لەوە دەکات کەناڵەکەیان "درامای وڵاتانی میسر، سووریا، وڵاتانی کەنداو، مەکسیک و هیندستان" پەخش دەکات، بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە دراما تورکییەکان ناکات کە بە درێژایی چەندین ساڵ لەو کەناڵەوە بە دۆبلاژی عەرەبی پەخش کراون، ئەمەش ڕادەی ململانێکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و کاریگەریی لەسەر میدیا و درامای عەرەبی نیشان دەدات.

بەپێی ڕاپۆرتێکی پێگەی "العرب الجدید"، عەرەبستانی سعودی و ئیمارات لە ڕێگەی دراماکانی "حارت الیهود، ام هارون و مخرج ٧" کە هەموویان لە کەناڵی "MBC DRAMA"ەوە پەخش کراون، هەوڵ دەدەن کاریگەریی درامای تورکی و خودی تورکیا لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی کەم بکەنەوە و لە بەرامبەردا بە جوان نیشاندانی یەهودیەت و وێنای ئیسرائیل وەک کۆمەڵگە و دەوڵەتێکی دوژمنی عەرەب بگۆڕن بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە پێویستە مامەڵەی ئاسایی لەگەڵدا بکرێت. بابەتی سەرەکیی ئەم سێ درامایەی کە بریتییە لە گێڕانەوەی ژیانی چەند خێزان و قەبیلەیەکی ئیسرائیلی کە لە ڕابردوودا "چەند بە پاکی ژیاون"، ئەمەش وەک هەوڵێکی سەرەتایی و ڕێگەخۆشکردن بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵام دەبێت بزانین ئاساییکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە لەسەر حسابی گرژکردنی زیاتری پەیوەندییەکانیانە لەگەڵ تورکیا.

لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی عەرەب هۆکاری بەدئەخلاقیی کۆمەڵگە بە هۆی دراما تورکییەکانەوە وەک کارتێکی سیاسی بەکار دەهێنن. لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی چەندین ساڵ پیاوانی ئایینی، زانایان، کۆمەڵناس و دەروونناسانان لە وڵاتانی عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسر و زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی عەرەبییش هاواریان کرد لەدەست خراپی دراما تورکییەکان، هیچ کەس گوێی بۆ نەگرتن، بەڵام کاتێک پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتانە

لەگەڵ تورکیا ئاڵۆزیی تێ کەوت، بە بەهانەی "پاراستنی ئایین و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە" هەوڵەکانی ڕێگری لە پەخشکردنی دراما تورکییەکان دەستی پێ کرد. تەنانەت زانکۆی ئەزهەر لە میسرِ ناچار کرا کە بە بەهانەی "ڕێخۆشکەرە بۆ بەدئەخلاقیی کۆمەڵگە"، فتوای حەرامیی درامای "هەستانەوەی ئێرتوغروڵ" (DiriliŞ ErtuŞrul) دەربکات ، لە کاتێکدا لەو درامایەدا هیچ گرتەیەکی هاندان بۆ کاری سێکسیی تێدا نییە، تەنانەت ئەو ئافرەت و کچە گەنجانەی کە لە دراماکەدا ڕۆڵ دەبینن؛ بە سەرپۆشەوە دەردەکەون.

لە لایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی عەرەب لە کۆتاییەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١دا، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی تایبەتدا پشتیوانییان لە درامای تورکی کرد و لە پێناوی کرانەوەی زیاتری جیهانی عەرەبی بە ڕووی دونیادا و وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بەعەلمانیکردنی کۆمەڵگەی عەرەبی، ڕێگەیان بە بڵاوکردنەوەی دراما تورکییەکان دا. بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی عەرەبی کە پارێزگار و ئیسلامییەکانن، لەژێر کاریگەریی دەقەکانی ئایینی ئیسلامدا ئامادە نەبوون تەماشای دراما میسری و سوورییەکان و دراما دۆبلاژکراوە مەکسیکییەکان بکەن، بەڵام بە بەهانەی ئەوەی کە دراما تورکییەکان هەر چەندەش باس لە عەشق و خۆشەویستی بکەن و تەنانەت بینەر بۆ لادانی سێکسی هان بدەن، مادام لەلایەن تورکیاوە بەرهەم هێنراوە و ئەویش بە وڵاتیکی ئیسلامی و دۆستی عەرەبەکان دادەنرا لە ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠١٢)، ئەوا تەماشاکردنی بە کارێکی ئاسایی لێک درایەوە.

دراما "بە شێوەیەکی کاتی بینەر لە جەنجاڵیی ژیانی ڕۆژانە بەرەو جیهانێکی خەیاڵی دەبات و لە ماندوویێتی و پەستانی کاری ڕۆژانە کەمێک ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت". لەسەر ئەم بنەمایە، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی دراما تورکییەکانەوە، ئەو کاتەی کە بابەتی سەرەکیی دراما تورکییەکان بریتی بوو لە عەشق و خۆشەویستی و ژیانێکی شاهانە لە ڤێللایەکی کەنار دەریا و گەرووی ئەستەنبوڵ، دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتییش سعودیە و ئیمارات، بە مەبەستی سەرقاڵکردنی هاوڵاتیی عەرەب بەو درامایانە و دوورخستنەوەیان لە بایەخدان بە بابەتە سیاسییەکان و بەخشینی ئاسوودەییەکی کەم و کاتی بە دەروونی ماندوویان و کەمکردنەوەی ناڕەحەتی و سەرقاڵییەکانی ڕۆژانەیان، نەک ڕێگەپێدان بەڵکوو دەسەڵاتداران خۆیان بەشێک بوون لە هەڵمەتی پشتیوانیی پەخشکردنی دراما تورکییەکان و ڕەواجپێدانی. بەڵام کاتێک ناوەڕۆکی درام تورکییە پەخشکراوەکان بەگشتی بریتی بوو لە بابەتی مێژوویی و سیاسی و ئایدۆلۆژی، ئیدی دەسەڵاتدارانی

عەرەب کەوتنە هەوڵی ڕاگرتنی پەخشی ئەوە دراماپانە و هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی دراماگەلێک بۆ بەرەنگاریی ئەو دراما تورکییانە.

لە لایەکی دیکەوە دراما تورکییەکان وێنای تورکیای وەک وڵاتێکی دواکەوتوو لە مێشکی عەرەبەکاندا گۆڕی و تەنانەت وێنەیەکی زۆر گەورەتر لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ وڵاتانی عەرەبی دروست کرد. سەرەتا لە ڕێگەی درامای خۆشەویستییەوە وێنای تورکیا وەک وڵاتێکی جوانی شارستانی پێشکەوتوو بە عەرەبەکان نیشان درا، پاشان لە ڕێگەی چەند درامایەکی پۆلیسی و ئەمنیی وەک دۆڵی گورگەکان (KURTLAR VADİSİ) کە بە ١٢ وەرز و لە ماوەی ١٢ ساڵ پەخش کرا، دۆخی ناوخۆیی تورکیا و بەهێزیی دەزگا ئەمنی و سیخوڕییەکانی تورکیا و هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ شێواندنی ئاسایشی تورکیا؛ نمایش کرا. لە قۆناغی دواتردا، لە ڕێگەی دراماگەلێکی وەک بەڵێن (SÖZ) و نۆبەت (NÖBET) ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی لە دەرەوەی تورکیاوە بەتایبەت لەسەر سنوورەکانەوە دروست کراوە لەسەر تورکیا و هەوڵەکانی تورکیا بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵانە، خرایە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و دەزگا سیخوڕی و سەربازی و ئەمنییەکانی تورکیا وەک هێزێکی بێڕکابەر کە دەتوانێ هەر مەترسییەکی سەر تورکیا پووچەڵ بکاتەوە؛ نیشان دران. لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە، لە ڕێگای دراماکانی هەستانەوەی ئێرتوغروڵ (Diriliş Ertuğrul)، هەستانەوەی عوسمان (Diriliş Osman)، بەخەبەربوونی سەلچوک (Uyanış Selçk)، تورکیا دەستی کردووە بە هەڵدانەوەی "مێژووی پڕ سەروەریی خۆی" لە ڕێگەی نمایشکردنی دامەزراندن و بەهێزبوونی دەوڵەتەکانی عوسمانی و سەلجوقی. پێشبینی دەکرێت لە ئایندەدا وەک ململانێی فیلمە خەیاڵییەکانی ئەمەریکا و بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ پەلهاویشتنەکانی تورکیا بەرەو وڵاتانی دراوسێ و جیهان، دراماگەلێک بەرهەم بهێنرێت کە ناوەرۆکەکەی باس لە "کۆماری گەورەی تورکیا" یاخود "کۆماری گەورەی ئیسلام" یان "خەلافەتی نوێی ئیسلامی" بکات. هەموو ئەم دراماپانە وێنای تورکیای لە مێشکی بینەر بەگشتی و بەتایبەت بینەری عەرەبدا بە شێوەیەکی ئەرێنی گۆڕیوە و بووەتە هۆی چاوکرانەوەی هاوڵاتیی عەرەب بەوەی ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتدارانیان بکەن لەسەر دابیننەکردنی ژیانێکی خۆش بۆ هاوڵاتیان و نەبوونی ئازادیی تاکەکەسی و ڕادەربڕین و بەردەوامیی تاکڕەوی لە وڵاتەکانیاندا، ئەمەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکانیان لێک دەدرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی عەرەب و شارەزایانی بواری نەتەوەیی لە جیهانی عەرەبیدا لە لایەک باس لە هەستانەوە و زیندووبوونەوەی گیانی نەتەوەپەرستی لە کۆمەڵگەی عەرەبی و دەسەڵاتدارانی عەرەب دەکەن و لە لایەکی تریشەوە تێبینیی ئەوەیان کردووە کە لە دراما مێژوویی و پۆلیسییە تورکییەکاندا بابەتی نەتەوەپەرستی و تورکچێتی زەق کراوەتەوە و نەتەوەی تورک وەک سەردەست و نەتەوەکانی دیکە وەک ژێردەست و خزمەتکار وێنا کراوە. دەکرێت هۆکارێکی سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییەش لە سیاسەتی گشتیی تورکیادا بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان (Adalet ve Kalkınma Partsis)ی دەسەڵاتدار لەگەڵ پارتی دیموکراتی گەلان (Halklar Demokratik Partisi) و هەڵپەساردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز و ڕێککەوتنی کۆمار (Cumhur Ittifakı) لەنێوان پارتی داد و گەشەپێدان و پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا، کە وای کردووە بابەتی نەتەوەپەرستیی تورکی لە سەرجەم بوارەکاندا زیاتر جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەمەش جارێکی تر کاریگەریی سیاسەت لەسەر دراما و پێچەوانەکەی و پەیوەندیی بەهێزی ئەم دوو بوارە و گرنگیی دراما وەک ڕەگەزێکی گرنگی "هێزی نەرم" دەردەخات.

ڕۆژنامەی "البلد"ی میسری باسی لەوە کردووە کە چەندێک ژمارەی ئەو کەسانەی کە پشتیوانی لە هەڵمەتی بایکۆتی دراما تورکییەکان دەکەن لە زیادبووندا بێت لە ئاستی بینەراندا، بە هەمان ڕاژە ژمارەی ئەو کەسانەی دژایەتیی ئەو بایکۆتە دەکەن لە زیادبووندایە. سەرباری بایکۆتی دراما تورکییەکانیش، بە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر دراما تورکییەکان، کەناڵێکی وەک "CBC" کە لەگەڵ دەرکردنی بڕیاری پەخشنەکردنی دراما تورکییەکان بوو لە ڕابردوودا، دووبارە بەناچاری بڕیاری داوە دەست بکاتەوە بە پەخشی دراما تورکییەکان.

بەگشتی دەسەڵاتدارانی ئەو سێ وڵاتە عەرەبییە لە سێ ئاستدا لە هەوڵدان بۆ بەربەرەکانێی درامای تورکی:

١. ڕێگری لە پەخشکردنی دراما تورکییەکان لە تەلەڤزیۆنە عەرەبییەکانەوە.

٢. بەرهەمهێنانی درامای عەرەبی لەسەر هەمان شێواز و چۆنێتیی دراما تورکییەکان و بە هەمان ناوەرۆکەوە، بە جۆرێک لەگەڵ تایبەتمەندی و داواکارییەکانی بینەر و کۆمەڵگەی عەرەبیی مۆدێرندا بگونجێت، ئەمەش زیاتر لە درامای عەشق و خۆشەویستی و بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە لە میدیای عەرەبیدا بە "دراما عەرەبییەکان بە تامی تورکی" وەسف کراوە، بۆ نموونە: بەرهەمهێنانی درامای "ادم و جمیلە" لە میسر لەساڵی ٢٠١٣، هەروەها درامای

"هوی بغداد" لە عێراق کە لەبەر ئەوەی لەسەر شێوازی درامای تورکی و بە ڕۆڵگێڕانی سەرەکیی کچێکی بە ڕەگەز عێراقی تونسی لە ڕێگەی چیرۆکی عەشقی کچ و کوڕێکەوە باسی بەغدادی پایتەختی عێراق دەکات، لە میدیای عەرەبیدا بە "هوی بغداد بنکهه ترکیه تونس" وەسف کراوە.

٣. هەڵمەتی "درامای بەرامبەرکێ" یاخود "درامای پێچەوانە"، واتە ئەو درامایانەی کە باس لە بابەتێکی مێژوویی پەیوەندیدار بە تورکیا یاخود وڵاتێکی دیکە دەکەن، بە مەبەستی گۆڕینی مەیلی بینەری عەرەبی لە تەماشاکردنی درامای تورکییەوە بۆ ئەو درامایانە کە باس لە بابەتێکی بەدەر لە تورکیا دەکەن، یان بە جۆرێک لە جۆرەکان باس لە تورکیا دەکەن کە بەناشیرینی حکومەت و نەتەوەی تورک و مێژووەکەیان وێنا دەکات، نموونەی ئەمەش درامای "پادشایانی ئاگر" (ممالک النار)ە.

## توانای ڕکابەریی دراما تورکی و عەرەبییەکان

دراما تورکییەکان بوون بە سەرچاوەیەکی زۆر باش بۆ داهاتی گشتیی تورکیا و ژمارەیەکی زۆر هەلی کاریان لەو وڵاتەدا ڕەخساندووە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە ئەو درامایانە خواستیان لەسەرە و هەندێکیشیان بە نرخی خەیاڵی دەفرۆشرێن، بەڵام کەرتی سینەما و درامای وڵاتانی عەرەبی لە ئێستادا بە درامای میسری و سوورییشەوە داتەپیوە و نەک ناتوانێت داهاتێک بۆ بودجەی گشتیی وڵات فەراهەم بکات و هەناردەی دەرەوە بکرێت، بەڵکوو بووە بە بارێک بەسەر بودجەوە و دەبێت دەوڵەت خەرجییەکەی دابین بکات.

لە لایەکی ترەوە هیچ فیلم و درامایەکی عەرەبی لە پێگەی سینەمایی نێتفلیکس (NETFLEX)ی ئەمەریکی نابینرێت کە لە نزیکەی ١٩٠ وڵاتدا زیاتر لە ١٥٠ ملیۆن بینەر و بەشداربووی هەیە، بەڵام چەندین فیلم و درامای تورکی بە دراما مێژوویی و سیاسییەکانیشەوە لەسەر شاشەی سەرەکیی پێگەکەدا بەرچاو دەکەوێت و بەشی تایبەتیش لە پێگەکەدا بۆ فیلم و درامای تورکی جیا کراوەتەوە.

پێویستە ئەوەمان بیر نەچێت کە بۆ ئەوەی کەرتی دراما بەرەوپێش بچێت، پێویستە لە بوارەکانی دیکەشدا بەرەوپێشچوون بەدی بێت، بۆ ئەمەش پێویستە ئەو وڵاتە خاوەن مێژوو و کولتوور و شارستانیەتێک بێت کە بتوانێت چیرۆکی دراماکانی لەو شارستانیەت و مێژووەوە دەستەبەر بکات، لە هەمان کاتدا خاوەن دەرهێنەر و سیناریست و عەقڵێکی وەها بێت کە ئەو کولتووورە و ڕابردووەکەی بکات بە فیلم، هەروەها لە

ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا خاوەن پێگەیەکی دیپلۆماسیی بەهێز و فراوان و هێزێکی سەربازیی وەها بێت کە بتوانێت لەنێو ململانێ هەرێمی و نێودەڵەتییەکاندا خاوەن قسە بێت. لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەت عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، بە پشتیوانیی ئەمەریکا نەبێت لە زۆربەی بوارەکاندا بەرگەی یەک شاڵاوی ئێرانی دراوسێیان ناگرن و لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا ناویان لە سەرەتای کۆتاییەکانیشدا نانووسرێت، بۆیە زۆر قورسە بتوانن ڕکابەری لەگەڵ هێزێکی وەک تورکیادا بکەن کە خاوەن ستراتیژیەتێکی قووڵی دیپلۆماسی و سەربازییە و شانازی بە ڕابردووی دەوڵەتانی عوسمانی و سەلجوقییەوە دەکات و لە هەندێک پرسی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا خەریکی قۆڵبادان و زۆرانبازییە لەگەڵ هێزە زەبەلاحەکانی وەک ئەمەریکا، یەکێتیی ئەورووپا، ڕووسیا و چین. لەبەر ئەم هۆکارانە، هەریەک لەو سێ وڵاتە بەتایبەت عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، لە چوارچێوەی بەکارهێنانی "هێزی نەرم"دا ڕۆیشتوونەتە ناو پێشبڕکێیەکەوە کە هەر لە سەرەتاوە دۆڕاون.

لە لایەکی دیکەوە دراما تورکییەکان لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا بۆ ناوخۆی وڵاتەکە خۆی و تەنها بە ئاراستەی بینەری تورکیا بەرهەم دەهێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی بەرچاو بە دراما مێژوویی و سیاسییەکانیشەوە هەناردەی دەرەوەی تورکیا دەکرێن و بە چەندین زمانی جیهانی دۆبلاژ و پەخش دەکرێن و هەم لە ئاستی بینەردا هەمیش لە ئاستی بەرپرسی پایەبەرزی وڵاتاندا پێشوازییەکی گەرمیان لێ دەکرێت و پشتیوانی دەکرێن، هەر لە ئەمەریکای باشوورەوە تاوەکوو ئەفەریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و تاوەکوو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و ڕووسیا. بەڵام دراما عەرەبییەکان تەنها لە ئاستی ناوخۆیی وڵاتانی عەرەبیدا قەتیس ماون و نەک بۆ وڵاتانی جیهان، بەڵکوو تەنانەت نەتوانراوە بۆ بینەری تورکیش بە دۆبلاژی تورکی پەخش بکرێن کە لەدوای بینەری عەرەب؛ بینەری تورک دەبێت ئامانجی بەرهەمهێنەرانی ئەو درامایانە بێت. بۆ نموونە درامای پادشایانی ئاگر (ممالك النار) چەندێک پەیامی تێدا بێت بۆ بینەری عەرەب و پێی بڵێت دەوڵەتی عوسمانی بەو جۆرە ستەمی لە بابوباپیرانی عەرەب کردووە، دەبێت زیاد لەوە ئەو پەیامە بە تورکەکان بدات کە "بابوباپیرانی ئێوە بەم جۆرە ستەمیان لە بابوباپیرانی ئێمە کردووە، ئەمەش لەکەیەکە هێشتا بە ناوچاوانتانەوەیە و ئەمڕۆ یان سبەی

دەبێت باجەکەی بدەن". لە هەمان کاتدا مانای ئەوەیە تا ئێستا ئەم وڵاتە عەرەبییانە بەتایبەت لە بواری سینەما و دراماد‌ا، تەنانەت نەیانتوانیوە نە لە ئاستی هەرێمی و نە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بکەونە ڕکابەریی درامای تورکی، نەک ئەوەی کە بتوانن پێشبڕکێکەی لێ ببەنەوە. لەبەر ئەوە دەتوانرێت بوترێت ئەو پەیامەی کە لە درامای عەربیدا دەنێردرێت، بەتایبەتی لە بابەتی ڕکابەریی تورکیادا، تەنها لە چوارچێوەی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا قەتیس ماوە، هەڵبەت لەم ڕێژەیەش ئیسلامییە دۆستەکانی تورکیا بەدەرە.

جگە لەوەش، بەشێکی ڕکابەرییەکە لە ڕێگەی قەدەغەکردنی پەخشی دراما تورکییەکان لەو وڵاتە عەرەبییانەدا بەرجەستە دەکرێت، کە ئەمەش مانای ئازایەتی و سەرکەوتن نییە بۆ کەرتی درامای عەرەبی.

ڕکابەریی ئەو دوو بەرەیە لە ڕێگەی دراماوە بەدەر لە ڕوانگە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکەی، پێویستە لە ڕوانگەی گەشتیاری و ئابوورییشەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی نیشاندانی هەر شوێن و کەرەستە و کەلوپەلێک جگە لەوەی ڕیکلامێکی ناڕاستەوخۆی زۆر کاریگەرە بۆ ئەو شوێن و بەرهەمە کە هەندێک جار کاریگەرییەکەی لە ڕیکلامی ڕاستەوخۆ زیاترە، لە هەمان کاتدا هەڵگری چەندین پەیامی ناڕاستەوخۆی سیاسی، ئایدۆلۆژی و کولتوورییە، لەم ڕوانگەیەوە شوێن لە دراما عەرەبییەکاندا هێندەی ئەو شوێنانە سەرنجی بینەر ڕاناکێشێ کە لە دراما تورکییەکاندا دەردەکەون. ئەگەر هۆکارێکی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی جوان و دڵگیری تورکیا، بەڵام یەکپارچە بەبیابانبوونی نیشتمانی عەرەبی، لە لایەکی ترەوە هۆکاری ئەمە بوونی ئەزموون و شارەزاییە لەلای دەرهێنەرە تورکەکان لە هەڵبژاردنی شوێنی وێنەگرتنی دراماکاندا.

لە لایەکی دیکەوە ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی لە دراما عەرەبییەکاندا نیشان دەدرێن، بەتایبەت لەو درامایانەی کە بابەتەکەیان عەشق و ژیانی ئاسایی کۆمەڵایەتییە و باس لەم سەردەمە دەکەن، هاوردەی وڵاتانی دیکە و لە نێویشیاندا تورکیان. کەواتە ئەم درامایانە جارێکی دیکە بە ناڕاستەخۆ ڕیکلام بۆ بەرهەمی کۆمپانیای تورکی و وڵاتانی دیکە دەکەن. بەپێچەوانەشەوە، لەبریی ئەوەی ئەم درامایانە ببنە هۆکاری ڕیکلامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ بەرهەمی وڵاتەکانی خۆیان، چ بۆ بینەری ناوخۆ و چ بۆ بینەری دەرەوە، کەچی بوون بە ڕیکلامکارێکی بێبەرامبەر کە تەنانەت ناتوانن مافی سپۆنسەریی دراماکانیشیان وەربگرن،

واتە دەبوو لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەمەکانیان لەو دراما عەرەبییانەدا بەکار دەهێنرێن سپۆنسەر بکرێن، بەمەش بودجەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەو درامایانە لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دابین دەکرا و خەرجییەکەی لەسەر شانی دەوڵەت نەدەما، بەڵام نەتوانراوە تەنانەت ئەوەش بەدەست بهێنرێت.

لێرەوە تێدەگەین کە لە ئێستادا درامای عەرەبی نەک ئەو توانایەی نییە ببێت بە ڕکابەری درامای تورکی، بەڵکوو ئەو دراما عەرەبییانە بوون بە بەشێک لە ڕیکلامی ناڕاستەوخۆ بۆ کۆمپانیا و بەرهەمە تورکییەکان.

لە ڕوانگەی ناوەرۆکەوە، لە دراما تورکییەکاندا باس لە مێژووی ئیسلام و سەروەرییەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و سەلجوقی و ئایدۆلۆژیای تورکی و بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی تورکی دەکرێت، ناوەرۆکی بەشێک لە دراما عەرەبییەکان تەنها برییتیە لە کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەو دراما تورکییانە و نەیانتوانیوە ئەو مێژووە پڕ سەروەرییەی کە لە سایەی ئیسلامدا بۆ عەرەبەکان لە نیمچەدوورگەی عەرەبدا بەدەست هات، لە ڕێگەی چاوی کامێرا و سیناریۆی بەهێز و درامای سەرنجڕاکێشەوە بۆ بینەری عەرەب و تورک و جیهانی بخەنە سەر شاشەکان بە جۆرێک بە سوودی خۆیاندا بشکێتەوە.

## چاوەڕوانییەکان
## لە دۆخی ئاڵۆزی پەیوەندییەکاندا

هەر چەندە لێرە و لەوێ باس لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەو سێ وڵاتە بەتایبەت لەگەڵ سعودیە و میسڕ بکرێت، ئەوەی دەبینرێت هەنگاوگەلێکی زۆر هێواشە و تەنها شتێکی ڕووکەشە.

دەسەڵاتدارانی تورکیا بە مەبەستی ڕازیکردن و دامرکاندنەوەی کەفوکوڵی ڕای گشتیی ناوخۆیی وڵات، ئەو هەنگاوانە دەنێن و لە ستراتیژدا ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بەئاسانی بەدی نایەت.

ئاڵۆزتربوون و قووڵتربوونی کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا، بەتایبەت بابەتی نەتەوایەتی و ململانێی نەتەوایەتیی تورک و کورد ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندایە، ئەمەش کاریگەریی کردووەتە سەر دووبارە گەشەسەندنەوەی نەتەوەپەرستیی تورک و لە هەمان کاتدا "ڕێککەوتنی کۆمار" لەنێوان پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار و پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا وای کردووە بابەتی نەتەوەپەرستیی تورکی زیاتر لەناو میدیای تورکی و سینەما و درامای تورکیدا پەرە بسێنێت، بەتایبەت لە ئێستادا لە کەرتی درامای تورکیدا بە پشتیوانیی پارتی دەسەڵاتدار هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەرهەمهێنانی درامای مێژوویی لەسەر

ئەو دەوڵەتە تورکییانەی کە بە درێژایی مێژوو لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتدار بوون؛ دەستی پێ کردووە، پارتی نەتەوەپەرستی تورکیاش (MHP) بابەتەکەی زیاتر تۆخ کردووەتەوە و بە هەلێکی دەزانێت کە نەتەوەپەرستیی تورکی زیاتر گەشە پێ بدات و ڕەگداکوتاوتری بکات لە کۆمەڵگەی تورکیدا.

هەر چەندە ئەو درامایانە بە ئاراستەی بینەری تورکی و بۆ ناوخۆی تورکیا بەرهەم دەهێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا خواستێکی زۆری لەلایەن بینەری وڵاتانی دیکەوە لەسەرە بە بینەری عەرەبیشەوە. لە لایەکی دیکەوە بەو پێیەی زۆرێک لە مسوڵمانانی جیهان و ئەو حکومەتانەی ئیسلامین یاخود مەیلێکی ئیسلامییان هەیە، بەدەر لە هەندێک وڵاتی عەرەبیی وەک میسڕ و عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، تورکیا وەک برا گەورەی جیهانی ئیسلامی دەبینن و ئومێدیان بە تورکیایە کە جارێکی دیکە "خەلافەتی ئیسلامی" بۆ مسوڵمانان زیندوو بکاتەوە، ئەمەش وای کردووە وڵاتانی وەک میسڕ و سعودیە و ئیمارات بکەونە خۆیان و زیاتر نەتەوەپەرستیی عەرەبی ڕەنگ بداتەوە لە ناخیاندا و بکەونە ڕکابەریی تورکیا.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەو وڵاتە عەرەبییانە ئاڵۆزتر ببێت، ئەوا بژاردە و بابەتی دیکەی زۆر گرنگ و هەستیار هەن کە دەرهێنەران و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی دراما لە وڵاتانی عەرەبیدا بە پشتیوانیی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان دەتوانن دەستی بۆ ببەن و بیکەن بە بابەتی دراماکانیان، بۆ نموونە بابەتی کورد لە تورکیا و پەکەکە و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا و هەرێمی کوردستان، لە لایەکی دیکەوە بابەتی لایەنگرانی فەتحوڵا گولەن کە لە جیهان و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی ڕکابەریی تورکیا دەکەن بە لایەنگرانی "خزمەت" ناسراون و بەڵام لە تورکیادا وەک ڕێکخراوی تیرۆریستیی فەتحوڵا گولەن Fethullah Gülen Terör Örgütü) (FETÖ ناسێنراون. لێرەدا وەک چۆن تورکیا چەندین فیلم و زنجیرەدرامای لەسەر ئەم بابەتانە کە لە بەرژەوەندیی تورکیا دان، بەرهەم هێناوە و لە ناوخۆی تورکیا پەخش کراوە و بەشێکیشیان دۆبلاژی عەرەبی و چەندین زمانی دیکە کراون و پەخش کراون، بە هەمان شێوە دەستبردنی وڵاتانی ڕکابەری تورکیا بۆ ئەم بابەتانە و داڕشتنی سیناریۆ بە جۆرێک لە دژی تورکیا بێت؛ ئەگەرێکی کراوەیە. بەڵگەش بۆ ئەمە، لە بواری سیاسی و سەربازی و ئابووریدا دەستبردنە بۆ ئەو ئەگەرە و جێبەجێکردنی، وەک دەزانرێت میسڕ هاوکارییەکی باشی جەماعەتی خزمەتی کردووە لەو ڕوانەوە دژی تورکیا،

عەرەبستانی سعودی و ئیماراتیش لە هاوکاریی سەربازی و سیاسی و ئابووریدا بۆ پەکەکە و پەیەدە پێشبڕکێیانە.

بۆیە لە ئێستادا ئەگەری بەهێز وەک لە بواری سیاسیدا دەردەکەوێت، لە بواری ڕاگەیاندن و سینەما و درامایشدا هەمان ڕکابەری بەردەوامی دەبێت و دەکرێت توندتریش ببێت.

## لە دۆخی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکاندا

ئەگەر لە ئایندەدا -با دووریش بێت- پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو وڵاتە عەرەبییانە ئاسایی ببێتەوە، ئەوا تورکیا ڕاناوەستێت لە بەرهەمهێنان و پەخشی دراما مێژووییەکانی، چونکە لە لایەک خۆی بە میراتگری دەوڵەتی عوسمانی و هەموو دەوڵەتە تورکییەکانی دیکە دەزانێت، بۆیە بە مافێکی ڕەوا و بگرە شانازییشی دەزانێت کە تەواوی مێژوو و شانازییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە ڕێگەی دراماوە نیشانی سەرەتا بینەری تورک و پاشان بینەری جیهانی بدات.

لە لایەکی دیکەوە تورکیا ئەو درامایانە بۆ ناوخۆی وڵاتەکەی بەرهەم دەهێنێت، ئەوە تەلەڤزیۆنە عەرەبی و تەلەڤزیۆنی وڵاتانی دیکەن کە پارەش دەدەن بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەرە تورکەکان مۆڵەتیان بدەن کە ئەو درامایانە دۆبلاژ و پەخش بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت بزانین کە بینەری عەرەبیش لەناو دراما مێژووییەکاندا تەنها سەرنجی بۆ سەر ئەو درامایانە دەڕوات کە باس لە دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانەکانی دەکەن، ئیدی درامای دیکە زۆر سەرنجی ڕاناکێشێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا، وڵاتانی عەرەبی لە لایەک بە هۆی کاریگەری و کۆتوبەندەکانی ئەمەریکا و ئەورووپا و ئیسرائیل، لە لایەکی دیکەش بە هۆی ئەوەی کە خودی دەسەڵاتدارانی ئێستای ئەو وڵاتە عەرەبییانە ویستیان نییە بۆ بەرهەمهێنانی دراماگەلێک کە مێژووی عەرەب لە سەردەمی مسوڵمانان و شانازییەکانیان بگێڕێتەوە، بەدەر لەوەش دەتوانرێت بگوترێت "عەرەب شتێکی دیکەی نییە مایەی شانازی و سەرنجڕاکێشان بێت"، بۆیە ناتوانن بەباشی ڕکابەریی درامای تورکی بکەن.

جگە لەمانەش، لە دۆخی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەو وڵاتە عەرەبییانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوخۆیی تورکیا و پەیوەندییەکانی تورک و کورد لە تورکیا و داکشانەوەی شەپۆلی نەتەوەپەرستیی تورکی، ئەم جارە تورکیا دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی دراما لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی

و پێشڕەویی سوپای مسوڵمانان و فەتحی وڵاتان لەلایەن ئەو سوپایەوە، لەم دۆخەشدا بە هەر جۆرێک بێت دواجار گرتەی خەیاڵی و نەتەوەپەرستیی تورکی تێکەڵ بە ڕووداوەکان دەکرێت بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی تورکیا بێت، لێرەشدا دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی ناتوانن بەئاشکرا ڕەخنە لەو دراماییانە بگرن و دژایەتیی بکەن، چونکە لە چاوی بینەردا لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئەو دراماییانە باس لە سەردەمی زێڕینی ئیسلام دەکات و نایانەوێت ڕەخنەی لێ بگیرێت، بەڵام گرتە خەیاڵییەکان پاش چەندین ساڵ چی لە لاهەست (لا شعور)ی بینەردا دەچەسپێنێت، قورسە پێشبینیکردنی!

## دەرئەنجام

عەرەبستانی سعودی، ئیمارات و میسر، دوای گرژبوونی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیادا لە بواری سیاسیدا، لە ڕێگەی میدیا و دراماوە لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ ڕکابەری و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی درامای تورکی لەسەر بینەری عەرەبی و وڵاتەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا لەم ململانێیەدا هەر چەندە ئەم وڵاتە عەرەبییانە، بەتایبەت عەرەبستانی سعودی و ئیمارات، خاوەن ئابووری و بودجەیەکی زەبەلاح بن، بە هۆی پەیوەستییان بە جیهانی دەرەوە لە زۆربەی بوارەکاندا و میدیا و کەرتی دراماش بەشێکن لەو بوارانە، لە هەمان کاتدا نەبوونی سەرمایەی مرۆیی پێویست لە سیناریست و دەرهێنەر و ئەکتەر، هەروەها بوارنەدان بە دەرهێنەران بۆ ئیشکردن لەسەر مێژووی وڵاتانی عەرەبی لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا، ئەو وڵاتە عەرەبییانە ناتوانن لە ئاستی پێویستدا ڕکابەریی تورکیا لە بواری درامادا بکەن.

لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی کەرەستە و بەرهەمی بیانی لەناو دراما عەرەبییەکاندا، وا دەکات ئەو دراماییانە ببن بە ڕیکلامێکی بێبەرامبەری ناڕاستەوخۆ بۆ ئەو بەرهەمانە کە لە نێویاندا بەرهەمی تورکییش هەیە. کەواتە ئەو هەڵمەتەی کە بۆ ڕکابەریی دراما و تەنانەت بەرهەمی تورکی دەستی پێ کردووە، لەلایەن ئەو وڵاتە عەرەبییانەوە بەشێکی خۆی بۆ خۆی بووە بە ڕیکلام بۆ بەرهەمی تورکی. لێرەشەوە دەردەکەوێت درامای عەرەبی توانای هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی خۆی نییە، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش لەگەڵ لاوازیی دراماکاندا نەتوانایی و لاوازیی وڵاتانی عەرەبییە لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا. لە هەمان کاتدا درامای عەرەبی بە پێچەوانەی درامای تورکی، لەبریی ئەوەی داهاتێک بۆ وڵاتەکەی کۆ بکاتەوە، بووەتە بارێکی ئابووری بەسەر بودجەی وڵاتەوە.

لەبەر ئەوەی بەدەر لە درامای عەشق و خۆشەویستی و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێکی بابەتی درامای تورکی بریتییە لە مێژووی هاوبەشی مسوڵمانان و تورک، واتە دەوڵەتی عوسمانی، بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی بینەری ئەو درامایانە لە هەڵکشاندا بێت. بەپێچەوانەوە، ئەو درامایانەی لەلایەن سعودیە، ئیمارات و میسرەوە بەرهەم هێنراون، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی مێژووی عەرەب و ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە نین، نەک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەڵکوو لە ئاستی جیهانی عەرەبی و تەنانەت وڵاتەکانی خۆیشیاندا نەیانتوانیوە لە ئاستی پێویستدا سەرنجی بینەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

سەرچاوەکان:

Dilek AKŞEN, Arap coğrafyasında Türk dizileri ve izlenme nedenleri, Yayınlanmamış Yüksek lisans tezi, Çanakkale Onsekiz Mart Üniversitesi, Sosyal Bilimler Enstitüsü, Uluslararası İlişkiler Anabilim Dalı, Ortadoğu Araştırmaları, 2016, s.11

هەمان سەرچاوە، لا١٩.

İnna TATAR, Yerli Televizyon Dizilerinde Yabancı Uyruklu Kadınların Temsili, yayınlanmamış yüksek Lisans Tezi, Ankara Üniversitesi, 2013, s.11.

Top 100 Most Watched TV Shows of All Time.

ABD'den Sonra İkinci: Türkiye, 146 Ülkeye 150'den Fazla Televizyon Dizisi İhraç Etti. https://onedio.com/haber/abd-den-sonra-ikinci-turkiye-150-den-fazla-televizyon-dizisi-ihrac-etti-889330 11.11.2019

En Çok Satan 10 Yerli Dizi https://www.milliyet.com.tr/cadde/sina-kologlu/en-cok-satan-10-yerli-dizi-2762545 18.10.2018

Prof. Dr. Ahmet UYSAL, Devrim öncesi ve sonrasında Mısır'da Türkiye imajı, Stratejik Düşünce Enstitüsü yayınları, Ankara, 2016, s.156.

AKŞEN هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧.

Dr. Ahmet UYSAL, The Turkish Soap Operas in the Middle East (Ortadoğu'da Türk Dizileri)" Culture and Politics in the New Middle East by Y. AKTAY, P. EL-SHARKAWY), Ankara: SDE Yayınları, 2012, s.2

Cumhurbaşkanı Erdoğan Diriliş Ertuğrul dizisinin setinde https://www.haberturk.com/gundem/haber/1088075-cumhurbaskani-erdogan-dirilis-ertugrul-dizisinin-setinde 07.06.2015

http://www.عوسمانییەکان دەگەڕێنەوە

Uysal, سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، لا١٥٨

الحب في 'ادم وجميلة' بنكهة تركية https://middle-east-online.com 23.04.2013

فتوى سياسية".. دار الإفتاء المصرية تحذر من مشاهدة" المسلسلات التركية https://www.dailysabah.com/arabic/tv-movies/2020/02/09

ممالك النار" الامارات تشوه تاريخ تركيا" https://www.aljazeera.net/news/arts/2019/11/18

بتكليفة 40 مليون دولار ... تفاصيل عرض "مملكة النار"

https://akhbarelyom.com/news/newdetails/ 12.11.2019

حارة اليهود" أم أنها "حارة التطبيع"؟" https://www.alaraby.co.uk/miscellaneous/2015/6/30

Uysal, سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، لا١٥٨

ÇİPAN, سەرچاوەی پێشوو، لا٨

UYSAL, هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٧

”هوى بغداد بنكهه تركيه تونسيه“

https://middle-east-online.com/%D9%87%D9%88%D9%89-%D8%A8%D8%BA%D8%AF%D8%A7%D8%AF-%D8%A8%D9%86%D9%83%D9%87%D8%A9-%D8%AA%D9%88%D9%86%D8%B3%D9%8A%D8%A9-%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A9 , 23.03.2021

Yerli Filmler ve Diziler https://www.netflix.com/tr/browse/genre/871341 08.06.2020.

politikmedia.net giriş tarihi 02.06.2020

Gençlerimize İslam Tarihi ve Değerlerini Öğretmekte Faydalı Olacaktır, https://www.aa.com.tr/tr/dunya/genclerimize-islam-tarihi-ve-degerlerini-ogretmekte-faydali-olacaktir/1818783 26.04.2020

“Diriliş Ertuğrul” dijital mecralarda son 3 ayda 21 milyonu aşkın seyirciye ulaştı https://www.aa.com.tr/tr/kultur-sanat/dirilis-ertugrul-dijital-mecralarda-son-3-ayda-21-milyonu-askin-seyirciye-ulasti/1840363 14.05.2020

UYSAL, هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٦

هەمان سەرچاوە، لا١٥٧-١٥٨

Ayşe ÇİPAN, Between Acceptance and Resistence: A Case Study of Turkish Soap Operas In Egypt, Unpublished Master Thesis, Istanbul Şehir University\ School of Social Sciences, 2014, s.8

هەمان سەرچاوە، لا٣٠

مخرج 7 " عشرون حلقة خلقت جدلاً بين مؤيد ومعارض.. فلمن الغلبة؟! https://www.sayidaty.net/node 21.05.2020

Uysal, سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، لا١٥٧

Uysal, سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، لا٩١

أنباء عن توقف عرض المسلسلات التركية على “MBC”

https://www.enabbaladi.net/archives/210875#ixzz6Oiu62SMl 04.03.2018

ئایندەناسی

# وەرگێڕان

# کاریگەریی وزە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا (١٩٩١-٢٠٢١)

ئامادەکردن و وەرگێڕان: هێمن محەمەد قادر

**بەرایی**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە لە ڕوانگەی تیۆری هاوپەیوەستبوونی دوو لایەنەوە لە پەیوەندییە ئەمنی، سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٢١) بکۆڵێرێتەوە و کاریگەری و ڕۆڵی وزە لەسەر چۆنیەتیی گۆڕانی ئاڕاستە و ئایندەی ئەو پەیوەندییانە بخرێتە



ڕوو. لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دارشتن و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک لەسەر بنەمای کۆمەڵێک فاکتەری گرنگی وەک پێگەی جوگرافی، بایەخی ئابووری، سەرچاوەکانی وزە، پەیوەندیی مێژووی و کولتووری... هتد بڕیاری لەسەر دەدرێت. لەم سەربەنەوە دەتوانین بڵێین وزە و جیۆپۆلەتیک دووانەیەکی لێک دانەبڕاون و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە بۆ سەر چۆنیەتیی بونیادی پەیوەندی و ململانێ سیاسییەکان. بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆستراتیجەوە، هێندە بەسە کە تەماشای ململانێی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بکەین لە پێناو سەپاندنی دەسەڵات و نفوزی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا.



## تورکیا و پێداویستی وزە

تورکیا وەک یەکێک لە دەوڵەتە هەرێمییە بەهێزەکانی ناوچەکە، خاوەنی پێگەیەکی ئێجگار ستراتیجی و گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان؛ لە ڕووی ئابوورییەوە بە یەکێک لە گرنگترین دەروازەکانی هەرێم دادەنرێت لە بواری هاوەدرکردنی کاڵا و هەناردەکردن و گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا و جیهان. لەم سۆنگەیەوە تورکیا وەک تاکە دەروازەی هەرێم کاریگەریی هەیە لەسەر پرۆسەی "ئابووریی سەربەخۆ" و بەهێزکردنی قەوارەی هەرێم بەرامبەر بەغداد. هەر چی دەوڵەتی تورکیایە، داخوازی و پێداویستییەکانی لە بواری وزەدا ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە. سەرباری بەردەوامیی تورکیا لە کاری هەڵکەندن و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی وزەدا لە ئاوەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، بەڵام لە ئێستادا ئەو وڵاتە تەنها لە ٢٥٪ی ئەو وزەیەی کە پێویستی پێیەتی لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت. تورکیا ساڵانە پێویستی بە نزیکەی (٤٥-٥٠) ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی هەیە، بۆیە ناچارە لە ٧٥٪-ی پێداویستییەکانی لە ڕێگەی وڵاتانی دەرەوە هاوردە بکات، بەمەش دوای هەریەک لە چین و ئەڵمانیا بە سێیەم وڵاتی هاوردەکاری غازی سروشتی دادەنرێت.

دەوڵەمەندیی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەکانی وزەی وەک نەوت و غازی

سروشتی و کاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئابووری تورکیا، بەردەوامیی جموجووڵ و چالاکییەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێنداکانی سیاسەتی دەرەوەیدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆر بەم ناوچەیە بدات. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی وزەوە ناوچەیەکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ دەوڵەتی تورکیا، بەتایبەتی لە سۆنگەی کەمکردنەوەی پەیوەستبوونی دەرەکی و پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی لە بواری وزەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بە نرخێکی کەم، بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ڕێگەی گواستنەوەی وزەی ناوچەکە و دۆزینەوەی بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو فاکتەرانەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، پاش هاتنەسەرکاری پارتی داد و گەشەپێدان لە ساڵی ٢٠٠٢، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەحمەد داوود ئۆغلۆ، تیۆری "سفرکردنەوەی کێشەکان" و هێنانەدیی ئاشتیی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ خستە بواری جێبەجێکردنەوە. ئامانجی بنەڕەتیی تورکیا لە بەهێزکردنی پەیوەندیی ئابووری و سیاسییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، ڕەواندنەوەی گرفتە ناوخۆییەکانی و بەهێزکردنی زیاتری پێگەی وڵاتەکەیەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەرمەوە. بەم شێوەیە جۆرێک لە پەیوەندیی هاوپەیوەستبوونی دوو لایەنەی ئاڵوز گەشەی سەندووە لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا.

بە مەبەستی خستنەڕووی ڕۆڵی وزە لە چۆنیەتیی گەشەسەندن و گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا بەسەر چوار قۆناغی مێژوویی جیاوازدا دابەش کراوە:

قۆناغی یەکەم: ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣) دەگرێتەوە. لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا لە چوارچێوەی پەیوەندیی ئەمنیدا خۆی دەبینێتەوە.

قۆناغی دووەم: خۆی لە پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق و زیادبوونی نیگەرانییەکانی تورکیا بەرامبەر بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە (٢٠٠٣- ٢٠٠٧).

قۆناغی سێیەم: بە قۆناغی زێڕینی گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم دادەنرێت لە پەیوەندیی ئەمنی و سەربازییەوە بۆ گەشەسەندنی پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی دوو لایەنە، بەتایبەتی لە بواری وزەدا (٢٠٠٧- ٢٠١٤).

قۆناغی چوارەم: خۆی لە سستبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم دەبینێتەوە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک ڕووداوی وەک: سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ٢٠١٤، ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٧. گەرچی لە ئێستادا پەیوەندییەکان تا ڕادەیەک ئاساییبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە[١].

## پەیوەندییەکانی تورکیا-هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)

خاڵی سەرەتا و وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بۆ جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە. پاش ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، گەلی کوردستان و گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی عێراق بۆ ناوچەکە، لە پێناو پاراستنی هاوڵاتیانی باشووری کوردستان و لەسەر پێشنیاری ئەمەریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا و تورکیا، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ١٩٩١/٤/٥دا بڕیاری ژمارە ٦٨٨-ی دەرکرد و هێڵی ٣٦-ی وەک جیاکەرەوەیەک لەنێوان باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراقدا دیاری کرد. بەم جۆرە ناوچەکانی هەرێم کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، پەرلەمان و حکومەتی باشووری کوردستان دامەزرێنرا.

لەگەڵ ئەوەی تورکیا لە سەرەتای پڕۆسەکەدا لە پێناو کەمکردنەوە و ڕێگریکردن لە کۆچی هاوڵاتیانی کورد بۆ نێو سنوورەکانی؛ بڕیاری ژمارە ٦٨٨-ی پەسەند کرد، بەڵام دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئارامیی ناوچەکە و ڕێگاخۆشکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ئاییندەدا لەقەڵەم دا. بۆ ئەم مەبەستە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەم قۆناغەدا بریتی بوو لە پارێزگاریکردن لە یەکێتیی خاکی عێراق و ڕێگریکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا، لەگەڵ کۆتاییپێهێنانی مەترسییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەی. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە (١٩٩١-١٩٩٨) لە چوارچێوەی پەیوەندیی ئەمنیدا بوو[٢].

تورکیا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی "پەکەکە" لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا، ناچار بوو لە ڕووی ئەمنییەوە پەیوەندیی لەگەڵ پارتە باڵادەستەکانی باشووری کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-دا دابمەزرێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە هەریەک لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کرد لە ئۆپەراسیۆنەکانیان دژ بە "پەکەکە" هاوکارییان بکەن. لە ساڵی ١٩٩١، سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنی "هێزی چەکوش"ی دژی گەریلاکانی پەکەکە دەست پێ کرد. دوای ئۆپەراسیۆنەکە، هێزەکانی پارتی

دژی "پەکەکە" جووڵێنران و شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی دا. پاش هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆی کوردستان لەنێوان "پدک" و "ینک" لە ماوەی (١٩٩٤-١٩٩٨)، هەریەک لە هێزە کوردییەکان لە دەوڵەتێکی هەرێمی نزیک بوونەوە لە کۆتایی جەنگەکەدا. ئەم دابەشبوونە کاریگەریی هەبوو بۆ سەر چالاکییەکانی تورکیا دژ بە "پەکەکە" لە ناوچەکەدا. پاش دەستگیرکردنی "عەبدوڵا ئۆجەلان"ی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن تورکیاوە لە ساڵی ١٩٩٩، ئاڕاستەی پەیوەندییەکانی تورکیا لە هەولێرەوە بەرەو بەغداد وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی و بایەخپێدانی تورکیا بە هەرێم کەمتر بوویەوە[٣].

## پەیوەندییەکانی تورکیا-هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٧)

لە ساڵی ٢٠٠٣-دا، هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان هێرشی سەربازییان کردە سەر عێراق و توانییان لە ٩-ی نیساندا بچنە نێو شاری بەغداد، لە ١٥-ی نیساندا سەرکەوتنی خۆیان و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعسیان ڕاگەیاند. بێگومان ئەم ڕووداوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم. ترسی تورکیا لە هەڵوەشانەوەی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا، پێی نایە قۆناغێکی زۆر هەستیارەوە. ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لە سەرەتای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، کاریگەریی هەبوو بۆ سەر لاوازکردنی نفوزی تورکیا لە عێراق-هەرێم، بەتایبەتی پاش دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە سەربازانی تورکیا لە شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣.

پاش پەسەندکردنی دەستووری نوێی عێراق لە ٢٠٠٥/١٠/١٥، دەوڵەتی نوێی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵیزم دامەزرێنرا. لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، دان بە قەوارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگەدا نرا. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا ئامادە نەبوو بە شێوەیەکی ڕەسمی مامەڵە لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی لە ناوچەکەدا بە "هێڵی" سوور دانا. لەم قۆناغەدا تورکیا زۆر بەنیگەرانییەوە لە بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چارەنووسی ناوچەکانی (موسڵ و کەرکووک)ی دەڕوانی، بەتایبەتی پاش جێگیرکردنی مادەی (١٤٠) لە دەستووری نوێی عێراقدا. بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمانی تورکیا ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەنێو خاکی عێراقدا، گەر بێتوو بەرژەوەندییەکانی تورکیا بکەوێتە مەترسییەوە[٤].

پاش بەهێزبوونی پارتی "داد و گەشەپێدان" لە نێوخۆی تورکیادا، تا ڕادەیەک توانییان دەستتێوەردانی سەربازی لە کاروباری سیاسیدا سنووردار بکەن. بێگومان ئەمەش کاریگەریی

هەبوو بۆ سەر گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پاش تێکچوونی دۆخی سیاسی و ئەمنیی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتەکەی، ڕێگەی دا بە دامەزراندنی پەیوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە مەرجێک ئەو حکومەتە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا بمێنێتەوە و کار بۆ سەربەخۆیی نەکات. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا دەستی پێ کرد، لە کاتێکدا بە هۆی پرسی ئەمنییەوە دەوڵەتی تورکیا بە درێژایی چەندین ساڵ پرسی گەشەپێدانی پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا فەرامۆش کردبوو[٥].

## پەیوەندییەکانی تورکیا-هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٤)

لەدوای ساڵی (٢٠٠٧)ەوە، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم گەشەسەندنێکی خێرا و بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ و پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. لەم قۆناغەدا بە هۆی پێشکەوتن و سەقامگیریی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێم و گونجاویی یاساکانی وەبەرهێنان، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا تورکییەکان لە چەندین بواری جیاوازی وەک (دارایی و بانک، کەرتی بیناسازی، ژێرخانی ئابووری، کەرتی نەوت و غازی سروشتی، کەرتی پەروەردە، خوێندنی باڵا)، دەستیان کرد بە وەگەڕخستنی سەرمایە و ئەنجامدانی پڕۆژە و کاری وەبەرهێنان.

پاش تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر پڕۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە ناسەقامگیریی دۆخی سیاسیی عێراق، بەرەو سەربەخۆیی ئابووری هەنگاوی نا، بەتایبەتی پاش ئەوەی لەسەر بنەمای پشتبەستن بە دەستووری هەمیشەیی عێراق، لە ٧ی ئابی ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گازی تایبەت بە خۆی دەرکرد. بەگوێرەی دەستوور، عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و بەرپرسیارێتیی پەرەپێدانی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بەپێی مادەکانی (١١١، ١١٢، ١١٥، ١٢١)ی دەستووری عێراق، لەلایەن ئەنجوومەنی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەبرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم هەنگاوە بەفەرمی سەربەخۆیی خۆی بەسەر سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕاگەیاند. سەرباری ئەوەی ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە بە هەنگاوێکی نادەستووری دانرا، لەگەڵ ئەوەشدا توانیی سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی بواری وزە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت[٦].

پاش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەرهێنانی نەوت و غازی سروشتیی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دا، لە سەرەتاوە هەندێک لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە بە هۆی نارەزایەتییەکانی دەوڵەتی ناوەندییەوە ئامادە نەبوون کار لە وزەی ناوچەکەدا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە کۆمپانیاکانی وەک DNO-ی نەرویجی، Dana Gas-ی ئیماراتی و Genel Energy-ی تورکی، مافی گەڕان و پشکنیان وەرگرت. دۆزینەوەی نەوت لە کێڵگەی "تاوکێ" لەلایەن کۆمپانیای DNO لە ساڵی ٢٠٠٧، بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی تەقتەق، تاوکێ لەلایەن کۆمانیای Genel Energy لە ساڵی ٢٠٠٨ و بەرهەمهێنانی غاز لەلایەن کۆمپانیای Dana Gas لە سنووری سلێمانی، خاڵی وەرچەرخانی گرنگیپێدانی تورکیایە بە هەرێمی کوردستان. بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیمانگای وزەی ئەمەریکی "USC" لە ڕاپۆرتێکیدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک داتای وردەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ناوچەکانی هەرێم بڕی ٥٠ ملیار بەرمیل نەوت کە نزیکەی ٢٠٪-ی نەوتی عێراق و (٣- ٦) ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت کە ٣٪-ی قەبارەی غازی سروشتیی هەموو جیهان پێک دەهێنێت. بەم جۆرە تورکیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لە بواری وزەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ کەوتە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لە ڕووی دیبلۆماسی و ئابوورییەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا[٧].

لە ساڵی ٢٠٠٨-دا وەفدێکی تورکیا سەردانی بەغدادیان کرد و بە ناوەی سەرۆکی تورکیاوە "جلال تەڵەبانی"ی سەرۆککۆماری عێراقیان بانگهێشتی تورکیا کرد. لە سەردانەکەیدا بۆ تورکیا لە ٧-٨ی مارتی ٢٠٠٨، تاڵەبانی ئاماژەی بۆ پەیوەندیی مێژوویی نێوان گەلی هەردوو وڵات کرد و هیوای خواست کە بتوانن لە ڕووی سیاسی، ئابووری، وزە و سەرجەم بوارەکانی دیکەدا پەرە بە پەیوەندییەکانیان بدەن لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا. ئەم سەردانە بە سەرەتایەکی گرنگ دادەنرێت لە کرانەوەی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان. پاش دەستبەکاربوونی ئەحمەد داوود ئۆغلۆ-ی خاوەنی تێزی قووڵایی ستراتیژی و "سفرکردنەوەی کێشەکان" لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا لە پۆستی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٩، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ناوچەکەدا گۆڕانکاریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناغێکی نوێوە بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و وزەدا[٨].

لە ساڵی ٢٠٠٩-دا، کۆمپانیا تورکییەکانی وەک Genel Energy و Siyahkalem لە کێڵگە نەوتییەکانی وەک تەقتەق، تاوکێ، دەستیان کرد بە کاری وەبەرهێنان و ڕۆژانە نزیکەی ١٦٥ هەزار بەرمیل نەوتیان بەرهەم دەهێنا.

لە هەمان کاتدا گفتوگۆکانی نێوان هەردوو لا سەبارەت بە بۆ بونیادنانی هێڵی بۆری بە مەبەستی گواستنەوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، دەستیان پێ کرد. بەم جۆرە تورکیا جگە لە کۆمپانیا تایبەتەکانی بواری وزە، لە ڕێگەی دامەزراوەی نیشتمانیی نەوتی تورکیاوە (TPAO)، دەستی بە کار و چالاکی کرد کرد لە ناوچەکەدا[٩].

جگە لە بواری وزە، هەرێمی کوردستان لە ڕووی بازرگانییەوە بایەخێکی ئێجگار گرنگی هەیە بۆ تورکیا؛ پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەدوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان، لەدوای ساڵی ٢٠٠٧-ەوە گەشەسەندنی خێرای بەخۆیەوە بینی. بەگوێرەی توێژینەوەکانی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی تورکیا، ژمارەی ئەو بارهەڵگرانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨-دا کەلوپەل و کاڵایان لە تورکیاوە بۆ عێراق گواستووەتەوە تەنها (٨٠٠) بارهەڵگر بووە، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٩-دا ئەو ژمارەیە بۆ ٣٠٠٠ بارهەڵگر بەرز بووەتەوە، بە جۆرێک لە ٨٠٪-ی هەناردەی تورکیا بۆ عێراق لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بوو. لە ساڵی ٢٠١٣-دا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرز بوویەوە بۆ ٨ ملیار دۆلاری ئەمەریکی، لە کاتێکدا بەر لە ساڵی ٢٠٠٧ قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان تەنها یەك ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بوو. لە ساڵانی دواتردا، ئەو برە بۆ نزیکەی ١٢ ملیار دۆلاری ساڵانە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە[١٠].

لە ساڵی ٢٠٠٩-دا هەریەک لە وەزیری دەرەوەی تورکیا و بەرپرسی بازرگانیی دەرەوەی ئەو وڵاتە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد. لە سەردانەکەیدا بۆ هەرێم، داوود ئۆغڵۆ ڕایگەیاند: "جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە هاوشێوەی ڕابردوومان، داهاتووشمان پێکەوە دەبێت". دوای ئەوەی "نووری مالیکی" لە ساڵی٢٠١٠، توانیی بۆ جاری دووەم ببێتەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و دەوڵەتی ناوەندیی عێراق سستیی زیاتری بەخۆیەوە بینی. تورکیا بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی هەژموونی ئێران و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، ناچار بوو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سونەکانی عێراق بەهێزتر بکات. بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ٢٠١٠-دا تورکیا پێشوازیی لە مەسعوود بارزانی کرد و لە هەمان ساڵدا کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە شاری هەولێر کردەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا[١١].

پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١، حکومەتی هەرێم بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا، لە ساڵی ٢٠١٢ مافی پشکنین و دەرهێنانی نەوتی بە کۆمپانیای Exxon Mobil بەخشی. پاش ئەنجامدانی

گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای Exxon Mobil، تورکیا ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ کارکردن لە هێڵی بۆریی نەوتی (هەرێم-تورکیا)، بە مەبەستی گواستنەوەی نەوت و غازی هەرێم لە ڕێگەی خاکی وڵاتەکەیەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان. سەرباری نارەزایەتییەکانی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، حکومەتی هەرێم لە ٢٠-ی مایسی ٢٠١٢-دا لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکاندا ڕێککەوتنی ئەنجام دا بە مەبەستی کارکردن لە پڕۆژەکەدا[١٢].

پاش بونیادنانی هێڵی بۆریی نەوتی کوردستان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان لە مانگی ١٢-ی ساڵی ٢٠١٣-دا، دەوڵەتی ناوەندیی عێراق زۆر بەتوندی دژایەتیی خۆی بۆ ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم نیشان دا و مافی ئەنجامدانی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و هەناردەکردنی نەوتی بۆ بازاڕەکانی جیهان بە بەشێک لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دانا و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕێگە بە هەرێم نادات بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت بفرۆشێت. لە هەمان کاتدا نارەزایی خۆی گەیاندووەتە تورکیا و داوای لە حکومەتی ئەو وڵاتە کردووە بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوت هەرێم نەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، نارەزایەتییەکانی دەوڵەتی ناوەندیی بەهەند وەرنەگرت[١٣].

بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر لە ستراتیجیەتی تورکیا بەرامبەر سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان، پێویستە ئاماژە بۆ وتەکانی وەزیری وزەی تورکیا، تانەر یلدز، بکەین لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەیدا لە ١٨-ی شوباتی ٢٠١٣: "وەک دەزانرێت ئابووریی تورکیا ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، لەم سۆنگەیەوە پێویستیی زیاترمان بە سەرچاوەکانی وزە دەبێت. بەگوێرەی ئامارەکان ناوچەکانی باکووری عێراق، بڕی ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و (٣-٦) ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لەخۆ دەگرێت. لە ئێستادا کۆمپانیا گەورەکانی نزیکەی ٢٠ وڵاتی جیهان، سەرقاڵی کارکردنن لە ناوچەکەدا. لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین هیچ بەربەستێکی یاسایی نییە لەبەردەم ئەنجامدانی گرێبەستەکانمان لەگەڵ دەستەڵاتی خۆجێیی باکووری عێراقدا." لە هەمان کاتدا لەبەردەم پەرلەماندا ئەوەی ڕوون کردەوە کە ئەوان دەست لە کاروباری نێوخۆیی عێراق وەرنادەن و لەگەڵ پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراقدان[١٤].

هەڵاتنی "تاریق هاشمی"ی جێگری سەرۆککۆماری عێراق بۆ تورکیا و ڕێگرتن لە هاتنەناوەوەی فڕۆکەی وەزیری وزەی تورکیا (تانەر یلدز) لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە کە بەنیاز بوو سەردانی هەولێر بکات، پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و بەغدادی بەرەو ئاڵۆزی برد. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا و هەرێم لە هەنگاوەکانی پێشوویان پاشگەز نەبوونەوە،

بەڵکوو دەستیان کرد بە گفتوگۆ سەبارەت بە بونیادنانی هێڵی بۆری بە مەبەستی گواستنەوەی غازی سروشتیی هەرێم بۆ تورکیا[١٥].

## پەیوەندییەکانی تورکیا-هەرێم لەدوای ساڵی ٢٠١٤ تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان

زیادبوونی فشاری حکومەتەکەی مالیکی بۆ سەر سوننەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠١١-دا، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتیی ناوچە سوننەنشینەکان لە ساڵی ٢٠١٣ و ناسەقامگیریی دۆخی نێوخۆی عێراق. حکومەتی عێراقی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە نارەزایەتییەکانی ناوچەی ئەنبار لە ساڵی ٢٠١٤-دا، پەنای بردە بەر بەکارهێنانی هێز. لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی نێوان بەغداد و هەولێر گرژی و ئاڵۆزیی زۆری بەخۆیەوە بینی و لەسەر بڕیاری نووری مالیکیی سەرۆکوەزیران، پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق بڕدرا.

لە هەمان ساڵدا نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکوەزیرانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەیەکی ٥٠ ساڵەی لە بواری وزەدا لەگەڵ تورکیادا ڕاگەیاند و جەختی لەوە کردەوە کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کار دەکەن و ئامانجی سەرەکییان دابینکردنی بڕی ١٧٪-ی بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان. لەبەرامبەر ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم، دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق لە ٢٣-ی حوزەیرانی ٢٠١٤-دا، لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراق دانیشتنێکی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم ئەنجام دا و فرۆشتنی نەوتی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە کارێکی نایاسایی و پێچەوانەی دەستووری هەمیشەیی عێراق دانەنا. ئەم بڕیارە دەستی هەرێمی زیاتر واڵا کرد، لە هەمان کاتدا گرنگییەکی زۆری هەبوو بۆ تورکیا، لە ڕوانگەی هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد و بەردەوامیی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان[١٦].

پاش گرتنی شاری موسڵ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە، هێزەکانی عێراق لە شاری کەرکووک و کشانەوە. پاش هێرشی ئەو ڕێکخراوە بۆ سەر شاری کەرکووک، کەرکووک و بەشێکی فراوان لە ناوچە جێناکۆکەکان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کران. پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان، مەسعوود بارزانیی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمانی خراپیی دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق، جێبەجێنەکردنی دەستوور و نەناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق، شکستهێنانی سیستمی فیدراڵیزمی لە عێراق ڕاگەیاند و وتی: "کورد جگە لە سەربەخۆیی، هیچ چارەیەکی بۆ نەماوەتەوە لە عێراقدا". بەم جۆرە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا ڕیفراندۆم لە تەواوی هەرێم و ناوچە جێناکۆکەکان بە کەرکووکەوە، لە پێناوی سەربەخۆییدا ئەنجام بدات.

ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێم بوو بە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەک لە دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و تورکیا. تورکیا بە شێوەیەکی ڕەسمی دژایەتیی خۆی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕاگەیاند و بڕیاری دا لە ڕێگەی داخستنی سنووری وشکانی و ئاسمانیی وڵاتەکەیەوە، گەمارۆی هەرێمی کوردستان بدات. لە هەمان کاتدا پەرلەمانی تورکیا ماوەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەلایەن سوپای وڵاتەکەیەوە لە دەرەوەی خاکی تورکیا درێژ کردەوە. پاشان لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی (عێراق-ئێران-تورکیا)دا، هەرسێ لایەن لە ڕاگەیەنراوێکدا دژایەتیی خۆیان بۆ ڕیفراندۆم ڕاگەیاند. بەم جۆرە جارێکی دیکە سیاسەتی دەرەوەی ئەنقەرە بە ئاڕاستەی بەغداد وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینی و پەیوەندییەکانی نێوانیان بەهێز کردەوە(١٧).

پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە ٢٥-ی ئەیلوولی ٢٠١٧، هێزەکانی عێراق لە ١٦-ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧-دا هێرشیان کردە سەر ناوچە جێناکۆکەکان و توانییان زۆر بەخێرایی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە. سەرەنجام ڕیفراندۆم هەڵپەسێردرا و مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٢٩-ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دەستی لەکار کێشایەوە. پاش ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەشێک لە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هەرێم ئاساییبوونەوەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی پاش بانگهێشتکردنی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە بۆنەی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا(١٨). لە قۆناغی دواتردا و لەگەڵ بەردەوامیی کارکردنی بەشێک لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە وەک کۆمپانیای ExxonMobil و Chevron-ی ئەمەریکی، Total-ی فەڕەنسی و Gazprom-ی ڕووسی لە ناوچەکە، پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرە و هەولێر گەشەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە بینی. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە نزیکەی (٤٣٠) هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی بەندەری جیهان دەکات(١٩).

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت گەرچی تورکیا لە ڕێگەی گواستنەوەی نەوتی هەرێمەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، ساڵانە داهاتێکی زۆر بەدەست دەهێنێت و باڵادەستیی خۆی بەسەر قەوارەی هەرێمدا زیاتر کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، تا ڕادەیەک دژ بە سیاسەت و ستراتیجەکانی خۆی وەستاوەتەوە بەرامبەر بە پرسی کورد لە ناوچەکەدا. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە نەوت لە عێراقدا و کارکردنی تورکیا بە یاسا نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم، بووەتە هۆی بەهێزکردنی قەوارەی هەرێم و لاوازکردنی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەگەڵ بەغداد، بێگومان ئەمەش زیان

بە ستراتیجیەتی دوورمەودای تورکیا دەگەیەنێت لە ڕوانگەی پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق و ڕێگریکردن لە زیاتر بەهێزبوونی قەوارەی هەرێم.

لە لایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە ئەنجام داوە، بە مەبەستی پشکنین و دەرهێنانی نەوت لەو ناوچانەی دەکەونە سنووری مادەی (١٤٠)، کە بە ناوچە "جێناکۆکەکان" ناسراون، لە کاتێکدا تورکیا لە ڕووی مێژووییەوە ئەم ناوچانە وەک ناوچەی جێ نفوزی خۆی دەبینێت و دەیەوێت لە ئێستادا لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بەڕێوە ببرێن.

کێشە و گرفتەکانی نێوان بەغداد و هەولێر لەسەر دۆسیەی نەوت و ناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق، تا ئێستا بەردەوامیان هەیە. لە ڕەشنووسی بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢١، لەبەرامبەر ناردنی پشکی هەرێمدا داوای ڕادەستکردنی (٢٥٠) هەزار بەرمیل نەوت بە کۆمپانیای سۆمۆ دەکات. لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی هەولێر و بەغداددا، دوور نییە لە ماوەی ئایندەدا دەوڵەتی ناوەندیی عێراق و تورکیا لەسەر پرسی جێبەجێکردنی پڕۆژەی خاڵی سنووریی ئۆڤاکۆی و ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم ڕێک بکەون کە بۆ ماوەیەکی درێژە لە گفتوگۆدان. دەوڵەتی ناوەندیی عێراق دەیەوێت لەبەرامبەر دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ کردنەوەی ئەم خاڵە سنوورییە، تورکیا ڕازی بکات بەوەی ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم نەدات لە ڕێگەی خاکی وڵاتەکەوەیە بۆ بازاڕەکانی جیهان. لە بەرامبەردا تورکیا لە ڕێگەی ئەم خاڵە سنوورییەوە کار بۆ ئەوە دەکات لە لایەکەوە بوونی "پەکەکە" لە ناوچەکانی شەنگال کۆتایی پێ بهێنێت، لە لایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان لەو سامانە بێبەش بکات کە لە ڕێگەی ئەم خاڵە سنوورییەوە دەستی دەکەوێت. گەرچی لە ئێستادا جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی لەم چەشنە بە کارێکی قورس دادەنرێت، بە هۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە لە ساڵانی ئایندەدا کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەبێت.

## ئەنجام

دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ڕووداوی مێژوویی گرنگ دەگەڕێتەوە، ئەوانیش بریتین لە جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ و پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا. پاش دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٧) تا ڕادەیەک لاواز بووە و لەسەر بنەمای پاراستنی ئەمن و ئاسایشی سنوورەکانی و

ڕووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان شێوەی گرتبوو. لە قۆناغی دواتردا و لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٧- ٢٠١٤)دا، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم بە هۆی گۆڕانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و زیادبوونی بایەخی ئابووریی هەرێمەوە چیتر تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندیی ئەمنی نابێت، بەڵکوو لە ڕووی دیبلۆماسی و ئابوورییەوە گەشەسەندنێکی دیار و بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، تەنانەت لە هەندێک کاتدا تورکیا سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لە عێراق لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی لە هەرێم بینا کردووە، تەنانەت هەندێک کات ئەم پەیوەندییانەی گرفتی بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا دروست کردووە.

پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم دوورکەتنەوەی زۆری بەخۆیەوە بینی و تورکیا بەتوندی دژ بەم هەنگاوە وەستایەوە. گەرچی پاش سڕکردنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم پەیوەندییەکان تا ڕادەیەک ئاساییبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، تورکیا و بەغداد، کاریگەریی بۆ سەر ئایندەی ئەو پەیوەندییانە دەبێت. سەرباری ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم لەسەر بنەمای هاوپەیوەستبوونی ئابووری بونیاد نراوە، لە ماوەی ڕابردوودا پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیجیەتی دوورمەودای تورکیا لەبەرامبەر پرسی کورد لە ناوچەکەدا وای کردووە ئەم پەیوەندییانە پەیوەندیی ستراتیجی و ماوەدرێژ نەبن، بەڵکوو جۆرێک لە پەیوەندیی ماوەکورت و مامناوەند بن.

ناڕەزاییەکانی دەوڵەتی ناوەندی سەبارەت بە دۆسیەی نەوتی هەرێم، گەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرفت بۆ تورکیا دروست نەکات، ئەوا بێگومان بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەریی بۆ سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم دەبێت. گەرچی لە ئێستادا تورکیا بە هۆی نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی بنچینەیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی عێراقدا، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا پێناچێت بەئاسانی دەستبەرداری هەرێم ببێت.

### سەرچاوەکان:


1- Tolga Demiryol, Hasan Deniz Pekşen, “Enerji ve Güvenlik Ekseninde Türkiye-Irak İlişkileri (1990-2018)”, Türkiye Ortadoğu Çalışmaları Dergisi, Cilt: 5, Sayı: 2, ss. 127-157.

2-Mehmet Dalar, “ Türkiye-Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri”, Uludağ Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi Dergisi, Cilt/Vol. XXXIV, Sayı/No. 1, 2015, pp. 47-70.

3- Serhat Erkmen, “ İç Etkenler Açısından Türkiye’nin Kuzey Irak Politikasının Dönüşümü”, bilig dergisi, Sayı 72, 2015, s. 171-196.

4- Zülfü Dağdeviren, , “Türkiye ile Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi Arasında Siyasi İlişkiler: Devlet- Hükümet İlişkileri ”, Akade-

13- Tolga Demiryol, Hasan Deniz Pekşen, "Enerji ve Güvenlik Ekseninde Türkiye-Irak İlişkileri (1990-2018)", Türkiye Ortadoğu Çalışmaları Dergisi, Cilt: 5, Sayı: 2, ss. 127-157.

14- Mehmet Dalar, " Türkiye-Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri", Uludağ Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi Dergisi, Cilt/Vol. XXXIV, Sayı/No. 1, 2015, pp. 47-70.

15- " Irak, Bakan Yıldız'ın Uçağına İniş İzni Vermedi", son erişim tarihi: 14 Şubat 2021, https://www.trthaber.com/haber/gundem/irak-bakan-yildizin-ucagina-inis-izni-vermedi-65786.html.

16- Mehmet Dalar, " Türkiye-Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri", Uludağ Üniversitesi İktisadi ve İdari Bilimler Fakültesi Dergisi, Cilt/Vol. XXXIV, Sayı/No. 1, 2015, pp. 47-70.

17-" IKBY Referandumuna İran'la Irak ve Türkiye'nin Tepkisi Ne Oldu? ", son erişim tarihi: 14 Şubat 2021, https://www.amerikaninsesi.com/a/ikby-referandumuna-iran-irak-ve-turkiye-nin-tepkisi-ne-oldu/4047012.html.

18-Emrah Kekilli, "Türkiye-IKBY İlişkilerinin Geleceği: Geçmişin Gölgesinde Geleceği İnşa Etmek", son erişim tarihi: 16 Şubat 2021, https://setav.org/assets/uploads/2018/08/209_Turkiye_IKBY.pdf.

19-İdris Okuducu,"Barzani'ye başkanlığı bıraktıran süreç ", son erişim tarihi: 14 Şubat 2021, https://www.aa.com.tr/tr/dunya/barzani-ye-baskanligi-birakti-ran-surec/951611; Nazlı Üstün, Türkiye-Kuzey Irak İlişkiler ve Ejonomik yansımaları, son erişim tarihi: 11 Şubat 2021.

mik Tarih ve Araştırmalar Dergisi, Yıl: 2020 Cilt:3 Sayı:2 ss. 151-198.

5- Ferit Tunç, Türkiye ile Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri (2000-2010), Yüksek Lisans Tezi, İstanbul, 2014, s.2.

6- Tolga Demiryol, Hasan Deniz Pekşen, "Enerji ve Güvenlik Ekseninde Türkiye-Irak İlişkileri (1990-2018)", Türkiye Ortadoğu Çalışmaları Dergisi, Cilt: 5, Sayı: 2, ss. 127-157.

7- Ali Balcı, Enerjisine Kavuşan Komşuluk: Türkiye-Kürdistan Bölgesel Yönetimi İlişkileri, SETA Raporu, 2014, son erişim tarihi: 10 Şubat 2021, https://www.setav.org/%C2%91enerjisine-kavusan-komsuluk-turkiye-kurdistan-bolgesel-yonetimi-iliskileri.

8- Zülfü Dağdeviren, "Türkiye ile Irak Kürdistan Bölgesel Yönetimi Arasında Siyasi İlişkiler: Devlet- Hükümet İlişkileri ", Akademik Tarih ve Araştırmalar Dergisi, Yıl: 2020 Cilt:3 Sayı:2 ss. 151-198.


9- Nazlı Üstün, Türkiye- Kuzey Irak İlişkiler ve Ejonomik yansımaları, son erişim tarihi: 11 Şubat 2021; Wladimir Wildenburg, "Breaking From Baghdad", World Affairs, 2012, cilt 175 sayı 4, 51.

10- Serhat Erkmen, " İç Etkenler Açısından Türkiye'nin Kuzey Irak Politikasının Dönüşümü", bilig dergisi, Sayı 72, 2015, s. 171-196.

11- "Türkiye Barzani'yle yeni sayfa açıyor", son erişim tarihi: 12 Şubat 2021, https://www.dw.com/tr/t%C3%BCrkiye-barzaniyle-yeni-sayfa-a%C3%A7%C4%B1yor/a-5648524.

12- Wladimir Wildenburg, "Breaking from Baghdad", World Affairs, 2012, cilt 175 sayı 4, 51.

# ئەگەرەکانی یەکێتیی کوردی سووریا: هەڵسەنگاندنی جموجووڵە نێوخۆیی و هەرێمییەکان






**نووسین: سیروان کاژجۆ**

**وەرگێڕان: پێشەوا جەلال**

**سەرچاوە: پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەلاتی نزیک**

**پرۆفایلی نووسەر:**

ڕۆژنامەنووس و توێژەر، کار دەکات لەسەر سیاسەتی کورد، میلیشیای ئیسلامی، توندڕەوی و ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کاری بۆ ژمارەیەک لە ناوەندی هەواڵ و توێژینەوە لە واشنتۆن دی سی و دەرەوە ئەنجام داوە، هەروەها دوو بەشی کتێبێکی لەسەر سیاسەتی کوردی سووریا نووسیوە کە ڕۆژنامەی ئیندیانا پرێس و زانکۆی کامبریج بڵاویان کردووەتەوە.

## بەرایی

لە حوزەیرانی ٢٠٢٠، نوێنەرانی دوو کوتلە سیاسییە کوردییە گەورەکەی سووریا لە حەسەکە کۆ بوونەوە لە بارەی ڕاگەیاندنی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ حوکمڕانیی باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە. ڕاگەیاندنی پشتیوانیی ئەمەریکا بە شێوەیەکی کاریگەر کۆتایی هێنا بە ناکۆکییەکی شەش ساڵەی نێوان پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە)، کە بە شێوەیەکی نیمچەسەربەخۆ هەرێمە کوردییەکە بەڕێوە دەبات و ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی (ئەنەکەسە) کە بووەتە ئۆپۆزسیۆنێکی دیفاکتۆ.

دەستپێشخەریی قۆناغی یەکەمی ئەم لێکتێگەیشتنانە هێزەکانی سووریای دیموکرات (قەسەدە) بوو، کە هەوڵ دەدات بەو شێوەیەی بارودۆخەکە ڕێگە دەدات بێلایەن بێت، نەک تەنها بۆ ئەم پرۆسەیە، بەڵکوو بۆ هەر ڕووداوێک لە داهاتوودا لە ناوچەکەدا دێتە ئاراوە. سەرەڕای نزیکایەتیی ئاشکرا لەگەڵ پەیەدە، قەسەدەی پشتپێبەستراو لەلایەن بەرپرسانی ئەمەریکییەوە قایل کرا بۆ ڕۆڵبینین لەو ناوبژییە و هەوڵی دەدا خۆی وەک قەوارەیەکی سیاسی نیشان بدات.

هێرشی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ی تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، کە دوای کشانەوەی بەشێک لە ئەمەریکا لە سەرەتای هەمان مانگدا بوو، قەسەدەی هان دا کە پێشنیاری پێکهێنانی حوکمڕانییەکی هاوبەش بکات. ئەگەر داگیرکاریی تورکیا وانەیەکی پێشکەش کردبێت، ئەوە بوو کە پەیەدە بەتەنیا ناتوانێت لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا نمایشەکە بەڕێوە ببات. لە لایەک گۆڕانکارییەکی خێرا پێویست بوو بۆ بەرهەمهێنانی سیستمێکی حوکمڕانیی خاوەن نوێنەرایەتیی زیاتر لە ناوچەکەدا، لە لایەکی ترەوە واشنتۆن پێی وا بوو کە دەتوانێت لەدوای کشانەوەی هێزەکانی و دواتر داگیرکارییەکانی تورکیا، هێزەکەی وەک پشتیوانییەک بەکار بهێنێت. ئامانجی ئەمەریکا ئەوەیە کە لە ناوچەکانی ژێر دەستی قەسەدەدا بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێنەرایەتی دابمەزرێنێت، کە بتوانێت ڕێگری بکات لە دەستتێوەردانی زیاتری سوپای تورک و کاریگەریی ڕژێمی ڕووسیا و سووریاش کەم بکاتەوە.

پەیەدە و باڵە سەربازییەکەی، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، لقی سووریای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی تورکیان، ماوەیەکی زۆرە جیاوازیی سیاسی-ئایدۆلۆژیی توندیان لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریا (ئەنەکەسە) هەیە. ئەنەکەسە لە کوردستانی عێراق پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی دەسەڵاتدار هەیە. ئەم جۆرە جیاوازییانە لەم ساڵانەی دوایی توندیی زیاتریان بەخۆیانەوە بینی.

هەر چەندە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی نێوان پەیەدە و ئەنەکەسە هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکیی بەدوادا هات لەلایەن ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانی لە لایەک و هەڕەشەی تورکیا و هێزە پرۆکسییەکانی لە لایەکی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە دەکات بە سەردەمێکی نوێی سازش و دیالۆگ لەنێوان هەردوو ڕکابەردا.

## مێژووی سیاسیی کورد لە سووریا

لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەمین پارتی سیاسیی کوردیی ئەو وڵاتەوە لە ساڵی ١٩٧٥ و تەنانەت پێشتریش، سیاسەتی کورد لە سووریا هیچ کات ناوخۆیی نەبووە، هەرێمە کوردییەکانی تر کاریگەر و ئیلهامبەخشی بزووتنەوە سیاسییەکانی سووریا بوون، بەتایبەت ناوچە کوردییەکانی عێراق و تورکیا. لە ساڵی ٢٠١١، ململانێی سووریا و ڕووداوەکانی دواتر نزیکە هەرێمی نیمچەسەربەخۆی کوردیی لێ بکەوێتەوە.

هەر ئەم ڕەوتەی گۆڕانکاری، ئەو بیرۆکەیەی لەناو کوردەکانی سووریادا زیاتر کردووە کە پشتبەستن بە ئەکتەرەکانی تری کوردی و غەیرەسووری بۆ مانەوەی سیاسی؛ حەتمییە.

بۆیە هەر دەرئەنجامێکی ئەو گفتوگۆیە بەردەوامەی کوردی سووریا، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئەوەی تا چەند پشتیوانانی هەرێمیی هەردوو لا ئامادەن بەشداری بکەن، چ بۆ خێر و چ بۆ شەڕ. بە هۆی کاریگەریی زۆری پەکەکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر سیاسەتی کوردی سووریا، تێگەیشتن لە گرنگیی بەرەی یەکگرتووی کوردی لە سووریا؛ کلیلی سەرکەوتنی هەر کۆبوونەوەیەکە.

## پەرەسەندنەکان لە کاتی ڕاپەڕینی سووریادا

لە ڕۆژانی سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١١، گەنجانی کورد بەخێرایی خۆیان ڕێک خست، کۆمیتە خۆجێییەکان پێک هات بۆ هەماهەنگیکردنی هەوڵەکان لەگەڵ چالاکوانانی دژەحکومەت لە شوێنەکانی تری سووریا. بۆ نموونە؛ یەکێتیی لیژنەکانی هەماهەنگیی گەنجانی کورد پێشەنگی بزووتنەوەی ناڕەزایی کرد دژی حکومەت لە شار و شارۆچکە کوردییەکان و خۆیان دەگەیاندە گرووپەکانی گەنجان لە گەورەشارەکانی سووریا، وەک دیمەشق و حومس، بە مەبەستی یەکخستنی داوا سیاسییەکانیان.

بزووتنەوەی سیاسیی تەقلیدیی کورد کە بە شێوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتی دەکرێن لەلایەن ئەو حزبانەی کە سەر بە حکومەتی هەرێم و پەکەکەن، ئەوان لە کاردانەوەی بەرامبەر دۆخی سووریا خێرا نەبوون. لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١١، دوای چەند مانگێک لە گفتوگۆی چڕ، لایەنە سیاسییەکان پێکهێنانی ئەنەکەسەیان ڕاگەیاند. هەر لەگەڵ لەدایکبوونی ئەنەکەسە، درز کەوتە نێوان لایەنە پێکهێنەرەکانی ئەنەکەسە و پەیەدەوە. پەیەدە ڕەتی کردەوە بچێتە پاڵ کوتلە نوێیەکە، بە هۆی نەگونجانیان لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتیکردن. دواتر دەرکەوت پەیەدە

بە شێوەیەکی جیا لە گرووپە کوردییەکانی تر، ئامادەکاریی کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێمەکە.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠١١، پەیەدە کوتلەی خۆی پێک هێنا و ناوی لێ نا ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان. هەروەها ئەنجوومەنەکە چەند پارتێکی بچووکتری لەخۆ گرت، لەگەڵ گرووپەکانی ژنان و گەنجان لەناو بازنەی فیکریی پەکەکەدا. پێشتر و لە هەمانساڵدا، پەیەدە بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (تەڤدەم)ی دامەزراند کە بە دیزاینەری سیاسەتەکانی پەیەدە و هاوپەیمانەکانی دادەنرێت.

لەژێر فشاری جەماوەری و خەبات بۆ چەسپاندنی کۆنترۆڵی تۆکمە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد لە سووریا، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەردوو لایەنەکە کۆبوونەوەی فەرمییان ساز دا. کۆبوونەوەکان بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی بوو، کە بووە هۆی ڕێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- خاوەندارێتیکردن لە ڕێککەوتنەکەی هەولێر و ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە بەرئەنجامی کۆبوونەوەکەی ساڵی (٢٠١٢)ن و بنیاتنان و کاراکردنی ئەو ماددانەی تێیدایە و دانانی میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی.

- پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای هاوبەش (لیژنەی باڵای کورد، کە ئەرکی دانانی سیاسەتی گشتی و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردە لەم قۆناغە گرنگەدا، هەروەها خاوەندارێتیکردنی بنەمای یەکسانی لە پێکهاتەی هەموو لیژنەکان و کۆدەنگی لە پرۆسەی بڕیارداندا).

- پێکهێنانی سێ لیژنەی تایبەتمەند بە (کارگێڕی، سەربازی، سیاسی)، بۆ بەدواداچوونی کاری مەیدانی.

- ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوو لادا بە هەموو شێوەکان.

- قەدەغەکردنی توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی هەر کارێک کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە ناوچە کوردییەکان.

- قایلبوون بە ئەو پەیڕەوەی کە هاوپێچی ڕاگەیاندنی هەولێرە و میکانیزمی کارکردنی تێدایە.

- پێکهێنانی ئەو لیژنانەی کە لە سەرەوە ناویان هاتووە لە ماوەی دوو هەفتەدا، لە ڕێکەوتی واژۆکردنی ڕێککەوتنامەوە.

ئەم ڕێککەوتنە یەک پاکێجە و ڕێگەپێدراو نییە هیچ کام لە مەرجەکانی کە لەلایەن ئەو دوو حزبەوە پەسەند کراوە، پێشێل بکرێت.

هەرکە ئەو دوو وەفدە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە لە هەولێرەوە گەڕانەوە سووریا، کێشە سەری هەڵدایەوە. ئەنەکەسە پەیەدەی تۆمەتبار کرد بە قۆرخکردنی دەسەڵات و پەیەدەش ئەنەکەسەی بە بێتوانا و بێدەسەڵات

لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە تۆمەتبار کرد.

لە مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠١٢ کە ڕژێمی سووریا سەربازەکانی لە ناوچە کوردییەکان کشاندەوە بۆ ئەوەی سەرنج بخاتە سەر شەڕکردنی ئۆپۆزسیۆن لە شوێنەکانی تری ئەو وڵاتە، یەپەگە بەخێرایی دەستی بەسەر زۆربەی شارۆچکەکانی باکووری سووریادا گرت، بەڵام ڕژێم ئامادەبوونێکی کەمی لە هەردوو شاری ستراتیژیی حەسەکە و قامیشلۆدا پاراست، لەوانەش فڕۆکەخانەی قامیشلۆ.

ئەم چەند مانگەی دواییش شاهیدی زیادبوونی بارگرژییەکان بووین لەنێوان پەیەدە و ئەنەکەسە. سەرەڕای هەندێ کاری هاوبەش و هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی هەولێر لە ڕێگەی دانانی بازگەی هاوبەش لە دەروازەی شارەکان، بەڵام نەیانتوانی پێکەوە کار بکەن. ئەم بێهەماهەنگییە ڕەنگدانەوەی ئەو جیاوازییە قووڵانە بوو کە لە سەرەتای کێشەی سووریاوە لەنێوان هەردوو لادا هەبوو.

پەیوەندیی بەهێز لەنێوان یەپەگە و پەکەکەدا، هێز و دەسەڵاتی کوردەکانی لە سووریا بەهێز کرد. گواستنەوەی ئەزموون و ڕێکخراوی و دیسپلینی شەڕڤانەکانی پەکەکە بۆ سووریا، ڕۆڵی سەرەکییان لە بەهێزکردنی کاریگەریی هەرێمیی یەپەگە بینی.

لە سەرەتاوە لایەنی کەم پەکەکە کاریگەر بوو لە دابینکردنی چەک بۆ پەیەدە، بەڵام کاتێک پەیەدە دەستی گرت بەسەر سەرچاوەی نەوت و دانەوێڵە، بەخێرایی دەستی کرد بە خۆبنیاتنان بە جۆرێک پێویستی بە یارمەتیی ماددیی پەکەکە نەبێت.

سەپاندنی سەربازیی زۆرەملێ لە ناوچە کوردییەکان، یارمەتیی یەپەگەی دا تا ڕیزەکانی گەنج بکاتەوە و ڕێگایەک بوو تا چیتر پشت نەبەستێ بەو شەڕڤانانەی پەکەکە کە خەڵکی تورکیا و ئێران بوون.

زیادبوونی بارگرژییەکانی نێوان پەیەدە و ئەنەکەسە، پێویستی بە دەستتێوەردانێکی بارزانی هەبوو کە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە فراکسیۆنەکەی دۆستی هەولێر لە بەڕێوەبردنی کوردستانی سووریادا بەشدار بێت. بەم شێوەیە لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١٣دا، بۆ جاری دووەم لە هەولێر دوو لایەنەکە کۆ بوونەوە. وردەکاریی ڕێککەوتنە نوێیەکە، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی نەبوو، تەنها ڕێککەوتننامە نوێیەکە جەختی لەوە دەکردەوە کە لیژنەی باڵای کورد تەوەری تەنهای حوکمڕانیی هەرێمە کوردییەکە بێت. ئەو ڕێککەوتنە نوێیە، کە دواتر بە ڕێککەوتنی هەولێری دوو ناسرا، بە شکست کۆتایی هات. هەردوو لا ڕەتیان کردەوە کە هەماهەنگی بکەن لەسەر کێشە پراکتیکییەکان و لیژنەی باڵاش بە ئیفلیجی مایەوە و بووە هۆی زیاتر تووڕەبوونی خەڵکی کورد.

## ڕێککەوتنی دهۆک وەک بنەما

ناکۆکییەکانی نێوان دوو پارتەکە زیاتر بوو. پەیەدە یەکلایەنە ئیدارەی خۆسەردیموکراتی لە کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ڕاگەیاند، بەم شێوەیە ڕێککەوتنی هەولێر-دووی لەکار خست. ئەم چەند مانگەی دواییش گرژییەکی زیاتر لەنێوان هەردوو لادا دروست بوو، پێش ئەوەی جارێکی تر لە دهۆک لەسەر داوای بارزانی کۆ ببنەوە. دوای هەفتەیەک لە کۆبوونەوەی چڕ کە هەندێکیان بارزانی ئامادەی بوو، ڕێککەوتنێکی نوێ کە بە ڕێککەوتنی دهۆک ناسراوە، لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٤دا ڕاگەیەنرا.

هەر چەندە بەشێکی زۆری ئەو ڕێککەوتنە لە دوو ڕێککەوتنی پێشتردا هەبووە، بەڵام بۆ یەکەم جار خاڵێکی سەرەکی زیاد کرا، ئەویش دامەزراندنی "مەرجەع" ە کە لە سی و دوو کەس پێک هات: دوازدە کەس لە هەر لایەک و ئەو هەشتەی کە ماوە لە گرووپەکانی دیکە بوون، کە بەشێک نەبوون لە ڕێککەوتنەکە. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ئەم سی و دوو ئەندامە لە داڕشتنی ستراتیژ و پیشاندانی یەک هەڵوێستی و دروستکردنی شەراکەتی ڕاستەقینە لەنێوان کۆمسیۆنە جیاوازەکانی ناو ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیدا بەرپرسیار دەبن.

گفتوگۆکان جەخت لە ڕێککەوتنی دهۆک دەکەنەوە، وەک بناغەیەک بۆ پرۆسەی دانوستانی نێوان پەیەدە و ئەنەکەسە. یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی کە لە مێژە خاڵی ململانێ بووە، گەڕانەوەی هەشت هەزار پێشمەرگەی کوردی سووریایە کە بە پێشمەرگەی ڕۆژئاڤا ناسراون. هێزی پێشمەرگەی ڕۆژئاڤا، لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان -عێراق-ی بارزانییەوە دامەزراوە، بە مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگای کوردی سووریا. ئەو هێزە زیاتر ئەفسەر و سەربازی کوردی سووریا لەخۆ دەگرن، کە پاش سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە سوپای سووریا دەرکراون و چەندین کوردی تری سووریا کە لە کوردستانی عێراق نیشتەجێن، لەو چەند ساڵەدا پەیوەندییان بەو هێزەوە کردووە. ئەو گرووپە پێشمەرگەیە لە دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی دیکەی باکووری عێراق بەشداریی شەڕی داعشیان کردووە.

هەر چەندە پەیەدە و هێزەکانی سووریای دیموکرات (قەسەدە) ڕەتی دەکەنەوە کە دوو هێزی سەربازی لە باکووری ڕۆژهەڵات هەبێت، بەڵام ئەوەی دواتر ئامادەیی دەربڕی کە پێشمەرگەکانی ڕۆژئاڤا لەناو ڕیزەکانیدا لەخۆ بگرێت. ئەنەکەسە داوای دووبارە بنیاتنانەوەی قەسەدە دەکات، کە تێیدا هێزی سەربازی بەیەکسانی لەنێوان هەردوو لادا هاوبەش بێت. ئەندامی سەرکردایەتیی دانوستانکاری ئەنەکەسە، سلێمان ئۆسۆ، دەڵێت: "هیچ ڕێککەوتنێک بەبێ شەراکەتی سەربازی ئیمزا ناکەین." جەختی کردەوە

پێشمەرگەی ڕۆژئاڤا وەک هێزێکی سەربازیی سەربەخۆ لەژێر فەرماندارێتیی سەربازیی هاوبەشدا لەگەڵ قەسەدە دەگەڕێتەوە، بەڵام فەرماندەیەکی باڵای قەسەدە ڕایگەیاند گەڕانەوەی سەربازەکان تەنها کاتێک دەبێت کە ڕازی بن لەژێر فەرمانی قەسەدەدا بن، وتیشی: "بێگومان دەتوانن بگەڕێنەوە، لە کۆتاییدا ئەوانە کوردی سووریان، پێشمەرگەکانی ڕۆژئاڤا دەتوانن پێکهاتەی خۆیان بپارێزن وەک زۆرێک لە گرووپە سەربازییە ناکوردییەکانی وەکوو جەیشی ثوار لەژێر ئاڵای قەسەدەدا". جێگیربوونی ئەم پرسە تا ڕادەیەکی زۆر دەرەنجامی گفتوگۆی پەیەدە و ئەنەکەسە دیاری دەکات.

## بۆچوونی دوو بەرەکە لەسەر حوکمڕانی

سەرەڕای هەوڵی جۆراوجۆر بۆ کاری پێکەوەیی، پەیەدە و ئەنەکەسە کە کاتێک دێتە سەر مۆدێلی حوکمڕانی بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، هەمیشە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. ئەم جۆرە جیاوازییانە هۆکاری سەرەکین لە پارچە پارچەبوونی ئەوان. لە کاتی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، پەیەدە و لقەکانی دەربارەی شێوەی بەڕێوەبردن بیرۆکەی خۆیان ڕوون کردەوە. بەڕێوەبەرایەتیی خۆجێییان ڕاستەوخۆ لە ئایدیاکانی عەبدوڵا ئۆجالان لەسەر خۆبەڕێوەبەری وەرگرتووە. ئۆجالان کاریگەریی نووسینەکانی موڕای بوکچین لەسەرە کە تیۆریست و فەیلەسووفێکی چەپ بوو. ئەلتەرناتیڤی پێشنیارکراوی ئەو، دروستکردنی ئابوورییەک بوو لەسەر بنەمای پێویستیی مرۆیی و دامەزراندنی کۆبەندیی جەماوەری، بە ئامانجی بەهێزکردنی خەڵک لە ئاستی ناوخۆیی. مەزهەبی بوکچین، هەندێک جار بە "کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک" یان "نەتەوەی دیموکراتیک" ناو دەبرێت، بووە بە درووشم بۆ پەیەدە، یەپەگە و قەسەدە.

پەیەدە سیستمی حوکمڕانیی چەمکی ئابووریی نوێی بە خەڵک ناساندووە، بۆ نموونە مۆدێلی کۆمۆنە کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە گەڕەکەکاندا. هەروەها پەیەدە لە چەند سێکتەرێکی وەک دابینکردنی خۆراک و کارەبادا هەماهەنگیی نوێی دامەزراندووە، سەرەڕای ئەو تەحەددییانەی کە بە هۆی ئەو ئاڵۆزییە بەردەوامەی لە سووریا هەیە، بەڵام کاریگەریی ئەم جۆرە هەوڵانە لە حوکمڕانیی نوێ لە چەند ساڵی ڕابردوودا تاقی کراوەتەوە.

بە ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی کۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لە ناوچە کوردنشینەکان بەدیاریکراوی و لە سووریا بەگشتی، پەیەدە نەیتوانیوە ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەرەتادا وێنای کردبوو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەتەواوی جێبەجێ بکات. بارودۆخی ئێستای باکووری

ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئاماژە بە سیستمێکی دووڕەگیی حکومەتی خۆجێیی دەکات.

ئەنەکەسە تێڕوانینێکی جیاوازی هەیە بۆ حوکمڕانی لە هەرێمە کوردییەکە. لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی (٢٠١١)ەوە، کوتلە سیاسییەکەی بە چەندین ئاڵۆزیی ئایدیۆلۆژیدا تێپەڕی. ئەنەکەسە هاوپەیمانییەکی فرەلایەنە و خاوەن ئایدۆلۆژیای جیاوازن، ئەوەش بووەتە ئالنگارییەک بۆ کوتلەکە. بۆ نموونە؛ دوو پارتی دەسەڵاتدار لەناو ئەنەکەسە، پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا و یەکێتین، ئەمانە باکگراوندی ئایدۆلۆژیی جیاوازیان هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا؛ کۆنترین هاوپەیمانیی بارزانییە لە سووریا، نوێنەرایەتیی بەها سیاسییە کۆنزێرڤاتیڤەکان دەکات، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە پەیوەندیی جوگرافی و کۆمەڵایەتییان بە کوردستانی عێراقەوە هەیە، بەڵام یەکێتی نوێنەرایەتیی چەپی کوردی

> **پەیوەندییەکی جێگیر لەگەڵ یەپەگە و قەسەدە بۆ سوپای ئەمەریکا گرنگ بوو بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی**

سووریا دەکەن لە دەرەوەی پێکهاتەی پەیەدە. هەندێ پارتی بچووکی تر هەن لە ئەنەکەسە، کە هەر سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان-سووریا و یەکێتین. سەرەڕای فرەلایەنییان، بەڵام کۆکن لەسەر ڕەتکردنەوەی پرۆژەی حوکمڕانیی "نەتەوەی دیموکراتیک".

لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦، ئەنەکەسە ڕوانگەی خۆی بۆ کوردستانی سووریا خستە ڕوو کە لە 115 مادە و پێشنیاری دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان پێک هاتبوو. پێشنیارەکە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکەی پەیەدە یەکی دەگرتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئەو کێشانە وەک: فیدرالیزم، مافی کەمایەتییەکان، پلۆرالیزمی سیاسی و ڕوانگەی گشتی بۆ دەوڵەتی سووریای داهاتوو.

فاکتەرێکی تر کە درزی نێوان دوو لایەنەکەی فراوانتر کرد، هاوپەیمانییان بوو لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزسیۆنە عەرەبییەکان. لە حوزەیرانی ٢٠١١، پەیەدە یارمەتیی دامەزراندنی "دەستەی هەماهەنگیی نیشتمانی بۆ گۆڕانکاریی دیموکراتی" دا کە وەکوو ئۆپۆزسیۆنێکی نزیک لە ڕژێم دەبینرا. دوو ساڵ دواتر لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣، ئەنەکەسە بووە بەشێک لە هاوپەیمانیی نیشتمانیی هێزە شۆڕشگێڕ و ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا (یان ئیتیلافی عەرەبی بۆ هاوپەیمانی) کە بنکەکەی لە تورکیا بوو، بەتوندی دژی پەیەدە و سیستمەکەی بوو.

لە ڕووی واقیعییەوە ئیدارەی پەیەدە پاڵپشتیی سیاسیی پێویستی نەبوو بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت، بۆیە دەبووایە پشت بە کوردی دەرەوەی خۆی ببەستێ بۆ بەڕێوەبردنی لقە جۆراوجۆرەکانی. لە ڕاستیدا چەند هەفتەیەک بەر لە گفتوگۆی نێوان هەردوو لا لە حوزەیرانی ٢٠٢٠دا، پەیەدە هاوپەیمانییەکی نوێی لەگەڵ حزبە کوردییە بچووکەکان ڕاگەیاند. ئەم پارتانە تێکەڵەیەک بوون لە (1) هەندێک لایەنی جیابووەوە لە ئەنەکەسە کە بەشێک بوون لە ئیدارەی خۆسەری و (2) گرووپەکانی کە دوای دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دامەزرابوون، لە کاتی ململانێی سووریادا. ئامانجی پشت ئەم هاوپەیمانییە نوێیەش ئەوە بوو کە ئەو پەیامە بگەیەنێ، پەیەدە بەتەنیا نییە لە دانوستانی نوێدا لەگەڵ ئەنەکەسە.

## ویلایەتە یەکگرتووەکان

لەدوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی 2014، ئامانجی ئەمەریکا لە سووریا لەناوبردنی ئەو گرووپە بووە، فۆکەسی پەیەدەش لەسەر ئەو ئامانجە بوو، بەو شێوەیەش پەیوەندیی ئەمەریکا لەگەڵ یەپەگە یەکیان گرت. یەپەگە و دواتریش قەسەدە بۆ سوپای ئەمەریکا هاوبەشێکی بێوێنە بوون، ئارەزووی ئەمەریکا بۆ کارکردن لەگەڵ قەسەدە تا ڕادەیەکی زۆر لە ویست و توانای ئەو گرووپە کوردییانە بوو کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش مەرجی پێشوەختەیان نەبوو. سوپای ئەمەریکا بۆی دەرکەوت کە ئەو پەیوەندییەی کاریگەر دەبێت، هەوڵی دا داعش لە گەورەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا وەدەرنێ، لەوانە ڕەققە، پایتەختی دی فاکتۆی گرووپە جیهادییەکە. پەیوەندییەکی جێگیر لەگەڵ یەپەگە و قەسەدە بۆ سوپای ئەمەریکا گرنگ بوو بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامیی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی. زۆر جار بەرپرسانی سەربازیی ئەمەریکا قەسەدەیان ئامادە دەکرد تا کاریگەرتر بن لە شەڕی دژی داعش. کاتێک سوپای ئەمەریکا لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بۆ کوشتنی دامەزرێنەری گرووپەکە؛ ئەبو بەکر بەغدادی ئۆپەراسیۆنی کرد، سوپاسگوزاریی خۆی دەربڕی بۆ کوردانی سووریا بەرامبەر پشتگیرییان لە هێرشەکەدا. تەنانەت خودی سەرۆک دۆناڵد ترامپ کاتێک کوژرانی بەغدادیی ڕاگەیاند، سوپاسی کوردەکانی کرد.

پەیەدە هەوڵی دا ئەو پشتگرییە سەربازییەی ئەمەریکا وەربگێڕێ بۆ پاڵپشتیی سیاسی، کە گرووپەکە بەکاری بهێنێت بۆ نیشاندانی شەرعیەتی خۆی هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوە. ئەم هەوڵانە بێسوود بوون، چونکە ئەمەریکا دەیویست ئەم جیاکارییە لە وەڵامی نیگەرانییە گەشەسەندووەکانی تورکیا دەربارەی هاوپەیمانیی نوێی واشنتۆن لەگەڵ یەپەگەدا بپارێزێت.

بەڵام لە حوزەیرانی ٢٠٢٠دا باڵوێز ولیام ڕۆبەک، جێگری نێردەی هاوپەیمانیی جیهانی بۆ شکستپێهێنانی داعش و بەرپرسی باڵای وەزارەتی دەرەوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، لە میانەی ڕاگەیاندنی لێکتێگەیشتنی پەیەدە-ئەنەکەسە ئامادە بوو. ئامادەبوونەکەی زۆر گرنگ بوو، ڕۆبەک تەنانەت بۆ پشتگیری لە لێکتێگەیشتنەکە لێدوانی دا. باڵوێزخانەی ئەمەریکاش لە دیمەشق بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و پشتیوانیی خۆی دەربڕی و وەرگێڕانی بە زمانی کوردی بۆ کرا. بەڵام ئەم جووڵانە سەرەڕای گرنگییە سیمبولییەکەی، نابێتە هۆی گۆڕینی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد، یان لە سووریا.

ئامانجی ئاشکرا بۆ واشنتۆن، کۆکردنەوەی کۆمەڵگای عەرەبی و کوردی بوو لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا کە هێزە کوردییەکان سەرکردایەتیی سەربازییان دەکرد لە ناوچە عەرەبی-زۆرینەکان لە پارێزگاکانی حەلەب و ڕەققە و دیر ئەلزۆر. ئەم کارە، ئەمەریکا دڵنیا دەکاتەوە کە چەکدارانی داعش دەستیان ناگات بە داهاتی نەوت تا یارمەتییان بدات بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوە و دروستکردنی هەڕەشەی نوێ لە ناوچەکەدا.

لە سەردانەکەی مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٠ بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، جەیمس جێفری، نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ سووریا و نێردەی تایبەتی هاوپەیمانیی جیهانی بۆ شکستپێهێنانی داعش، لەگەڵ سەرکردەکان لە دیالۆگی ناوخۆیی کورد کۆ بوویەوە. جیفری پشتیوانیی ئەمەریکای بۆ ئەو گفتوگۆیانە دەربڕی و داوای لە هەردوو لا کرد کە زاڵ بن بەسەر جیاوازییەکانیان و گەیشتن بە ئەنجامی دیاریکراو.

بۆ ئەمەریکا، هێشتنەوەی هێزەکانی تورکیا لە چاوەڕوانیدا هۆکارێکی تر بوو تا بیەوێت پەیەدە و ئەنەکەسە پێکەوە کۆ ببنەوە، بەو هیوایەی ئەنقەرە ڕازی بێت بە هەبوونی گرووپێکی دۆستی تورکیا -پارتی- کە بەشدار بێت لە بەڕێوەبردنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. بەڵام بۆ قایلکردنی تورکیا، زیاتر لە کۆکردنەوەی دوو لایەنی کوردی پێویست دەکرد، هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕۆبەک لە لێدوانی دواتری باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە دیمەشق جەختی لەسەر گفتوگۆی فراوانتر کردەوە سەبارەت بە داهاتووی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا کە گرووپی دیکە بگرنە خۆ. هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر شارۆچکە کوردییەکانی ڕەس ئەلعەین و تەل ئەبیەز لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا، پلانەکەی واشنتۆنی خێراتر کرد بۆ هەنگاونانی کرداری بەو ئاڕاستەیەدا. ئەمەریکا ئاشکرای کرد کە بەفەرمی پشتگیری لە ڕێککەوتنی حزبەکان دەکات، لەوانەیە ئەمەش پەیامێک بێت لەلایەن ئەمەریکاوە کە نیازی جددیی هەیە

لە یارمەتیدانی دامەزراندنی ئیدارەیەکی گشتگیرتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. واشنتۆن ئاشکرای کردووە کە سەربازەکانی ئەمەریکا لە چەند بەشێکی ڕۆژهەڵاتی سووریا دەمێننەوە بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەکە و ڕێگریکردن لە داعش و سووریا لە گەیشتنیان بەو ناوچانە. لە بودجەی بەرگریی ساڵی ٢٠٢١دا، ئەمەریکا پێشنیاری کردووە کە بەردەوام بن لە یارمەتیدانی قەسەدە و هەوڵی هاوبەش بۆ شەڕکردن لە ڕۆژهەڵاتی سووریا. ویلایەتە یەکگرتووەکان بەنیازە بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی قەسەدە لە ڕووی توانای بنیاتنان و کارامەیی شەڕ. پێشتر و دوای ئەوەی ئەمەریکا سزاکانی قەیسەری دژی ڕژێمی ئەسەد ناساند، بەرپرسانی ئەمەریکا هاوبەشە کوردەکانیان ئاگادار کردەوە کە باکووری ڕۆژهەڵات لە کاریگەریی سزاکان دەپارێزرێن.

ئەو بەڵێنانە وا دیارە جێبەجێ کران بەو ڕێککەوتنە نەوتییەی کە لەنێوان کۆمپانیایەکی ئەمەریکی -دەلتا کرێسنت ئینێرجی ئێڵ سی- و قەسەدەدا ئیمزا کرا. ئەو مامەڵەیە یارمەتیی ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرایەتیی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەدات بۆ گەڕان و پوختەکردن و تەنانەت هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی کاریگەرتر. بە وتەی کاربەدەستێکی باڵای کورد، بەشێک لە

**"کەرتی نەوتیی بەهێز و مۆدێرن، بە پشتیوانیی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەبێتە هۆی سەربەخۆیی ئابووریی زیاتر بۆ ئیدارەی خۆسەر، هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی هێزی سیاسی بۆ کوردەکانی سووریا بۆ زیادکردنی جموجووڵی بازرگانی لە ڕێگەی سێمێلکاوە"**

ڕێککەوتنەکە دروستکردنی پاڵاوگەی مۆدێرنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریایە بە نرخی ١٥٠ ملیۆن دۆلار. مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، دووپاتی کردەوە کە ئەو مامەڵەیە کێڵگە نەوتییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا نوێتر دەکاتەوە.

ئەمەریکا پێی وایە پشتگیریکردنی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بەبێ ئابووریی ناوخۆیی بێسود دەبێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی پشت بە دیمەشق نەبەستێت. لەو کاتەوەی کوردەکان دەستیان بەسەر هەرێمەکەدا گرتووە، بە شێوەیەکی زۆر پشتیان بە ڕژێم بەستووە بۆ دابینکردنی کاڵاکان. تاکە دەروازەی دەرەوە، دەروازەی سنووریی سێمێلکا بووە لەگەڵ کوردستانی عێراق. سێمێلکا خۆی خاڵی سنووری

فەرمی نییە، بەڵکوو لە ساڵی ٢٠١٣دا کرایەوە بۆ ئاسانکاریی گەیاندنی یارمەتیی مرۆیی بۆ ناوخۆی سووریا. هەندێک کات سێمێلکا وەک ئامرازێک بۆ فشاری سیاسی بەکار هاتووە، هەم لەلایەن پەیەدەوە لە بەرەی سووریا و هەم پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرەی عێراق. بۆ نموونە؛ ئەو خاڵی پەڕینەوەیە چەند جارێک داخراوە، لە کاتێکدا کە ئاڵۆزییەکان لەنێوان پەیەدە و ئەنەکەسە زیادی کردووە. سێمێلکا ڕەنگدانەوەی کاریگەریی هەرێمیی لەسەر سیاسەتی ناوخۆی کورد لە سووریادا هەیە.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵە، پەیەدە نەوتی خاوی ڕەوانەی ڕژێمی ئەسەد کردووە. ئەمەریکا بە تێگەیشتن لە ئابووریی ناوخۆیی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، چاوی لە چالاکییەکی لەو شێوەیە داخستووە، بەڵام لەژێر ئەم مامەڵە نوێیەدا نەک هەر ئەسەد ڕێگەی پێ نادرێ بگاتە کێڵگە نەوتییەکان، بەڵکوو پەیەدە هیچ نەوتێکی خاوی پێ نافرۆشێ. کەرتی نەوتی بەهێز و مۆدێرن، بە پشتیوانیی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەبێتە هۆی سەربەخۆیی ئابووریی زیاتر بۆ ئیدارەی خۆسەر، هاوکات لەگەڵ پێشکەشکردنی هێزی سیاسی بۆ کوردەکانی سووریا بۆ زیادکردنی جموجووڵی بازرگانی لە ڕێگەی سێمێلکاوە. پاراستنی سەقامگیریی سێمێلکا، سەربەخۆیی زیاتر بە ئیدارەی خۆسەر لە ڕژێمی ئەسەد دەبەخشێت، کە ئەو دەروازە سنوورییە ناناسێت و ناوبەناو داوای داخستنی کردووە.

لەخۆگرتنی ئەنەکەسە لە ئیدارەی خۆسەردا، پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هان دەدات بۆ مامەڵەکردنی داهاتوو لەگەڵ قەوارە کوردییەکەی سووریا. لە ڕاستیدا هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو کە بارزانی پشتگیریی ڕێککەوتنەکەی ئەم دواییەی دەکرد. ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستانی تیایە لە ئێستادا، وا دەکات بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگی بە بازرگانی لەگەڵ هەرێمە کوردییەکەی سووریا بدەن.

بەکورتی: قەوارەیەکی سەقامگیر و ئاشتکراوەی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵات، نەک تەنیا خزمەت بە هەوڵەکانی سەقامگیرکردنی ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی سووریا دەکات، بەڵکوو وێنەیەکی ئەرێنی دەدات بە تێوەگلانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا.

ئەگەر ڕۆژهەڵاتی سووریا سەقامگیر بێت، هەرێمەکانی دیکەی باشوور کە نارەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە سیاسەتی سیاسی و ئابووریی شکستخواردووی ئەسەد -ئەو ناوچانەی کە دەرعا و سوەیدایان تێدایە-، دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی خۆسەر دروست بکەن و پشتیوانیی ئەمەریکا بۆ بەرە بەرە پەراوێزکردنی ئەسەد دروست بکەن.

## تورکیا

کۆبانێ لە ساڵی ٢٠١٤دا یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی تورکیا و یەپەگە نزیک ببنەوە. لە کاتێکدا شەڕڤانانی کورد بێئومێدانە بەرگرییان لە چەند چارەکی کۆتایی کۆبانێ کرد لە دژی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی، بەرپرسانی تورکیا سەرقاڵی پێشبینیی پێشوەخت بوون سەبارەت بە کەوتنی ئەو شارە بۆ ئەو گرووپە. لەژێر فشاردا بێت یان نا، تورکیا ڕێگەی بە پێشمەرگە کوردەکانی عێراق دا کە لە کۆبانێ لە دژی داعش پشتیوانیی سەربازی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بکەن. نزیکەی دوو سەد پێشمەرگە لەگەڵ کاروانێکی سی و هەشت ئۆتۆمبێلی هەڵگری چەکی قورس و پێداویستی، چوونە ناو خاکی تورکیاوە و بەرەو ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ کۆبانێ بەڕێ کەوتن بۆ شەڕکردن لە شەڕی دژی داعش.

کاتێک حکومەتی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٣دا دەستی بە گفتوگۆی ئاشتی کرد لەگەڵ پەکەکە، ئەنقەرە بەدوودڵی ڕازی بوو بە پەیەدە و یەپەگە زۆربەی باکووری سووریا بەڕێوە ببەن. بوونی یەپەگە لە باکووری سووریا، تا پلەیەکی دیاریکراو سنووری باشووری تورکیای پارێزراو کرد. لەو ماوەیەدا ساڵح موسلیم (سەرۆکی پێشووی پەیەدە) و بەرپرسانی دیکەی پەیەدە زۆر جار سەردانی ئەنقەرەیان دەکرد بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا، بەڵام ئەم دیدارانە کۆتایی هات لەگەڵ شکستی کۆبوونەوەکانی ئەنقەرە لەگەڵ پەکەکە لە ساڵی ٢٠١٥.

ئەگەر سیاسەتی تورکیا لە سووریا بەتەواوی لەسەر بنەمای دژەکورد نەبێت، ئەوا بێگومان پاڵنەری سەرەکیی سیاسەتەکانیەتی. هەر لە سەرەتای شەڕی سووریاوە، تورکیا لەوە هاتە دەنگ کە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی لەسەر سنووری باشووری خۆی قبووڵ نییە. ئەنقەرە پەیەدە و یەپەگە وەک درێژکراوەی پەکەکە دەبینێت.

پاڵپشتیی ئەمەریکا بۆ یەپەگە تورکیای تووڕە کرد، بەڵام هیچ شتێکی وا نەبوو ئەنقەرە بتوانێت قەناعەت بە هاوپەیمانیی ناتۆ بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بهێنێت بە کاری هاوبەش لەگەڵ شەڕڤانانی کوردی سووریا. لە ماوەیەکی کورتدا، یەپەگە خۆی سەلماند وەک هێزێکی شەڕکەری کاریگەر لە ئەرکی شکستپێهێنانی گرووپی تیرۆریستیی دەوڵەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا. بە پێچەوانەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنە سەرەکییەکانی تر، یەپەگە بەدیسپلین و ڕێک خرابوو. سەرەڕای ناڕەزاییەکانی تورکیا، واشنتۆن بڕیاری گونجاوی دا بۆ فراوانکردنی هاوکاریی سەربازی لەگەڵ یەپەگە.

پاشان کارتی ئەنەکەسە هات. کاتێک ئەنەکەسە چووە پاڵ ئیتیلاف، ئەوە دەرفەت بوو کە تورکیا ئیستغلالی گرووپێکی کوردی

بکات بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی لە دژی پەیەدە. ئەنەکەسە لە ڕووی سیاسی و داراییەوە کە بارزانی پشتیوانیی لێ دەکات -کە هاوپەیمانی نزیکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە-، بەخێرایی بوو بە بارئامرازێک بۆ سیاسەتی دژەپەیەدە لەلایەن تورکیاوە لە سووریا. ئەنقەرە زۆر جار بوونی ئەنەکەسە بۆ نایاسایی نیشاندانی پەیەدە بەکار هێنا. ئەنەکەسە لەناو کۆمەڵگەی کوردیی سووریادا پشتیوانییەکی جەماوەریی بەرچاویان هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و دیسپلینی سیاسی و لە هەمووشی گرنگتر دەسەڵاتی سەربازی، هاوتای پەیەدە نییە. تورکیا شکستی هێنا لە پێشکەشکردنی گرووپەکە وەک بەدیلێک، تەنانەت لە

**ئامانجی فەرمیی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوڕاتی تورکیا وا دەردەکەوت ڕزگارکردنی شارۆچکەکانی وەک جەرابلوس و ئەلباب بوو لەدەست داعش، بەڵام ئەوە ڕوونبوو ئامانجی ڕاستەقینە ئەوەیە ڕێگری لەشەڕڤانانی کورد بکرێت لە پێکهێنانی قەوارەیەکی هاوسێ بە درێژایی سنووری تورکیا**

گفتوگۆی جنێفی نێوان ڕژێمی ئەسەد و ئۆپۆزسیۆندا.

پاش دەرککردن بە بێهوودەیی یاریکردنی کارتی ئەنەکەسە لە دژی پەیەدە و شکستهێنانی قایلکردنی ئەمەریکا بۆ ئەوەی دەست لە پشتیوانییەکانی بۆ یەپەگە و قەسەدە هەڵبگرێت، تورکیا بڕیاری دا کێشەکان بگەڕێنێتەوە دەستی خۆی. دوای نزیکەی پێنج ساڵ لە دەستپێکردنی شەڕی سووریا، تورکیا لە ساڵی ٢٠١٦دا لە بواری سەربازییەوە چووە ناو ئەو شەڕەوە، نەک دژی ئەسەد یان داعش، بەڵکوو بۆ ئەوەی یەپەگە و قەسەدە لە فراوانکردنی خاکەکەیان بوەستێنێت. سەرەڕای بەردەوامیی بەڵێنی تورکیا بۆ شەڕی دژی داعش، بەڵام بەرپرسانی سەربازیی ئەمەریکا دڵنیا نەبوون کە ئایا دەستتێوەردانی سەربازیی ئەنقەرە یارمەتیدەر دەبێت لە بەرەوپێشبردنی ئامانجە جێگیرەکەی واشنتۆن کە نەهێشتنی داعشە. نیگەرانیی ئەوان ئەوە بوو کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە لەنێوان سوپای تورکیا و یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە و قەسەدەدا، شەڕڤانانی کورد لە شەڕی سەرەکیی دژی داعش سەرقاڵ بکات و بەم شێوەیە شەڕ لە دژی ئەو گرووپە تیرۆریستییە لە ڕۆژهەڵاتی سووریا دوا بخات. هەر چەندە ئامانجی فەرمیی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوڕاتی تورکیا وا دەردەکەوت دەرکردنی

شارۆچکەکانی وەک جەرابلوس و ئەلباب بوو لە دەست داعش، بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە ئامانجی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ڕێگری لە شەڕڤانانی کورد بکرێت لە پێکهێنانی قەوارەیەکی هاوسێ بە درێژایی سنووری تورکیا. لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٨دا، ئۆپەراسیۆنی زەیتوونی تورکیا، یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگەی لە شاری عەفرینی کوردستانی سووریا دەرکرد کە پێگەیەکی گرنگی پەیەدە بوو. پاش کەمتر لە دوو ساڵ، لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، ئۆپەراسیۆنی ئاشتیی بەهاری تورکیا یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە و قەسەدەی لە شارۆچکەکانی ڕەس ئەلعەین و تەل عەبیەد دوور خستەوە.

پەیەدە و لایەنگرانی بەردەوام بوون لە تۆمەتبارکردنی ئەنەکەسە بە هاوکاریکردنی تورکەکان. ئەم جۆرە تۆمەتانە بەشێکی زۆری لەوەوە سەرچاوەی گرت کە هەندێک لە سەرکردەکانی ئەنەکەسە لە تورکیا بوون، وەک عەبدولحەکیم بەشار و فواد عەلیکۆ، هۆکاری کردەوەی سەربازیی تورکیایان خستە سەر یەپەگە و قەسەدە کە هەرێمە کوردییەکەیان بەرەو شەڕی نایەکسان لەگەڵ تورکیا ڕاکێشاوە. ئەم سەرکردە پرۆتورکانەی ئەنەکەسە، گرووپەکەیان خستە ناو پێگەی خراپەوە لەگەڵ پەیەدە کە بە خیانەتکار ناوی بردن.

پێشتر و لەدوای ئەو داگیرکارییانە، تورکیا خێرا بوو لە بەکارهێنانی پرۆکسییە سیاسییەکانی سووریا وەکوو ئیخوان موسلیمین بۆ هێرشکردنە سەر پەیەدە و قەوارە سیاسییەکەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. ئیتیلاف کە بنکەی لە ئەستەنبووڵە و هاوکاری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بوو لە عەفرین و ڕەس ئەلعەین، چەندین جار پەیەدە و چەکدارەکانی بە گرووپی تیرۆریستی وەسف کردووە کە دەبێت لەناو ببرێت. ئەنەکەسە هێشتا بەشێکە لە ئیتیلاف، تورکیا زۆر جار باسی ئەوەی کردووە کە ئەنەکەسە نوێنەری شەرعیی کوردە لە سووریا، بەڵام کاتی ڕاگەیاندنی گفتوگۆی پەیەدە و ئەنەکەسە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٠، چاوش ئۆغڵۆ وتی هەر ڕێکخراوەیەک لەگەڵ پەکەکە کار بکات؛ بەئامانجی دەگرین.

ئایندەی ئەنەکەسە لەناو ئیتیلافدا، پێدەچێت بابەتی سەرەکیی گفتوگۆکان بێت لەگەڵ پەیەدە. مانەوەی ئەنەکەسە وەکوو بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی، دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن دوو لایەنەکە ڕێک دەکەون لەسەر نوێنەرایەتییان لە هەر دانوستانێکی ئاشتی لە بارەی ئایندەی وڵاتەکەوە. بەشداریی پەیەدەش لە دانوستانەکانی ئاشتی بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا تورکیا قایل دەبێت بە بەشداریکردنی. ئەم گریمانەیە ڕەنگە ئەرکی دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان بێت.

## ڕژێمی سووریا

کاتێک که سه‌ربازه‌کانی ئه‌سه‌د له ساڵی ٢٠١٢ له ناوچه کوردییه‌کان کشابوونه‌وه له گه‌رمه‌ی ڕاپه‌ڕینی سووریادا، تێگه‌یشتنی سه‌ره‌تایی ئه‌وه بوو که ڕژێم که‌مترین ئاماده‌بوونی له گه‌وره‌شاره‌کانی وه‌ک قامیشلۆ و حه‌سه‌که‌دا هه‌بوو. باقیی قامیشلۆ و حه‌سه‌که و ته‌واوی هه‌رێمه‌که که‌وتنه ژێر کۆنترۆڵی یه‌په‌گه. به‌پێی کات، یه‌کینه‌کانی پاراستنی گه‌ل ده‌سه‌ڵاتی ڕژێمی ئه‌سه‌دیان له گۆڕه‌پانه ئه‌منییه‌کان و فڕۆکه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تی له قامیشلۆدا قه‌تیس کرد. ئه‌و بێسه‌روبه‌رییه له ساڵی (٢٠١٢)ه‌وه تا مانگی ١٠ی ٢٠١٩ وا مایه‌وه، هه‌ر چه‌نده هه‌ندێک جار زنجیره توندوتیژی له‌نێوان هێزه‌کانی ئه‌سه‌د و یه‌په‌گه‌دا ڕووی ده‌دا که به‌زۆری له‌سه‌ر داهاتی نه‌وت و گومرگ و کۆنترۆڵکردنی هه‌ندێک ناوچه‌ی دیاریکراو بوون.

به‌ڵام سه‌ره‌ڕای گه‌وره‌بوونی پشتیوانیی سه‌ربازیی ئه‌مه‌ریکا بۆ په‌یه‌ده، په‌یه‌ده هه‌میشه که‌ناڵێکی کراوه‌ی له‌گه‌ڵ دیمه‌شق هێشته‌وه، چ ڕاسته‌وخۆ یان ناڕاسته‌وخۆ. هه‌ندێک که‌سی به‌هێز له‌ناو ئیداره‌ی خۆسه‌ردا به‌رده‌وامی داکۆکییان له په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ ڕژێمدا کردووه، ئه‌مه‌ش له‌وه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت که کورد له کۆتاییدا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ دیمه‌شق بۆ دانوستان له‌سه‌ر داهاتووی هه‌رێمه‌که‌ی، به‌م شێوه‌یه په‌یوه‌ندییه‌کی که‌م له‌گه‌ڵ ڕژێمدا ده‌توانێت سوودی هه‌بێت بۆ هه‌ر دانوستانێکی داهاتوو. که‌سانی تر له‌ناو پێکهاته‌ی په‌یه‌ده-قه‌سه‌ده که دژی ئه‌م بیرۆکه‌یه‌ن و به زیادکردنی پشتیوانیی ئه‌مه‌ریکا هه‌وڵی دوورکه‌وتنه‌وه‌یان دا له ئه‌سه‌د.

ئه‌سه‌د جاروبار به هۆی کاری هاوبه‌شیان له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ریکییه‌کان، هێرشی ده‌کرده سه‌ر یه‌کینه‌کانی پاراستنی گه‌ل (یه‌په‌گه) و قه‌سه‌ده، به‌ڵام تا سه‌ره‌تای ساڵی ٢٠١٧ له پێگه‌یه‌کدا نه‌بوو که هه‌ڕه‌شه‌ی ڕاسته‌قینه له دژی کورد بکات، چونکه له شه‌ڕی جۆراوجۆردا له دژی ئه‌و یاخیبووانه‌ی له ته‌واوی سووریادا هه‌بوو؛ سه‌رقاڵ بوو. کاتێک ڕژێمی سووریا ورده ورده ده‌ستی به‌سه‌ر زۆربه‌ی ئه‌و ناوچانه‌دا گرت که پێشتر له‌لایه‌ن یاخیبووانه‌وه ده‌ستی به‌سه‌ردا گیرابوو، گوتاری دژه‌کورده‌که‌ی زیاتر بوو. وته‌کانی ئه‌سه‌د و به‌رپرسانی پله‌به‌رز، دووپاتیان ده‌کرده‌وه که هه‌رێمی کورد و ناوچه‌کانی دیکه‌ی ڕۆژهه‌ڵات که له‌لایه‌ن هێزه کوردییه‌کانه‌وه کۆنترۆڵ کراون؛ به‌ده‌ر نین له ئامانجی کۆتایی ڕژێم بۆ سه‌پاندنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات.

ئه‌و خواستانه ته‌نیا ئه‌و کاته به‌هێز بوون که هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکا له به‌شه‌کانی باکووری ڕۆژهه‌ڵاتی سووریا کشایه‌وه و تورکیا هه‌رێمه‌که‌ی داگیر کرد. دوای بێهیوابوون له هاوکاری، بۆ ئه‌وه‌ی تورکه‌کان له پێشڕه‌ویی زیاتر بۆ ناو خاکی کوردان بوه‌ستێنن، قه‌سه‌ده

بەفەرمی بانگهێشتی هێزەکانی ڕووسیا و ڕژێمی ئەسەدی کرد، پێیان وا بوو ئەمە تورکیا ناچار دەکات ئۆپەراسیۆنەکانی بۆ ڕەئس عەین و تەل ئەبیەز سنووردار بکات.

ڕژێم گەڕانەوەی خۆی بۆ چەند بەشێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بۆ لایەنگرانی خۆی بۆ یەکەم جار لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە وەک سەرکەوتنی گەورە نمایش کرد. هەر چەند ئەمە زللەیەک بوو لە دەموچاوی کورد بەرامبەر پشتبەستن بە ئەمەریکییەکان، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ شتێکی سەرەکیی لەسەر ئەرزی واقیع نەگۆڕی. ئەو سەربازانەی ڕژێمی ئەسەد کە بۆ ناوچەکانی وەک کۆبانێ و عەین عیسا لە باکوور بڵاوە پێ کران، لەلایەن قەسەدەوە خواردنیان پێ درا و جێگە کرانەوە. ئەسەد

"

**زەحمەتە پێشبینیی ئەوە بکرێت ئەسەد بتوانێت بگاتە ڕێککەوتنێکی مانادار لەگەڵ کوردەکان. هەر چەندە دەکرێت لەلایەن ڕووسەکانەوە پاڵی پێوە بنرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ کوردەکاندا بکات**

"

دانی بەوەدا دەنا کە سوپاکەی بە هۆی نۆ ساڵ شەڕەوە داڕماوە، توانای ئەوەی نییە کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکە بکات، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی سیاسییشەوە ئەوە بکرێت. هەروەها دانی بەوەدا نا کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕاستییەکی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی نوێ هەیە و گۆڕینیان ماوەیەکی زۆری دەوێت.

لە شوباتی ٢٠٢٠، ڕووسیا دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ نێوەندگیریی نێوان ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات کە باڵی سیاسیی قەسەدەیە و ڕژێمی سووریا. ئەم جووڵەیە گرنگ بوو، چونکە پەیەدە و پارتەکانی تری ئەنجوومەنەکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەسەد کەوتنە گفتوگۆ دوای داگیرکارییەکانی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩. خاڵێکی سەرەکیی ناکۆکیی نێوان ڕژێمی سووریا و ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات، هەم لەپێش و هەم لە کاتی گفتوگۆ سەرەتاییەکاندا، ئەو سیستمە حوکمڕانییە بوو کە هەرێمە کوردییەکە خاوەنداریێتیی دەکات. ئەنجوومەنەکە نەک هەر پێداگریی لەسەر پاراستنی ئۆتۆنۆمییە خۆجێییە نوێیەکەی کرد کە لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن گرووپە کوردییەکانی سەر بە پەیەدەوە ڕاگەیەنرابوو، بەڵکوو داوای دەکرد کە مۆدێلی حوکمڕانییەکەی لە هەموو سووریا جێبەجێ بکرێت.

کوردەکان لەوە دەترسن ئەگەر خۆیان ڕادەستی ئەو جۆرە لە داواکارییانەی

ڕژێمی ئەسەد بکەن، ئەوا کۆتایی بە خەونی خۆبەڕێوەبەری بێت. بۆیە پەیەدە و هاوپەیمانەکانی نایانەوێ ئەم هەلە لەدەست بدەن و هەندێ لایەنی دیاریکراوی حوکمڕانیی ئێستا دەناسێنن تا لەگەڵ دیمەشق دانوستانی لەسەر بکەن. دانوستانەکانی کە لە دیمەشق بەڕێوە چوو؛ بەبێ ئەنجام کۆتایی هات، سەرەڕای هەوڵدانە چڕەکانی ڕووسیا. کۆبوونەوە سەرەتاییەکان لە بنکەی سەربازی لە حمێمیم و بە پشتیوانیی جەماوەری کرا، بەڵام نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن.

بەپێی ئەو مێژووەی هەیەتی، زەحمەتە پێشبینیی ئەوە بکرێت ئەسەد بتوانێ بگاتە ڕێککەوتنێکی مانادار لەگەڵ کوردەکان. هەر چەندە دەکرێت لەلایەن ڕووسەکانەوە پاڵی پێوە بنرێ بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ کوردەکاندا بکات، بەڵام ئەسەد هەمیشە دەیتوانی مانۆڕ بکات -وەک ئەوەی پێشتر کردوویەتی- بۆ کڕینی کات تا ئەو کاتەی ڕژێمەکەی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە پێگەی باشتر دەبێت، بەم شێوەیە دەستی باڵای دەبێت لە هەر دانوستانێکی داهاتوو لەگەڵ کورد. هەتا قەسەدە بەردەوام بێت لە هاوبەشی لەگەڵ ئەمەریکییەکان، ڕژێمی سووریا و ڕووسیا بەزەحمەت بەشداری لە گفتوگۆی ڕاستەقینە لەگەڵ کورد دەکەن. لەم خاڵەدا، هەر دانوستانێکی سیاسیی نێوان ئەسەد و کوردەکانی سووریا؛ چارەنووسی شکست دەبێت.

## فاکتەری ڕووسی

حکومەتی ڕووسیا بەردەوام ئاماژە بە پەیوەندیی مێژوویی مۆسکۆ لەگەڵ گەلی کورد دەکات، زۆر جار ستایشی کاریگەریی پەیوەندییان دەکەن لە شەڕی دژی تیرۆردا لە چوارچێوەی سووریادا. ڕووسەکان لە گرنگیی پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ کورد تێدەگەن. بە ناسینی لاوازییەکانی هێزەکانی ئەسەد، ڕووسیا لەو باوەڕەدایە کە قەسەدە دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانی داهاتوو کە لەوانەیە بەشداری بکات لە یەکبوونی خاکی سووریا.

مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، ڕووسیا سپۆنسەریی کۆنفرانسێکی لە سۆچی کرد بۆ پێکهاتەکانی ڕژێم و ئۆپۆزسیۆن. پێداگریی ڕووسیا لەسەر ناونانی کۆبوونەوەکە بە "کۆنگرەی گەلی سووریا"، سەرباری ناڕەزایەتییەکانی کەسانی ناسیۆنالیست لە هەردوو لایەن، پەیامی تایبەتی بوو بۆ کوردەکان کە ڕووسیا باشتر لە هەموو ئەکتەرێکی تری ناوەوە یان دەرەوەی سووریا لە دۆخی ئەوان تێدەگات. ناوزەندکردنی کورد بە "گەل"، ڕێگای مۆسکۆ بوو بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی پرسی کورد لە سووریا -کە ئەو کەسانەی لەسەر خاکی باوباوپیرانیان دەژین، ئەم ناسینە پێشکەوتوو دیار بوو بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ململانێی سووریا کە کوردەکان تەنها وەک کەمینەیەکی نەژادی سەیری دەکەن و دەکرێت کێشەکانی لە

ڕێگەی هاوڵاتیبوونەوە چارەسەر بکرێن.

ڕووسیا داوای ئۆتۆنۆمیی کولتووری کوردی کرد، شتێک کە بەر لە ئۆپۆزسیۆن لەلایەن ڕژێمەوە ڕەت کرایەوە. کوردەکان لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەی بایکۆتی کۆنفرانسەکەیان کردووە (وەک پەیەدە و ئەنەکەسە)، بە ئەرێنی سەیری پێشنیارەکەی ڕووسیا و ئاماژەکەی بۆ پلەیەک لە ئۆتۆنۆمیی کورد کرد.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ و دواتر داگیرکارییەکانی تورکیا، پەنجەرەیەکی نوێی دەرفەتی پێشکەش بە ڕووسیا کرد بۆ بنیاتنانی کاریگەریی خۆی لە هەرێمە کوردییەکە، بەدیاریکراوی لە ڕێگەی بڵاوەپێکردنی هێز بۆ ئەو ناوچانەی پێشتر سنووری سەربازانی ڕووسیا نەبوون. جگە لە بەشی ئێشکگریی سەربازەکانی ڕووسیا لە سنووری سووریا و تورکیا -لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ی نێوان مۆسکۆ و ئەنقەرە-دا، بوونی ئەوان لە قامیشلۆ و حەسەکە زیادی کردووە، بەتایبەت لە فڕۆکەخانەی پێشوو کە ماوەیەکی زۆرە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ئەسەددا بووە.

لە چەند بۆنەیەک لەم چەند مانگەی دواییدا، هێزەکانی ئەمەریکا ڕێیان لە کاروانی سەربازیی ڕووسیا گرت بەو ناوچانەدا تێپەڕ بن کە لە ناوچەی کاریگەریی ئەمەریکادا بوون، بۆ نموونە؛ لە سەرەتای حوزەیرانی ٢٠٢٠، کاروانێکی سەربازیی ڕووسی هەوڵی دا بگاتە گوندێکی نزیک شارۆچکەی ئەلمالیکیە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، بەڵام سەربازەکانی ئەمەریکا ڕێگرییان لە ڕووسەکان کرد. هەر چەندە هەوڵە ڕووسییەکە شکستی هێنا، بەڵام نیشانی دا مۆسکۆ بەرژەوەندیی خۆی هەیە لە بڵاوەپێکردنی سەرباز بۆ ناوچەیەک کە ناسراوە بە کێڵگە نەوتییە زۆرەکانی. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نوێیەی نەوت لەنێوان ئەمەریکا و قەسەدەدا هەیە، پێویستە واشنتۆن دڵنیا بێت لەوەی کە هێزەکانی ڕووسیا ناتوانن لە داهاتوودا دەستیان بەو کێڵگەیە بگات -سیناریۆیەک کە لەوانەیە بەرهەمهێنانی نەوت تێک بدات. بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، کۆسپێکە لەبەردەم پلانە درێژخایەنەکانی مۆسکۆ لە سووریا، لەوانەش نزیکبوونەوەی لە کورد، بۆیە ڕووسیا بە هەموو ڕێگەیەک بەردەوام دەبێت لە گوشارخستنە سەر ئەمەریکییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا.

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، بەرپرسانی ڕووسیا خێرا بوون بۆ ئەوەی بە کوردەکان بڵێن چیتر پشت بە ئەمەریکا نەبەستن. ڕووسیا ئەو کشانەوەیەی بەکار هێنا بۆ ئەوەی نیشانی بدا کە هاوبەشیی ئەمەریکا و کورد لە سووریا؛ "هیچ باشییەک ناهێنێ بۆ کورد"، وەک سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا وتی.

> **ڕووسیا لەوە گەیشتووە پێویستی بە هاوپەیمانیی نوێیە لە سووریای دوای جەنگ، بەتایبەت کوردەکان کە هێزێکی ڕێکخراون و سێیەکی خاکی سووریایان لەژێر دەستە**

بەرپرسانی قەسەدە دانیان بەوەدا نا کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، زیانی بە متمانەی نێوان ئەو دوو هاوکارە گەیاندووە. بەڵام فەرماندەی گشتیی قەسەدە، مەزلوم کۆبانێ، ڕایگەیاند کە کورد لە ساڵی ٢٠١٩، ئەزموونی تاڵی لەگەڵ ڕووسیادا هەبوو، کاتێک ڕێگەی بۆ سەربازانی تورکیا خۆش کرد کە ساڵی ٢٠١٨دا شارۆچکەی عەفرینی باکووری ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکەن. لە تەمووزی ٢٠٢٠دا، ڕووسیا لەگەڵ چین بڕیارنامەیەکی ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (ڤیتۆ) کرد، کە تیایدا ڕێگەیان بە گواستنەوەی بەردەوامی یارمەتییەکان بۆ ناوچە کوردییەکانی سووریا و ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان دا لە سێ خاڵی سنووریی سووریا لەگەڵ عێراق و تورکیا. لای کوردیش ئەو جووڵەیە وەکوو هەوڵێکی تری ڕووسیا بینرا، بۆ شکاندنی پەیوەندیی نزیکی کورد لەگەڵ واشنتۆن. بەڕاستی ئەوە پەیامێک بوو کە مۆسکۆ هێشتا ئەو ئامرازەی هەیە کە کورد لە ڕووی ئابوورییەوە بخنکێنێ، ئەگەر هاوپەیمانیی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا بەردەوامی پێ بدات. ماوەیەکی نزیک دوای ڤیتۆکە، مۆسکۆ هەوڵەکانی بۆ دانوستانی نێوان ڕژێم و کوردەکان نوێ کردەوە، ئەمەش وەکوو وەڵامێک بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکخستنی کوردەکان لەلایەن ئەمەریکاوە. ڕووسیا لەوە گەیشتووە پێویستی بە هاوپەیمانیی نوێیە لە سووریای دوای جەنگ، بەتایبەت کوردەکان کە هێزێکی ڕێکخراون و سێیەکی خاکی سووریایان لەژێر دەستە.

لە هەوڵێکی تردا بۆ لێکنزیککردنەوەی کوردەکانی سووریا، ڕووسیا لە ئەیلوولی ٢٠٢٠، سەرپەرشتیی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنی کرد لەنێوان قەسەدە و پارتی ئیرادەی گەل، کە فراکسیۆنێکی کۆمۆنیستییە و مۆسکۆ پشتگیریی دەکات.

سەرۆکی حیزبەکە، قەدری جەمیل، لە سەردەمی شەڕی سووریادا لە کابینەی ئەسەددا وەزیر بووە و ئێستا بەشێکە لە "ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی". لە بەڵگەنامەکەدا هەردوو لا لەسەر پێنج خاڵ ڕێک کەوتوون، لەوانە: چارەسەری دیموکراتیک بۆ پرسی کورد لە سووریا بەپێی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان. خاڵێکی تری ڕێککەوتنەکە،سەبارەت بە پێویستیی سوودوەرگرتن بوو لە ئیدارەی خۆسەر بۆ لامەرکەزیەتی سووریای داهاتوو. هەروەها قەسەدە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدار بێت لە شەڕی تیرۆر و پێکەوەژیان، لە داهاتووشدا لەگەڵ سوپای سووریا یەک بگرێ و دەست لە سیاسەت وەرنەدات.

## ڕێگایەکی بەرز و نزم

سەرەتای ئابی ٢٠٢٠، هەواڵی ئەوە درا کە خولی دووەمی گفتوگۆی پەیەدە و ئەنەکەسە دەست پێ بکات. لە مانگی ئەیلوولدا چەندین کۆبوونەوەی تر کرا بە وتەی کاربەدەستێکی ئەنەکەسە. ئەمەریکا هانی دوو لایەنەکە دەدات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن و دروستکردنی مەرجەعیەتێک بە زووترین کات. هەر چەندە هێشتا ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە بۆ ڕێککەوتن ڕوون نییە، بەڵام هەردوو لا دووپاتی دەکەنەوە کە تەنها تێوەگلانی ئەمەریکا دەتوانێت ڕێڕەوی دانوستانەکان بپارێزێت. تا کاتێک واشنتۆن پابەند بێت بە سپۆنسەریی سیاسی بۆ ئەم دەستپێشخەرییە گرنگە، هیوای ئاشتبوونەوە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

جەنەراڵ عەبدی (مەزلوم کۆبانی) لەم دۆخەدا دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ ببینێت و دوو لایەنەکە لێک نزیک بکاتەوە. سەرکەوتن و شکستی لە یەکخستنی کوردەکانی سووریا، هێزی ئەو نیشان دەدات لە دەرکەوتنی وەک سەرکردەیەک کە توانای یەکخستنی لایەنەکانی هەیە. ڕەنگە بەرپرسانی کوردی عێراق بیانەوێت عەبدی لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو بێت، چونکە ئەوە لە کۆتاییدا توانای هەیە کاریگەریی کادیرانی پەکەکە لە کوردستانی سووریا کەم بکاتەوە. بارزانییش لە کاتی دانوستانەکانی نێوان دوو لایەنەکە، داوای لە ئەنەکەسە کرد کە پێداگر بن لەسەر داوا بنەڕەتییەکانی خۆیان، بەتایبەت سەبارەت بە هاوبەشیکردنی دەسەڵات لە ڕووی سەربازی و سیاسی لە داهاتوودا. سەرەڕای هەندێک گەشبینی بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆکان، بەڵام گرنگە تێبینیی ئەوە بکەین کە لە هەردوو لاوە، بەتایبەتی پەیەدە، دەیانەوێت دۆخی ئێستا بمێنێتەوە.

کوردی عێراق پێویستە زیاتر پشتیوان بن بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی سیاسیی بەتوانا بۆ براکانیان لە سووریا. جگە لە هاندەری ئابووری، قەوارەیەکی کوردیی یەکگرتوو و خۆسەر لە سووریا نوێنەرایەتیی قووڵایی ستراتیژی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات. پەکەکەش پێویستە ئەوە بزانێت کە کوردی سووریا هەلی بێهاوتایان هەیە لە خۆبەڕێوەبردندا، وەک کاربەدەستێکی باڵای قەسەدە باسی کرد "دەرفەتی سەدەیە". بەڵام بەشداریی ڕاستەوخۆی پەکەکە لە کاروباری ناوخۆی کورد لە سووریا، تەنیا مەسەلەکان زیاتر بۆ قەسەدە ئاڵۆز دەکات. دوورکەوتنەوەی پەکەکە لە قەسەدە و یەپەگە، بەتەواوی هەڕەشەکانی تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕاناگرێت، بەڵکوو لە ڕاستیدا توانای ئەنقەرە بەو بەهانانە کەم دەکاتەوە کە بۆ داگیرکردنی ناوچە کوردییەکانی سووریا بەکاری دەهێنێت.

هەنگاوێکی دیکەی گرنگ بۆ قۆناغەکانی داهاتووی دانوستانەکانی پەیەدە و ئەنەکەسە، بریتی دەبێت لە لایەنە کوردی و ناکوردییەکان، وەک: پارتی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کورد، پارتی یەکێتیی دیموکراتی کورد، ڕێکخراوی دیموکراتی ئاشووری و هۆزە عەرەبەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. هەردوو لاش دان بەوەدا دەنێن کە هەر ڕێککەوتنێکی داهاتوو لەسەر حوکمڕانیی ناوخۆیی، دەبێت کۆدەنگی لەنێوان هەموو گرووپە ئەتنی و ئایینییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بەدەست بهێنێت. هەڵبژاردنی خۆجێیی کە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە دوو جار لەلایەن پەیەدەوە ئەنجام دراوە، دەبێت دادپەروەرانە و ئازاد بێت. سەرەڕای ئەو تەحەدا جددییانەی ڕووبەڕووی هەرێمەکە دەبنەوە، بەڵام هێشتا خۆبەڕێوەبەریی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا؛ دەرفەتی ڕاستەقینەی هەیە بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات و بوونی خۆی بپارێزێت.

سەرەڕای تێکشکانی، داعش هێشتا هەڕەشەیەکی جددییە نەک تەنها بۆ قەسەدە، بەڵکوو بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە خۆسەرە کە بەدوای سەلماندنی کاریگەریی خۆیدایە، بەتایبەتی لە ناوچە زۆرینە عەرەبەکاندا. ئیدارەی خۆسەری و قەسەدە، بە یارمەتیی و هاوکارە نێودەوڵەتییەکانیان، دەبێت دەستبەجێ پلانی چاککردنەوەی ڕاستەقینە بۆ ئەو ناوچانەی لە دەستی داعش ئازاد کراوە؛ دابڕێژن. دەبێت پلانێکی لەو جۆرە، سیستمێکی حوکمڕانیی باش و هەروەها هەلی ئابووریش دابین بکات. دڵنیاکردنەوەی دانیشتووانی عەرەبی دێرەزۆر و شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی سووریا، ڕازیبوون بە دۆخی ئابوورییان، بێگومان ڕێگری لە ئەکتەرەکانی تری وەک داعش و تەنانەت ڕژێمی سووریا و هێزەکانی ڕووسیا و میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەکات بە درێژایی ڕۆژئاوای فورات، کە لە هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی ناڕەزاییە ناوخۆییەکان لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووبارەکە.

پاراستنی تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، لەگەڵ ئەوەشدا پشت بە دوو فاکتەری سەرەکی دەبەستێت: یەکەم: بارودۆخی سیاسی لە ناوچەکانی تری وڵات چۆن دەگۆڕێت. دووەم: ڕۆڵی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. هەر چەندە هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، نیشانی داوە کە دۆخەکە بۆ کوردەکانی سووریا چەند ناسک بێت، چەندین کارتی سیاسی و سەربازی بۆ بەدواداچوون بۆ مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئەسەد یان ئەکتەرەکانی دیکە لە سووریا دەپارێزن.

# دوالیزمه‌یی گوتار و کاریگه‌ریی له‌ ده‌ره‌وه‌ی کۆماری ئیسلامیی ئێران



نووسه‌ران:
**حه‌جر ئه‌رده‌ستانی**.................خوێندکاری دکتۆرا له‌ په‌یوه‌ندییه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کانی زانکۆی ته‌ربیه‌ت موده‌ڕس
**محه‌مه‌د ڕه‌زا تاجیک**.........................................ئه‌ندامی لیژنه‌ی زانستیی زانکۆی شه‌هید به‌هه‌شتی
**مه‌سعوود موسه‌وی شفائی**.....ئه‌ندامی لیژنه‌ی زانستیی به‌شی په‌یوه‌ندییه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کانی زانکۆی ته‌ربیه‌ت موده‌ڕس
**موحسین ئیسلامی**.............ئه‌ندامی لیژنه‌ی زانستیی به‌شی په‌یوه‌ندییه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌کانی زانکۆی ته‌ربیه‌ت موده‌ڕس

سه‌رچاوه‌: وه‌رزنامه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ ستراتیژییه‌کان، ساڵی بیست و سێیه‌م، ژماره‌ی سێیه‌م، پاییزی ١٣٩٩

**تێبینی: له‌به‌ر درێژیی توێژینه‌وه‌که‌ و ناپێویستی، چه‌ند برگه‌یه‌کی که‌می ئه‌م توێژینه‌وه‌یه‌ وه‌رنه‌گێڕدراوه‌.**

# ـــــــەسەر سیاسەتی

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە جەختکردنەوە لەسەر ئاماژەی (دال) ئاسایش، ئەوە دەردەخات کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەردەوام ناکۆکی لەنێوان دوو گوتاری "دژەهەژموون" و "مامەڵەگەرا" لەسەر تێگەیشتنی ئەم ئاماژەیە لەئارادا بووە. ئەم ناکۆکییە دەتوانێت لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ببێتە ئاڕاستەیەکی یەکگرتووی چالاك بە دوو ڕەهەندی تەواوکەر یان ئاڕاستەیەکی دژیەک بە دوو ڕەهەندی پووچەڵکەرەوە. لە ڕوانگەی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتن بە ئاڕاستەیەکی گەشەسەندووی دوو ڕەهەندی لە سیاسەتی دەرەوەدا، زیاتر لە هەر شتێک، ڕەخساندنی زەمینەی گوتاری سیاسیی نوێ پێویستە، کە بە جەختکردنەوە لەسەر شوناس، هەر دوو دیوی "دژەهەژموون" و "مامەڵەگەرا"، بەبێ ئەوەی کە دژیەک بێنە بەرچاو، بخاتە چوارچێوەیەکی نوێی زمانییەوە.

.................................

**کلیلەوشەکان: سیاسەتی دەرەوە، کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئاسایش، گوتار، دژەهەژموون، مامەڵەگەرا**

## بەرایی

ڕەوتی زاڵی لێکۆڵینەوە زانکۆییەکان، بوونی چەمکێکی تەواو و تۆکمە وەک ناونیشانی سیاسەتی دەرەوە گریمانە دەکەن. بەپێی ڕوانگەی باو، ئەوەی کە حکومەتێک بەرامبەر بە کۆمەڵێك حکومەت یان لەگەڵیاندا ئەنجامی دەدات، پێی دەڵێن سیاسەتی دەرەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرێک لە پسپۆڕان بە گومانێکی زۆرەوە لەم تێگەیشتنە زاڵە دەڕوانن. بەو شێوەیە کە لەم دەیانەی کۆتاییدا گومان کراوە لە پێکەوەگونجانی چەمکگەلێکی وەک دەسەڵاتداری و سەربەخۆیی حکومەت، ئەم تێڕوانینەش بێبایەخ و تەنانەت کرچوکاڵیش دێتە بەرچاو کە حکومەتێک بتوانێت بواری هەنگاونانێکی دیاریکراو بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ جیهاندا بگرێتە بەر (هیل، ١٣٨٧: ٢١). ئەم گومانانە، ڕێی بۆ تیۆرە نوێیەکان لە زانیاریی پەیوەندییە نێوحکومەتییەکان و بواری شیکاریی سیاسەتی دەرەوە خۆش کردووە. ئەم تیۆرانە خاڵی دەستپێکی خۆیان بە ڕەخنە لە ڕەوتی سەرەکیی پەیوەندییە نێوحکومەتییەکان داناوە. یەکێک لە گرنگترین ڕەخنەکان ئەمەیە کە واقیعگەرایی، پرۆسەی بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەوە یان بنەما ناوخۆییەکانی تری هەڵسوکەوتی حکومەتەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا لەبەرچاو ناگرێت. لە ئێرانیش بۆ ماوەیەکی زۆر پارادایمی زاڵ لە خوێندنەوە و شیکاریی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، واقیعگەرایی بووە.

بەم پێیە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییش وەک حکومەتان و وڵاتانی تر، خاوەنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی مسۆگەر و کۆمەڵە خاڵێکی باشتری لە پێشەوە دیاریکراوە، کە داماڵراوە لە پێکهاتەی هزری و پێودانگی لە پانتایی ستراتیژی نێوحکومەتی و سەرقاڵی بەدواداچوونی دەبێت (دهقانی فیروز آبادی، ١٣٨٤: ٧). بەڵام خستنەڕووی ئەم پرسیارە کە ئایا دەتوانرێ بوونی دۆخێکی گشتیی چەمکی یەکپارچەیی لەژێر ناونیشانی "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران" مسۆگەر بکرێ، دەگاتە کرانەوەیەک کە دەتوانرێ بەدیهێنەری دیدیکی وردتر بێت بۆ تێگەیشتنی ناسراو لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران. گومان لە تێڕوانین لە "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران" بە ناونیشانی دۆخی گشتی و چەمکی یەکپارچەیی و لێکۆڵینەوە لە نیشانەی نیشاندەرە سەرەکییەکانی، دەریدەخات کە بە درێژایی ژیانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوو گوتاری سەرەکی بوونی هەبووە کە بەردەوام هەوڵیان داوە ئەو واتایانەی خۆیان ویستوویانە؛ لەناو نیشاندەرەکاندا جێگیر بکەن و بەم شێوەیە تیشک بخەنە سەر خوێندنەوەی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. هەر چەندە هەردوو گوتارەکە لە هەوڵی سەرکەوتن و پێشکەوتن و سەرفرازیی ئێرانی ئیسلامیدان، بەڵام کەلێنی نێوانیان لە هەندێ بابەتدا دەگاتە ئاستێک کە ئیمکانی دەستکەوتنی سیاسەتێکی دەرەوەیی یەکدەست لەناو دەبات، کە هاوکات نوێنەری هەردوو گوتارەکە بێت. دەتوانرێت لەسەر بنەمای شێوەی دیاریکراوی بەرجەستەیان، ناوی ئەم دوو گوتارە بنرێت "دژەهەژموون" و "مامەڵەگەرا".

لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەریدەخات کە لەم ساڵانەی کۆتاییدا، لەگەڵ گۆڕانکاریی حکومەتەکاندا، یەکێک لەم دوو گوتارە بووەتە ناوەندی سیاسەتی دەرەوە. لەم وتارەدا، بە پاڵپشتیی چەمکی ئاسایش، لە گوتارە زاڵەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکۆڵینەوە. ئاسایش گرنگترین بەرژەوەندیی نەتەوەییە لە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتاندا. لەگەڵ گۆڕانی حکومەتەکان، هیچ کات بنەمای ئاسایش وەلا نانرێت، بەڵام لە هەر قۆناغێکدا لەوانەیە مەبەست و مانای جیاواز لەخۆ بگرێت. ئامانجی سەرەتایی وتارەکە ئەمەیە کە لە ڕێگەی شیکار و وردبینی لە تێگەیشتنێک کە هەر گوتارێك لە نیشاندەری ئاسایش پێشکەشی دەکات، کەلێنی گوتاری لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەربخات. دوای ناساندنی ئەم دوالیزمی گوتارە، لە کاریگەرییەکەی بە ناونیشانی گۆڕاوی سەربەخۆ لە واقیعی سیاسەتی دەرەوە دەکۆڵێتەوە. پرسەکە لێرەدایە کە ئەم دوالیزمی گوتارە، دوو ڕێگە لە سیاسەتی دەرەوەدا پیشان دەدات: سیاسەتی دەرەوەیی لەکارکەوتوو کە گیرۆدەی لێکخشاندن و دژیەکی دەروونییە، یان سیاسەتی دەرەوەیی دوولایەنەیی زیرەکانە کە شایەنی نەرمینواندنە لە بارودۆخی هەستیاری سیاسەتی نێوحکومەتیدا.

## دوو گوتاری مامەڵگەرا و دژەهەژموونەکان

لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیدا، جیاوازیی ڕوانگەکان سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە چوارچێوەی بیروباوەڕە جیاوەزەکاندا بوونی هەبووە. لە هەمان ئەو قۆناغانەشدا، قسە لەسەر بۆچوونە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوە وەک سیاسەتی دەرگا کراوەکان یان سیاسەتی "ام القری"ی ئیسلامی دەخرایە ڕوو. بەڵام بەر لەوەی کە هیچ کام لەم بۆچوونانە بتوانێت سەر بکەوێت و شێوەی گوتارێك وەربگرێت، شەڕی سەپێنراو (شەڕی ئێران و عێراق (1988-1980)) دەستی پێ کرد و حکومەتی شۆڕشگێڕ کەوتە باری بەرگرییەوە. بەڵام بارودۆخی دیاریکراوی شەڕ و ئەولەویەتی کرداری بەرگریی پیرۆز، ئەویش لە قۆناغێکی درێژدا، بووە هۆی ئەوەی کە گوتارێك بە ئاماژەی ناوەندیی بەرگریی پیرۆز دروست ببێت و سیاسەتی دەرەوەش بکەوێتە ژێر هەمان گوتارەوە. بەڵام بە کۆتاییهاتنی شەڕ و لەناوبردنی شەڕی ناچاری و هەڕەشەی دەرەوە، کۆمەڵە گوتارێکی جیاواز بە چواردەوری سیاسەتی دەرەوەدا و چۆنیەتیی پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ حکومەتەکانی تردا دروست بوو و بە دەربڕینی "لاکلائو و موف"، ململانێی گوتارەکان دەرکەوت. بە هەڵسەنگاندنی مێژوویی گوتارەکانی حکومەتەکانی دوای شەڕ، ئەمە ڕوون دەبێتەوە کە دەتوانرێت گوتارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر ناوی دوو گوتاری سەرەکیی مامەڵەگەرا و دژەهەژموون جیا بکرێنەوە. بە واتایەکی تر: دەشێت دەرهاویشتەی هاوبەشی گوتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکاتی پێنجەم تا هەشتەم و یانزەیەم و دوانزەیەم، وەک گوتارێکی یەکگرتوو لەژێر ناونیشانی مامەڵەگەرا و دەرهاویشتەی حکومەتەکانی نۆیەم و دەیەم وەک گوتاری دژەهەژموون بخرێنە ڕوو. لەم بەشەدا، هەڵسەنگاندنی مێژوویی ئاماژەی چەمکی ئاسایش، ئەم دوالیزمی گوتارە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا دەردەخات.

## ئاماژەی ئاسایش لە گوتاری مامەڵەگەرا

لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی سەپێنراو، ئاماژەی ئاسایش لە واتای بەرگریکارانەی خۆی چووە دەرەوە و ئاماژەی نوێی وەرگرت. ساڵە دووورودرێژەکانی شەڕ، تێگەیشتنی زۆربەی شۆڕشگێڕەکانی لە بارەی زۆرێک لە هێماکانی ئاسایشەوە ڕێک خستووە. لەو قۆناغەدا، پاراستنی ڕژێم و هەوڵدان بۆ ئاسایشی بەرجەستەی وڵات ئەولەویەتێکی ئاشکرا بوو. هەر چەندە تیۆری "ام القری" بە ڕواڵەت یەکپارچەیی خاکی بە قازانجی سنوورەکانی جیهانی ئیسلام کاڵ دەکردەوە، بەڵام شەڕی سەپێنراو بە کردەوە ئەولەویەتی بە سنوورە نەتەوەییەکانی دەبەخشی. بەپێی تێۆری "ام القری"، ئەگەر لەنێوان بەرژەوەندییەکانی حکومەتی "ام القری" و ویلایەتی جیهانی ئیسلام ناتەباییەك ببینرێت، بەردەوام بەرژەوەندییەکانی

گەل لەپێشترە، مەگەر زاتی "ام القری" کە پاراستنی لەسەر هەموو گەل پێویستە (برزین، 1374: 39).

هەر چەندە بە تەواوبوونی شەڕ؛ هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران لەناو چوو، بەڵام بابەتەکانی تری هەرێمی وەک هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت و ئامادەیی ڕژێمی ئەمەریکا لە کەنداوی فارس، نیشانەکانی هەڕەشەی سەربازیی بەهێز بوون بۆ سەر سنوورەکانی ئێران. فراوانخوازیی عێراق و کێشە سنوورییەکان و ناکۆکیی ئایدۆلۆژیای ئێران لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس، فاکتەری بارگرژی و هەڕەشەی بنەڕەتی بوون بۆ سەر ئێران. لە لایەکی ترەوە وابەستەیی وڵاتانی تری ئەندامی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس بۆ ئەمەریکا، بوونی ئەم وڵاتەی بە بیانووی دابینکردنی بەرژەوەندیی نەوتی لە کەنداوی فارسدا بەهێزتر دەکرد.

هەروەها ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت لەم قۆناغەدا، بەدیهێنەری کۆمەڵێك ئالنگاری و هەڕەشەی نوێ بوو بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئێران. ڕکابەریی توند بۆ دزەکردنە ناو حکومەتە کۆمارییەکانی ئاسیای ناوەندی و قەوقاز لەنێوان ئێران و ئەمەریکا و ڕووسیا دەستی پێ کرد. لەم وڵاتانەدا، بە هۆی نزیکیی کولتوور و ئایینیان لەگەڵ ئێراندا، زەمینەی نفوزی ئێران لەئارادا بوو. هەر ئەم فاکتەرە، ئامادەیی ئەمەریکای لەم وڵاتانەدا بۆ ڕاگرتنی ئێران تۆختر کردەوە (آقایی، ١٣٨٦: ٨-٦). هەر چەندە ئەنجامی کۆتایی ڕکابەری لەم ناوچەیەدا؛ نفوزی سیاسی، ئاسایشی و ئابووریی ڕووسیا بووە (سریع القلم، ١٣٧٩: ٨٩). بەم پێیە، پاراستنی یەکپارچەیی خاک و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە سەربازییەکان بەردەوام بە بەشێکی گرنگ لە ئاماژەکانی ئاسایش لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەژمار دەکرێت، بەڵام دیوی نوێتری ئاماژەی ئاسایش لە حکومەتەکانی پێنجەم و شەشەم، ئاسایشی ئابووری بوو. پرسی نوێی وەک قەرەبووی زیانەکانی شەڕی سەپێنراو و پەرەپێدانی ئابووری، لە ئاماژە گرنگەکان بوون کە لە چوارچێوەی ئاسایشدا شێوەی بە گوتاری نوێ دەدا. بە کۆتاییهاتنی شەڕ، گرنگترین پێویستی؛ دەستپێکردنەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئابووریی تێکشکاو و ئەو ناوچانە بوو کە شەڕی تیا بوو (قبادزادە، ١٣٨١: ٢٠٠).

بەم پێیە، وردە وردە درووشمە نوێیەکانی وەک ڕەخساندنی هەلی کار، گرژی وەلانان، پەرەپێدانی ئابووری، پشتیوانی لە وەبەرهێنانی دەرەکی و "ئاسایشی سەرمایە"؛ خرایە ڕوو (شادلو، ١٣٨١: ٢٠٧-٢٠٦) کە دەرخەری ئامانجی گۆڕانکاری بوو بۆ ئابووریی بەرنامە بۆ داڕێژراوی حکومەتی قۆناغی شەڕ بوو. ئەم گوتارە نوێیە دەستەیەک لە پیاوانی ئایینی بە ڕابەرایەتیی سەرۆککۆماری ئەو کاتە لەگەڵ ئەو تەکنۆکراتانەی کە لە ڕۆژئاوا خوێندنیان تەواو کردبوو، بەهێزیان دەکرد (tahmed, 1995:


10). گوتاری ئابووری لەم قۆناغەدا ئەوەندە لە قۆناغی پێش خۆی جیاواز بوو، کە ناوی "کۆماری دووەم"یان لێ نا (یزدی، 1379: 241). وەسفی "بونیادنانەوە" کە حکومەتی پێنجەم و شەشەم (بە سەرۆکایەتیی هاشمی ڕەفسەنجانی) بۆ خۆی هەڵبژارد، ئاماژەیەك بوو بۆ سیاسەتە نوێ و بەرنامەکانی هاوسەنگکردنی ئابووری بۆ دروستکردنی مەوادیەك لە ئابووریی حکومەتی و شێوازی دابەشکردنەکەی (نیلی، 1376: 5). بەتایبەتکردنی کەرتی ئابووری و کەمکردنەوەی دەستوەردانی حکومەت لە کاروبارەکانی پەیوەست بە لایەنی ئابووری، لابردنی سوبسید (ئەو یارمەتییانەی کە حکومەت لە شێوەی پارە بە خەڵك لەبریی کاڵا دەیدات)، بەردەوامیی یاسای دیاریکردنی سیستمی تاك نرخی دراو، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی، گۆڕینی ستراتیژی پەرەپێدان، جێگرتنەوەی هاوردە بۆ پەرەپێدانی هەناردە؛ لە گرنگترین بەشەکانی ئەم سیاسەتە بوو (سمیعی، ١٣٨٦: ٤٨٦). ئامانجی کۆتایی ئەم بەرنامەیە، ڕاکێشانی بوو بۆ ناو سیستمی ئابووریی جیهانی. بەرنامەکانی یەکەم و دووەمی پەرەپێدان، بەم ئامانجە دارێژران.

هەر چەندە گوتارەکانی حکومەتەکانی حەوتەم و هەشتەم، جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ گوتارەکانی حکومەتی پێشوودا هەبوو و گرنگیی بە ئاماژە نوێیەکانی وەك پەرەسەندنی سیاسی، سەروەریی خەڵك و ئازادیی ڕادەربڕین دەدا، بەڵام سەبارەت بە ئاماژەی ئاسایش، درێژەپێدەری گوتاری ڕابردوو بوو. پوختەی ئاماژەی ئاسایش لە گوتاری حکومەتەکانی حەوتەم و هەشتەمدا، دەتوانرێت لە چوارچێوەی چوار بەرئاماژە (مدلول)ی بەیەکەوە بەستراودا ڕوون بکرێتەوە کە لە خشتەی (١)دا هاتووە. لە گوتاری نوێدا، ڕەواییدانی سیاسی گرنگییەکی زۆری لە بەدەستهێنانی ئاسایشدا دۆزییەوە، لەم ڕووەوە کۆمەڵێك چەمکی نوێی وەک خەڵك سەروەریی ئایینی و کۆمەڵگای مەدەنی هاتنە ناو ئاماژەی ئاسایشەوە (تاجیک، ١٣٨٣: ١٠٤). لە وەها کۆمەڵگایەکدا، "جیاوازیی سەلیقە شتێکی سروشتییە" (خاتمی، ١٣٧٧، ٢٨ اردیبهشت)، لەبەر ئەوەی لەسەر بنەمای بەشداری و قبووڵکردنی یەکتر و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە بونیاد نراوە. لەم ڕووەوە، "سەروەریی خەڵك" دژ نییە لەگەڵ بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی و بە ڕامان لە "دەق" و "ڕوونووس"ی ڕەسەنی ئیسلامی، دەتوانرێت بگەین بە جۆرێک لە تیۆری خەڵک سالاری (دهقانی فیروزئابادی، ١٣٨٤: ١٣٨).

گوتاری حکومەتەکانی حەوتەم و هەشتەم، بە جۆرێك لە کاردانەوە و هاوکات تەواوکاری گوتاری پێشووتر بوو. بە کردەیی زۆرێك لەو بەشانەی کۆمەڵگا کە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگییان پێ نەدرابوو یان دوور خرابوونەوە، بەرگرییان لە گوتاری نوێ کرد. ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان، خوێندکارانی زانکۆ و هونەرمەندان؛ لە گرنگترین ئەو گروپانە بوون کە بە هۆی گوتاری کردارگەرای ئابووری؛ خۆیان

**هێڵکاریی (١)**

**پوختەی ئاماژەی ئاسایش لە گوتاری دەوڵەتەکانی حەوتەم و هەشتەم**





له پەراوێزدا دەبینییەوە. گوتاری نوێ بەشداریی سیاسیی ئەم گرووپانەی بە هۆکارێك بۆ ڕەواییدان و هەروەها بە پێویستی ئاسایشیشی دەزانی. ئەم گوتارە کە هاوکات بوو لەگەڵ جۆرێک لە جووڵانەوی کۆمەڵایەتیی بەشداریخواز، شوناسە "پەراوێزخراو"ەکانی کۆمەڵگای بەفەرمی ناساند (تاجیک، ١٣٨٣: ٩٨) و واتایەکی نوێی بە ئاماژەی ئاسایش بەخشی. گوتاری حکومەتەکانی حەوتەم و هەشتەم ئەم نموونەی بەشدارییەی لە ئاستی نێوحکومەتییشدا خستە ڕوو. درووشمی "گفتوگۆی شارستانیەتەکان" چەمکێکی تازە بوو کە گرنگترین ڕووی مامەڵەی لەگەڵ سیستمی نێوحکومەتی نیشان دا کە ئامانجی نەک تەنیا ئاسایشی نیشتمانیی وڵات، بەڵکوو جووڵەیەک بوو بە ئاڕاستەی ئاسایشی جیهانی (سلیمانی، ١٣٨٨: ٨٥). لە ڕاستیدا گفتوگۆی شارستانیەتەکان درێژەپێدانی هەمان کولتووری سەروەریی خەڵك بوو (جهانبگلو ، ١٣٧٨: ٢).

بە واتایەکی تر: گفتوگۆی شارستانیەتەکان بریتییە لە هێنانەدیی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستێکی فراوانتر و بەربڵاوتردا بە ناوی سیستمی نێوحکومەتی و لەم ڕووەوە یەکە سیاسییەکان و ڕێکخراوە نێوحکومەتییەکان ڕۆڵی حیزبەکان، گرووپەکان و پێکهاتە سیاسییەکان لەناو یەکەیەکی سیاسیدا دەگێڕن. بەم پێیە، بەدیهێنانی گفتوگۆی شارستانیەتەکان لە گۆڕەپانی نێوحکومەتیدا پێویستی بە بەدیهێنانی سەروەریی خەڵك هەیە لە ناوخۆی وڵات (دهقانی فیروزئابادی، ١٣٩١: ٢٢٩). بە وتەی سەرۆککۆماری ئەوکات (محەمەد خاتەمی): "کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک تەنیا خوازیاری سەقامگیریی سیستمی خەڵک سەروەرییە لە ناوخۆ، بەڵکوو بانگەواز و بانگهێشت دەکات بۆ جۆرێک لە دیموکراسیی نێوحکومەتییش، ئەمە بە واتای وەلانان و ڕەتکردنەوەی هەژموونی نێوحکومەتی و ڕیزبەندیی هێزی دەسەڵاتی جیهانی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دەسەڵاتخوازی دێت" (ڕسولی ثانی آبادی، ١٣٩٠: ٣٩). هەڵبەت ئەم خواستی شەڕی دەسەڵاتە لە چوارچێوەیەکی تەواو ئاشتیخوازانە و هاوکارانە لەگەڵ سیستمی جیهانی دەخرێتە ڕوو و ڕێگەی بەدیهاتنی سیستمی نوێ لەسەر بنەمای گوتاری شارستانیەتەکان جگە لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە نابێت کە لە ڕاستیدا "خاڵی پەیوەندیی حکومەت و نەتەوەی ئێمەیە لەگەڵ نەتەوەکان و حکومەتەکانی تر" (نادری، ٦٨: ١٣٩٤).

ئاسایش لە گوتاری حکومەتەکانی شەشەم و حەوتەم، سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییە سیاسی و کولتوورییە نوێیە، لە ڕووی ئابوورییشەوە کەم تا زۆر شوێنکەوتەی گوتاری پێش خۆی بووە، لەوانە "پشتگیری و هاندانی وەبەرهێنانی دەرەکی بۆ گەرەنتیی پاراستنی ئاسایشیان، سیاسەتی گشتیی ئابووریی ئێران" بوو (رضوی علیزاده، ١٣٨٠: ٢٥٥-٢٥٤). لە ڕاستیدا گرژی وەلانان و مامەڵەگەرایی سیاسی لەگەڵ سیستمی جیهانی، دەبێت بگاتە ئاستی ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و پەرەپێدانی ئابووری. حکومەتی یانزەیەم، دوای دوو قۆناغ، دووبارە ڕێبازێکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران گرتە بەر کە بە جۆرێک دەکەوێتە ژێر گوتاری مامەڵەگەرا (هێڵکاریی ٢)، بەو جیاوازییەی کە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ڕادەیەک گۆڕابوو.

لە گوتاری حکومەتی یانزەیەم، ئاماژەی ئاسایش بەئاشکرا بە پەرەپێدانی ئابووری پێناسە دەکرێت. سەرۆکی حکومەتی یانزەیەم (حەسەن ڕۆحانی) لە درووشمەکانیدا و هەروەها لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "ئاسایشی نیشتمانی و سیستمی ئابووریی ئێران"، حوکمڕانیی باش لە ئابووریدا بە گرنگترین فاکتەر دەزانێت لە ئاسایشی نیشتمانیدا. ئەم پەرەپێدانی ئابوورییە، وەک نموونەکانی تری گوتاری مامەڵەگەرا، بە ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و جۆرێک تێهەڵکێشکردن لە سیستمی ئابووریی جیهانی بەدەست دێت. بەڵام پێگەی تایبەتیی نێوحکومەتیی کۆماری ئیسلامیی

## هێڵكاریی (٢)
## نیشاندەری ئاسایش لە گوتاری مامەڵەگەرای دەوڵەتی یانزەیەم




ئێران لە ئەنجامی دۆسیەی ناوەکی، بووە هۆی ئەوەی کە هەر جۆرە پەیوەندییەکی بونیادی ئابوورییانە لەگەڵ سیستمی جیهانی ببەسترێتەوە بە ڕێککەوتنی پرسی ناوەکی. بە واتایەکی تر: ئامانجی سەرەکیی بەرجام (ڕێککەوتنی وزەی ناوەکیی ئێران لەگەڵ وڵاتی 1+5) و دانوستان لەگەڵ هێزە جیهانییەکان، بە پلەی یەکەم دەگەڕایەوە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی دۆخێك لە ئاکامی قەیرانی ناوەکی، ئێران لەلایەن هێزە جیهانییەکانەوە بە فاکتەری هەڕەشەکار بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە ناسێنرا (Pour Ahmadi and Mohseni, 2012: 143-158). سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی یانزەیەم لەسەر لەناوبردنی ئەم تێڕوانینە و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕێککەوتنی ناوەکی و جێگیرکردنی دامەزرابوو. لە ڕاستیدا، لە گوتاری حکومەتی یانزەیەمدا، دابینکردنی ئاسایشی نیشتمانی پابەند کرابوو بە نەهێشتنی ئاڵۆزی و نەهێشتنی قەیرانی دروستبوو بە هۆی

بەرنامەی ناوەکیی ئێرانەوە.

مامەڵە لەگەڵ سیستمی جیهانی لە ڕێگەی دروستکردنی متمانە، نەهێشتنی ئاڵۆزی و بەرزکردنەوەی ڕوخساری ئێران وەکوو وڵاتێکی ئاشتیخواز؛ لە مەبەستە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم حکومەتە بوو (رضایی، ۷: ۱۳۹۲). ئەم چاککردنەوەیەی ڕوخسارە لە ڕێگەی "سەرنجدان لە عورف و نۆرمە نێوحکومەتییەکان، بەدواداچوونی ئامانجەکان لە ڕێگەی قەناعەتپێکردنی ڕای گشتی و بەکۆمەڵکردنی وڵاتانی هاودەنگ" و "دوورکەوتنەوە لە ڕێبازی ڕووبەڕووبوونەوە و دوژمنایەتی" بەرهەم دێت (روحانی، ۱۳۹۰: ۹٤-۹۲).

## ئاماژەی ئاسایش لە گوتاری دژەهەژموونندا

لەم قۆناغانەی دواییدا، گوتاری دژەهەژموون لە حکومەتەکانی نۆیەم و دەیەم ڕەنگی دایەوە. ئاسایشی نیشتمانی لەم گوتارەدا، نەک هەر لە مامەڵەی ئابووری، کولتووری یان دیپلۆماسی لەگەڵ سیستمی جیهانی، بەڵکوو لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم سیستمە و قبووڵنەکردنیشیدایە. ئەم گوتارە بەئاشکرا بەرهەڵستیی زۆرێک لە پێوەرەکانی سیستمی نێوحکومەتیی دەکرد و بەتایبەت پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەخستە ژێر پرسیارەوە (احمدی نژاد، ۱۳۸٦: ٥٥). لەم گوتارەدا پرسی سەرەکیی ئاسایش، زیادەخوازی و سەپاندنی دەسەڵاتی زلهێزەکانە بەسەر ڕێکخراوی نێوحکومەتیدا. تاک جەمسەری و دەستوەردانە سەربازیی و سیاسییەکانی حکومەتە بەهێزەکان لە کاروبارە جیاوازەکانی جیهاندا، گەورەترین فاکتەری نەمانی ئاسایشە. لە دیدی سەرۆکی حکومەتەکانی نۆیەم و دەیەم (مەحمود ئەحمەدی نەژاد)، ئاشتەوایی و ئاسایشی بەردەوامی جیهانی بەبێ بوونی دادپەروەری و لایەنی مەعنەوی سەر ناگرێت. ئەو باوەڕی وایە کە ڕێکخراوە نێوحکومەتییەکان لەسەر بنەمای دادپەروەری و مەعنەویەت دروست نەبوون، بەم پێیە پێویستیان بە سەرلەنوێ بونیادنانەوە هەیە، ئەم سەرلەنوێ بونیادنانەوەش پێویستی بە دەرکەوتنی هێزە نوێیەکانە بەتایبەت لە هەناوی شارستانیەتی ئیسلامیدا.

گوتاری دژەهەژموون لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە ڕاستیدا تایبەتمەندیی گوتاری سیستمی جیهانی بەبیر دەهێنێتەوە. ئەمەی کە سیستمی ئەمڕۆی نێوحکومەتی لە بنەڕەتدا بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژووییە کە لەگەڵ کولتوور، دانراوەکان، یاسا و نۆرمە تایبەتەکانی ئەورووپاییەکان لە سەردەمی مۆدێرن دروست بووە و لە ڕەوتێکی مێژووییدا بەسەر هەموو جیهاندا گشتێنراوە، یان بە واتایەکی تر: سەپێنراوە. لەم ڕوانگەیەوە، یەکانگیریی هەرێمی لە باشترین ڕێگەکانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستمی دەسەڵاتداریی تاکلایەنە و گەیشتن بە ئاشتەوایی و سەقامگیریی جیهانی (Takeyh, 2009: 251). ئەحمەدی نەژاد لە وتارەکەیدا لە کۆنفرانسی

نێوحکومەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە ڕەگەزپەرستی ناسراو بە دوربانی٢، لە ٢٠-ی ئەپریلی ٢٠٠٩ لە جنێف، بە دزێو نیشاندانی پێکهاتەی دەسەڵاتی حکومەتەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و جێبەجێکارەکانیان، بە سیمبولی ڕەگەزپەرستیی ڕۆژئاوایی ناوی برد و شەرعیەتی ئەنجوومەنی ئاسایش و بڕیارنامەکانیان بەتایبەت دژ بە بەرنامەی ناوەکیی ئێران بەتەواوی خستە ژێر پرسیارەوە و خوازیاری هەڵوەشانەوەی مافی ڤیتۆ بۆ پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش و دانانی کورسیی هەمیشەیی بۆ حکومەتە مسوڵمانەکان لەم ئەنجوومەنەدا بوو، بە مەبەستی ڕێکخستنی سیستمێکی جیهانیی دادپەروەرانەتر (احمدی نژاد، ٣١ فروردین، ١٣٨٨).

حکومەتی نۆیەم و دەیەم لە ئەنجامی ئەم بەرداشتە لە سیستمی نێوحکومەتی و ئاسایشی نیشتمانی، سیاسەتی دەرەوەی بە ئاڕاستەی دروستکردنی یەکێتی و هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانێکدا برد کە سەبارەت بە سیستمی نێوحکومەتی هەڵوێستێکی نزیکتریان هەبووە. ئامانج لەم کارە، بەرقەراریی جۆرێکی جیاواز بوو لە هاوسەنگیی دوولایەنە بە مەبەستی ڕێگری لە کۆدەنگیی جیهانی دژ بە ئێران و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تاکلایەنەگەرایی ئیمپریالیستیی ویلایەتە یەکگرتووەکان. هاوپەیمانی و هاوکاری لەگەڵ ڤەنزوێلا و هەندێک لە وڵاتانی تری ئەمەریکای لاتین، بە ئاڕاستەی ئەم سیاسەتە بووە. هەروەها برەودان بە پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا و کۆریای باکوور، درێژەپێدەری ڕێبازی دژەهەژموون بوو. تەنانەت مەیلی ئەم حکومەتە بۆ ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە جۆرێک هەوڵدانێك بوو بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی جێگرەوەی ئابووری بە مەبەستی بەرگریکردن بەرامبەر دەسەڵاتخوازیی ئەمەریکا لە کیشوەری ئاسیا (محمدی، ١٣٨٨: ٣٧). لە گوتارێکدا کە سیستمی ئێستای نێوحکومەتی بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی دادەنرێت، ڕەچاونەکردنی نۆرمە نێوحکومەتییەکانیش ئاماژەیەکە بۆ جۆرێک لە خۆڕاگری بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی ئاسایش (کریمی فرد، ١٣٩٢: ١٥٧).

## دوالیزمی گوتار و واقیعی سیاسەتی دەرەوە

پێداچوونەوەی مێژوویی بە گوتارە باڵادەستەکان بەسەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە جەختکردنەوە لە بەرئاماژە جیاوازەکانی ئاماژەی ئاسایش، دەریدەخات کە دوای قۆناغی شەڕی سەپێنراو، جۆرێک دوالیزمی گوتار لە ناساندنی ئەم چەمکە لە بونیادی سیاسەتی دەرەوەدا هەبووە. هەڵبەت ئەم دوالیزمی گوتارە، تایبەت بە ئاماژەی ئاسایش نییە و ئێمە تەنیا وەک نموونە لەم ئاماژەیەمان کۆڵیوەتەوە. لە ڕاستیدا هەموو چەمکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئەم دوالیزمی گوتارە لەخۆ دەگرن و بەدوایدا

دەڕۆن. لە بنەڕەتدا شیکاریی گوتاری سیاسەتی دەرەوە؛ یارمەتیمان دەدات کە تێبگەین ئەم چەمکانەی کە بە ڕووکەش واتای دیار و زانراویان هەیە، چۆن لە گوتارە جیاوازەکاندا بەرئاماژەی تەواو گۆڕدراو دەدۆزنەوە. "ئاسایشی نەتەوەیی" بێگومان یەکێکە لە درووشمە سەرەکییەکانی هەر حکومەت و هێزێکی سیاسی، بەڵام شیکاری گوتار پێمان دەڵێت شرۆڤە جیاوازەکانی هەر گوتارێکی سیاسی چۆن واتا و ڕاستیی ئەم چەمکە دەگۆڕێت.

ئەم دوو ئاڕاستەیە یان چەند ئاڕاستەیە لە ناساندنی چەمکەکانی بونیادی سیاسەتی دەرەوە، تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونە. لە بنەڕەتدا شەڕی گوتارەکان لە ناساندن و دووبارە ناساندنەوەی چەمکە سیاسییەکان، لە هەر حکومەتێکدا کە خاوەنی هەر جۆرە پێکهاتەیەکی جێگۆڕکێی نوخبە سیاسییەکان بێت، بوونی هەیە. ئەم دوو ئاڕاستە یان چەند ئاڕاستەی گوتارە، لە پانتایی سیاسیی وڵاتانی تریشدا ناسراوە و ئەگەر بڕیار بێت هیچ گۆڕانێک لە گوتاردا لە سیاسەتی دەرەوە ڕوو نەدات، لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنەکان و گۆڕینی حکومەت واتای نابێت. بەڵام تێبینییەکە ئەمەیە کە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم دوالیزمی گوتارە لە بوارە تایبەتەکاندا بە ئاڕاستەی جۆرێک لە دژبەیەکیی تەواو دەڕوات، بەتایبەت ئەو خاڵەی کە سەرچاوەی ئێمە بۆ گوتارە ناکۆکەکان بوو: واتە پەیوەندی لەگەڵ سیستمی جیهانی. دەتوانرێت پرسیار بکرێت: ئایا سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەرگری سیستمی جیهانییە یان بەرهەڵستیی دەکات؟ ئایا ستراتیژە درێژخایەنەکەی، ڕاکێشانی بۆ ناو ئابووریی جیهانی و سیستمی نێوحکومەتییە یان بەرگری لە بەرامبەریدا و پێکهێنانی بەرەیەکە لە دژی؟ بێگومان هەر یەک لەم دوو گوتارە، وەڵامی جیاوازی ئەم پرسیارانە دەدەنەوە.

گرنگیی ئەم دوالیزمی گوتارە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەمەدایە کە هەریەک لەم گوتارانە تەنیا لە قۆناغی چوار ساڵەی حکومەتدا بەرجەستە نابن. هەر چەند زاڵبوونی هەر کامیان بەستراوەتەوە بە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان و بەدەستهێنانی پلە و پۆستە سەرەکییەکانی حکومەت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دووانە بەردەوام لەپاڵ یەکدا ئامادەن. جیاوازیی گوتار هەندێ کات بە شێوەی ڕووبەڕووی حیزبەکان و گرووپەکان لە پەرلەمان و هەندێ کات لە چوارچێوەی جیاوازیی بیروڕای ناوەندە جیاوازەکانی حکومەت یان سەربازی لەگەڵ حکومەتدا دەرکەوتووە. بەم پێیە، پێویستە ئەم دوالیزمییە وەک تایبەتمەندییەک لە کۆی گوتارە سیاسییە سەرەکییەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا قبووڵ بکەین. بۆ شیکاریی وردتری کاریگەریی دوالیزمی گوتاری، باشترە بە گۆڕاوێکی

سەربەخۆی بزانین کە بەرئامازە سیاسییەکان چڕ دەکاتەوە و دەیکات بە واقیعی سیاسی لە زماندا. هەروەها، سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گۆڕاوێکی پەیوەست بزانین کە کاریگەرە بەم دوالیزمە. لەم کاتەدا دەتوانرێت بوترێت کە ئەم جیاوازیی گوتارە، بەتایبەت لە دیوە تەواو دژیەکییەکەی، دەتوانێت بە دوو شێوە خۆی لە سیاسەتی دەرەوە پیشان بدات: دژیەکی یان دوو دیوی.

## لێکدژی دەروونی لە سیاسەتی دەرەوە

دوالیزمی گوتار دەتوانێت بە شێوەی دژیەکی دەروونی دەربکەوێت و بە دۆخی لێکخشاندنی سیاسی یا کرداری خۆهەڵوەشاندنەوە کۆتایی بێت. ئەم دۆخە کاتێک دەبێتە واقع کە هەر یەکێک لەم دوو گوتارە لە دیوە گۆڕدراوەکانی خۆیاندا لە بەرئامازەیان بۆ ئامازەی سەرەکییەکان، لە واقیعی سیاسیدا کاریگەری دادەنێن. ئەم جۆرە لە خۆدەرخستنی ململانێی گوتاری و کاریگەرییەکەی لەسەر واقیع، لەوانەیە بە دوو شێوە لە کارلێکەریی سیاسەتی دەرەوە کەم بکاتەوە: یەکەم: ئەوەیە کە دۆخی سەرچاوەگرتوو لە ململانێی گوتارەکان لە ناوەوە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە ئاڵۆز بکات (بۆ نموونە حکومەت یان وەزارەتی دەرەوە لەژێر کاریگەریی فشاری پەرلەمانی گوتاری نەیاردا نەتوانێت بگاتە کۆدەنگی و لە کاتی گونجاودا هەنگاوی پێویست بنێت) و دووەم: ئەوەیە کە بەدوای ئاڵوگۆڕی حکومەت، گوتاری ڕکابەر زاڵ ببێت و هەنگاوەکانی حکومەتی پێشوو پووچەڵ بکاتەوە. نموونەی زۆر لەم بابەتانە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوونی هەیە. کاریگەریی جیاوازی لە گوتاردا لە قۆناغێکدا بووە هۆی دەستەوسانی و خاوبوونەوەی لە بڕیاردان سەبارەت بە دانوستان لەسەر پرسی ناوەکی، دانوستانێك کە لە کۆتاییدا بە ڕێککەوتنێکی ناسراو بە بەرجام کۆتایی هات. بابەتی زۆریش هەبوون کە یەک حکومەت؛ هەموو دەستکەوتە دیپلۆماسییەکانی حکومەتەکانی پێشوویان خستووەتە لاوە، وەک دۆخێک کە لەنێوان حکومەتی نۆیەم لەگەڵ هەشتەم و حکومەتی یازدەهەم لەگەڵ دەیەمدا بینرا.

## سیاسەتی دەرەوەی دوو دیوی

دوالیزمی گوتاری لەوانەیە بە شێوەی سێنتێزی گوتاریی لێ بێت کە هەردوو دۆخی ئامازەکانی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەی دوولایەنە لەخۆ دەگرێت. ئەم سێنتێزی گوتارە لە یەک کاتدا خاوەنی دوو ئاڕاستەی مامەڵەیی و دژەهەژموونە و وەک دوو تایبەتمەندیی تەواوکار دەبن. لەم حاڵەتەدا، سیاسەتی دەرەوە لە هەمان کاتدا کە دەتوانێت ئاڕاستەی دژەهەژموونی و خۆڕاگرییانەی خۆی لەبەرامبەر سیستمی نێوحکومەتیدا بپارێزێت، دەتوانێت لە دیپلۆماسی و پەیوەندیی مامەڵەگەرایانەش سوود وەربگرێت. ئەم بارودۆخە دەتوانێت بگاتە سیاسەتێکی دەرەوەی کارامە. دژایەتیکردنی سیستمی دەسەڵاتدار، بێگومان

مامەڵەکردن ڕەت ناکاتەوە. مامەڵەکردن دەتوانێت بە پێچەوانەی ئاڕاستەی سیستمی دەسەڵاتدارەوە بێت. لە بنەڕەتدا ڕەتکردنەوەی مامەڵە، داماڵینی خودە لە چەکی دیپلۆماسی. لە لایەکی ترەوە، مامەڵە تا ئەو شوێنە واتای هەیە کە سەربەخۆیی تەواو لە بڕیارداندا نەڕووشابێت. لە کاتێکدا کە حکومەتێک لەلایەن سیستمی دەسەڵاتدارەوە ناچار بکرێت بە هەندێ بڕیاردان، بە کردەیی مامەڵەیەک ڕووی نەداوە. لەم گۆشەیەوە، مامەڵەش بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات مانای تەواوی نییە.

## ئەگەرەکانی تێڕوانینێکی هەمەلایەن

پرسیاری سەرەکیی بابەتەکەی ئێمە لێرەدایە کە چۆن دەتوانرێت کاریگەریی دوالیزمی گوتار لە حاڵەتی یەکەمەوە بگەیەنینە حاڵەتی دووەم. باسکردن لە تێڕوانینێکی هەمەلایەنە و گۆڕینی دوو گوتاری دژ بە یەک بە دوو لایەنی تەواوکار لە گوتاری یەکگرتوودا قورس نییە، بەڵام خستنەڕووی ڕێگەچارەیەکی واقعی و کرداری بۆ تێکهەڵکێشکردنی ئەم دوو ئاڕاستە، بێ ئەندازە ئاڵۆزە. ئەم ئاڵۆزییە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە گوتارە دوولایەنەکانی سیاسەتی دەرەوە، لە جووڵەو و کاردانەوەکانی سیاسەتی جیهانیدا لاواز و بەهێز دەکرێن، هەروەها دەتوانرێت بگوترێت کە واقعی سیاسەتی نێوحکومەتی هەندێ کات ڕێخۆشکەر بووە بۆ ململانێی گوتارەکان لە ناوخۆدا. دوایین نموونەی دۆخێکی وا، چوونەدەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە لە برجامە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا گوتاری مامەڵەگەرای بە قازانجی گوتاری دژەهەژموون لاواز کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم خاڵە بەو واتایە نییە کە مشتومڕی گوتاری ناوخۆیی ئەنجامی ناچاری سیاسەتی جیهانی بێت، بەڵکوو دۆخی دوو جەمسەری گوتاری، گرتنەبەری ڕوانینێکی ستراتیژیانەی درێژخایەن کە وریایی سیاسەتی نێوحکومەتییشی لەبەرچاو گرتبێت؛ قورس کردووە.

لە ڕوانگەی گوتارەوە، ئەم کارە تەنیا لە ڕێگەی دروستکردنی گوتارێکی نوێ دەکرێت. مەبەست لە دروستکردنی گوتاری نوێ، گۆڕانکاریی پێکهاتەیی لە بەرە سیاسییەکان یان دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسی نییە، بەڵکوو جۆرێک سیستمی زمانەوانییە کە ئاماژەکان بە جۆرێک چڕ بکاتەوە کە ئیتر دژیەکی لە "مامەڵەگەرایی" و "دژەهەژموون" نەیەتە بەرچاو. بێگومان دروستکردنی گوتار لە زماندا ڕوو دەدات و ئەو کاتەیە کە گوتار دەتوانێت واقیعی سیاسی دروست بکات. بەم پێیە، ئەو کاتەی کە ئەم دژیەکییە لە دۆخەکەدا چارەسەر بکرێت؛ لە واقعیشدا چارەسەر دەکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دروستکردنی گوتاری نوێ، کارێکی قورس و ئاڵۆزە. لەم ساڵانەی دواییدا چەندین جار قسە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی "مامەڵەگەرای دژەهەژموون" بە ناونیشانی گوتاری دەیەی چوارەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خراوەتە ڕوو (متقی و آزرمی، ١٣٩٣).

گوتارێک کە بتوانێت مامەڵەی سیاسی و ئابووری لەگەڵ جیهاندا بە شێوەیەک لەپاڵ

خۆڕاگری و دژەهەژموون کۆ بکاتەوە کە نەك دژبەیەک، بەڵکوو هاوئاڕاستە بێنە بەرچاو، دەتوانێت واقیعی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگۆڕێت. گوتارێکی وا دەبێت سەرەتا ئەم دوو جیاوازی و دوالیزمییە وەک دوو بابەتی فەرزکراو و دوو خواستی هەمیشەیی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکات و ئەو کاتە بەرئاماژەکانی چەمکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی بە شێوەیەک لە سیستمی زمانی نوێدا چڕ بکاتەوە کە نوێنەری هەردوو لایەنەکە بێت. بەم پێیە، هەنگاوی یەکەم قبووڵکردنی ئەم دوالیزمی گوتارەیە لە ڕووی مێژووییەوەیە. دواتر، دەبێت قبووڵ بکرێت کە هەر یەک لە ئەم دوو گوتارە، دیوەکانی حەتمی لە زاتی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێك دەهێنن، نەك ئەوەی کە کاتی بن. لە ڕاستیدا داخوازییەکانی خەڵکیش لە ناوخۆی وڵات و بارودۆخی نێوحکومەتیی حکومەتی ئێران، هاوکات ئەم دوو گوتارەی هێناوەتە ئاراوە. بە واتایەکی تر: هەر یەکێک لەم دوو گوتارە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسە نێوحکومەتییەکان دروست بووە و ناتوانرێت هیچ کامیان بە لادان لە زاتی کۆماری ئیسلامی دابنرێت.

چەمکێک کە لەوانەیە بتوانێت بە ئاڕاستەی گوتارسازی؛ بنەڕەتی بێت، شوناسە. گوتارسازی بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەوە، دەبێت لەخۆگری وێنەیەک لە خودی حکومەت بێت، کارەکتەرێکی نێوحکومەتی بێت(Li, 2009) . بە واتایەکی تر: ئەم گوتارە تازەیە دەبێت "کێبوون"ی ئێمە لە سیستمی نێوحکومەتیدا، چ وەک بەشێک لە بەرەی خۆڕاگری دژ بە ڕژێمی دەسەڵاتدار و چ وەک وڵاتێکی ئاشتیخواز و لایەنگری هاوکاریکردن ڕوون بکاتەوە. شوناسسازی لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەدا، نەک تەنیا بۆ گەیشتن بە سیاسەتی دەرەوەی ستراتیژیانە و درێژخایەن پێویستە، بەڵکوو لە ناوخۆشدا کاری پێ دەکرێت و لە یەکپارچەکردنی کۆمەڵایەتییشدا کاریگەرە. لە ڕاستیدا دوو گوتاری ئێستا لە سیاسەتی دەرەوەدا، لەسەر بنەمای دوو تێڕوانینە بۆ سیستمی نێوحکومەتی کە هەڵبەت هیچ کامیان هەڵە نین. هاوشێوەی گوتاری مامەڵەگەرا لە سیستمی نێوحکومەتیدا، دەتوانرێت لە ڕێگەی مامەڵە لەگەڵ کارەکتەرە نێوحکومەتییەکاندا بگەینە ئەنجامی بردنەوە بۆ هەردوو لا (برد-برد). لە لایەکی ترەوە، لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە گوتاری دژەهەژموون، خۆڕاگری بەرامبەر بە باڵادەستیی جیهانی تەنیا ڕێگەیە بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان. بەڵام هیچ کام لەم دوو گوتارە جەخت ناکەنەوە لەسەر ئەوەی کە "ئێمە کێین" وەک کارەکتەرێك لە سیستەمی نێوحکومەتیدا. لەوانەیە باشتر بێت گوتاری نوێ لەجیاتیی جەختکردنەوە لە بارودۆخی دیاری سیستمی نێوحکومەتی، جەخت لەسەر "کێ"بوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پەیوەندییە نێوحکومەتییەکاندا بکات. لە ڕاستیدا، لەجیاتیی ئەوەی کە بە پێناسەی سیستمی نێوحکومەتییەوە دەست پێ بکەین، پێویستە لە

پێناسەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین.

لە کۆتاییدا، سەرچاوەی گوتاری سیاسیی نوێ، مەرج نییە سیاسەتمەداران و چالاکوانانی سیاسی بن، بەڵکوو میدیا و ڕاگەیاندنەکان، زانکۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە چالاکییەکەی پەیوەندیی بە زمان و ئاماژە و بەرئاماژەکان هەیە، دەتوانێت لە دروستکردنی گوتاری نوێدا ڕۆڵ بگێڕێت. وا دیارە ئەم گوتار سیاسییە نوێیە ناتوانێت بەپێی پێویستیی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەی ڕێکەوت لە چوارچێوەی پڕۆسەیەکی یەك لەدوای یەك دروست ببێت، بەڵکوو پێویستی بە خۆتێوەردان و پڕۆژەی گوتارییە.

## ئەنجام


لە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیدا جیاوازیی تێڕوانینەکان لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و لە چوارچێوەی تیۆرییە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام بە ماوەیەکی کەم لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، شەڕی سەپێنراو وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و دیاری ئەمنی؛ بووە هۆی ئەوەی کە بەرگریی پیرۆز ببێتە ئاماژەی ناوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئێران کە یەکپارچەیی دەدا بە گوتاری سیاسی. بەڵام لێکدانەوەی گوتاری حکومەتەکانی دوای شەڕ، دەریدەخات کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕووی مامەڵە یان دژیەکی لەگەڵ سیستمی ئێستای نێوحکومەتیدا، بە نۆرە کاریگەر بووە بە گوتارەکانی مامەڵەگەرا و دژەهەژموون. بە دەربڕینێکی سادە: لە ڕوانگەی مامەڵەگەرادا، ئاماژەی ئاسایش لە مامەڵە (ئابووری یان سیاسی بە پلەی جیاواز) لەگەڵ سیستمی ئێستای نێوحکومەتی دەناسێنێت و ڕوانگەی دژەهەژموون، ڕژێمی باڵادەستی نێوحکومەتی بەئاشکرا بە هۆکاری تێکدانی ئاسایش دەزانێت.

دوالیزم لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران، لە کاتێکدا دەتوانێت ببێتە هۆی پێگەیشتن و دوولایەنی لە سیاسەتی دەرەوە کە هەردوو گوتارە دژیەکەکە لە گوتارێکی یەکگرتوودا تێکهەڵکێش بکرێن، گوتارێک کە نوێنەری هەردوو دیوی مێژوویی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت. ئەم گوتارە نوێیە، نەک لە ڕێگەی لەپاڵ یەک دانانی ئەو چەمکانەی کە بە ڕواڵەت دژیەکن، بەڵکوو لە ڕێگەی لەناوبردنی لێکدژی ئاماژەکان لە سیستمی نوێی زمانیدا دەکرێت. ئەزموونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیاسەتی نێوحکومەتیدا، گرتنەبەری سیاسەتی دەرەوەی یەکگرتووی ستراتیژانەی لەبەرامبەر سیستمی نێوحکومەتیدا بە پێویست دەزانێت و ئەمەش پێویستی بە هێنانەکایەی گوتارێکی گشتگیرە کە هاوکات هەردوو لایەنی مامەڵەیی و خۆڕاگریی سیاسەتی دەرەوە لەخۆ بگرێت. ئەم گوتارە گشتگیرە، دەبێت "ئێمە کێین" لە سیستمی نێوحکومەتی بۆ خۆمان و بۆ ئەوانی تر ڕوون بکاتەوە و پێناسەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خۆی لە سیاسەتی جیهاندا بکاتە خاڵی دەستپێك.

ئایندەناسی

# ڕاپۆرتی ئایندەیی

# ڕێککەوتنی بودجەی هەولێر-بەغدا؛ لە کورتمەوداوە بۆ ستراتیژیی



**ئامادەکردن: عەدنان ئەحمەد**

دوای چەند مانگێک ناکۆکی و کێشە و دەیان گفتوگۆی نێوان شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە لایەک و نوێنەرانی کورد و پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە ناکوردییەکان لە پەرلەمانی عێراق، دواجار و لە ٣١ی ئازار بودجەی ساڵی ٢٠٢١ی عێراق لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر درا و پەسەند کرا. شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکردن و ڕێککەوتن لەسەر بودجەی بە سەرکەوتن و هەنگاوێکی گرنگ ناو برد، هەولێریش وەک ئەوەی هێشتا متمانەی بە بەغدا نەبێت، هەر لەدوای پەسەندکردنی یاساکەوە داوای لە بەغدا کرد پابەندی ڕێککەوتنی نێوانیان ببێت، تەواوی یاساکە وەک خۆی جێبەجێ بکات و بەشەبودجەی هەرێم بنێرێت.

## پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق

ناوەرۆکی مادەی ١١ کە تایبەتە بە پشکی هەرێمی کوردستان، بەم جۆرەیە:

**یەکەم:**

شایستەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ تاوەکوو ٢٠٢٠ یەکلا دەکرێنەوە، ئەوەش دوای ئەوەی دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم وردبینیی تێدا دەکات بۆ دەرخستنی هەژمارەکانی کۆتایی داهاتە داراییە بەدەستهاتووەکان و خەرجییەکانی هەرێم کە لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی پەسند دەکرێت، دوای جیاکردنەوەی خەرجییە سیادییەکان، ئەوەی لە چوارچێوەی خەرجییەکانی حاکیمە بۆ هەرێم خەرج کراوە.

**دووەم:**

ا. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە کێڵگە نەوتییەکان بە بڕی ٤٦٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە، لەو بڕەش بڕی پێویست بۆ خەرجییەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و بڕی بەکاربردنی ناوخۆ لە هەرێم و پترۆدۆلار جیا دەکرێنەوە، بە جۆرێك کە داهاتی ئەو بڕەی ڕادەستی حکومەتی فیدراڵی دەکات؛ لە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت کەمتر نەبێت بە نرخی سۆمۆ.

ب. بڕگەی ئەلف بەهاوئاهەنگی لەنێوان وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

ج. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە ڕادەستکردنی داهاتە نەوتی و نانەوتییەکان بە گەنجینەی دەوڵەت، بەگوێرەی یاسای کارگێڕیی دارایی فیدراڵی کە دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم وردبینی لە داتاکانی ئەو داهاتانە دەکرێت.

د. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند کراوە بە دانەوەی قەرزەکانی بانکی بازرگانیی عێراق کە لەلای بانکە حکومی و تایبەتەکانی هەرێمە، وەزارەتی دارایی بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو مانگانە بڕێك لە پشکی هەرێم دەبڕێت، ئەوەش لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە بۆ ماوەی (٧) ساڵ بەردەوام دەبێت.

ه. حکومەتی فیدراڵ پابەند دەبێت بە دانەوەی شایستەکانی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی هەرێم بڕگەکانی (أ، ب، ج، د) لە مادەی (١١) جێبەجێ دەکات.

**سێیەم:**

دوای وردبینیکردن لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەکرێت بە پێدانی ژمارەی فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی تاوەکوو ٢٠٢١/٦/٣٠.



## د. فەرهاد قادر کەریم

سالّی ١٩٧٧ لە گەرمیان لەدایک بووە و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە قەزای کەلار تەواو کردووە. سالّی (١٩٩٨-١٩٩٩) بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناوە.

سالّی ٢٠٠٦ ماستەر و سالّی ٢٠٠٩ دکتۆرای لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە زانکۆی ناوبراو بەدەست هێناوە.

سالّی ٢٠١٤ بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق. سالّی ٢٠٢٠ بووە بە سەرۆکی زانکۆی گەرمیان و تاکوو ئێستا بەردەوامە.

**چوارەم:**

حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران و قەرەبووکردنەوەیان لەو پشکەی لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی بۆی دیاری کراوە، پێش خەرجکردنی هەر خەرجییەکی دیکە.

### بودجەی عێراق لە بەرژەوەندیی هەرێمدایە یان عێراق؟

سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم پەسەندکردنی یاسای بودجەی عێراق بە دەستکەوت ناو دەبات، بەڵام بەشێک لە شیکەرەوە و پسپۆڕانی داراییش پێیان وایە بودجەکە کەلێنی زۆری تیایە و هەرێمیش هێندەی کاری بۆ هێشتنەوەی دۆسیەی نەوت لە دەستی خۆیدا کردووە، هێندە هەوڵی نەداوە بودجەکە لە بەرژەوەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان دابڕێژێت.

د. فەرهاد قادر؛ پەرلەمانتاری پێشووی عێراق و سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، لە بارەی ئەوەی تاکوو چەند ئەم یاسایە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە، دەڵێت: بۆ دەرخستنی ئەوەی کە یاسای بودجە لە بەرژەوەندیی هەرێمدایە یان نا، پێویستە ئەوە

بزانین پڕۆسەکە هاوکات بوو لەگەڵ خراپیی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بەگشتی و دۆخی مووچەخۆران بەتایبەتی، ئەمە لەپاڵ پەرۆشیی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێککەوتن و درێژەکێشانی ماوەی گفتوگۆکان و جۆر و چەندێتیی کۆبوونەوەکان کە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق ئەنجام دەدرا، بەڵگەن کە هەرێمی کوردستان بە پێویستی دەزانی لەگەڵ عێراقدا ڕێك بکەوێت و لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانی دەزانێت.

نەبەرد کەریم؛ پسپۆڕی دارایی و خوێندکاری دکتۆرا لە بواری ژمێریاری و داراییدا، ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر یاساکە جێبەجێ بکرێت، بەگشتی لە بەرژەوەندیی هەرێم دەبێت و دەڵێت بەپێی دەرئەنجامی هەوڵی شاندەکانی هەرێم کە سەردانی ناوەندیان کردووە و گەیشتوون بە ئەم ناوەرۆکەی بودجە کە ئێستا بووە بە یاسای بودجەی ٢٠٢١، بەگشتی یاساکە بۆ حکومەتی عێراقی زۆر زۆر باشە، چونکە کورتهێنانی بودجەی بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزاندووە، چونکە پێشتر پێشبینییەکان ئەوە بوون کە کورتهێنانی بودجە لەنێوان ٥٠ بۆ ٦٠ ترلیۆن دینار بێت، بەڵام ئێستا ئەم کورتهێنانە بۆ ٢٥ تاکوو ٣٠ ترلیۆن کەم بووەتەوە. لە کاتێکدا نرخی بەرمیلێک نەوت لە بودجەکەدا بە ٤٥ دۆلار دیاری کراوە، ئێستا نرخی نەوت بەرز بووەتەوە (سەرووی ٦٠ دۆلار) و پێشبینییش دەکرێت تاکوو کۆتایی ساڵ بگات بە ٨٠ دۆلار. جێگیرکردنی ١٠٠ دۆلاریش بە ١٤٥ هەزار، یەکێکی دیکە لەو هەنگاوانەیە کە سوودیان بە بودجەی عێراق گەیاندووە، واتە کورتهێنان کەم کراوەتەوە و داهاتیش زیاد کراوە.

لە بارەی ئەوەی ئایا لە بەرژەوەندیی هەرێمدایە، بێگومان وەک ساڵانی پێشوو نابێت، پێشتر ١٧٪ و دواتر ١٤٪ و ئێستاش کەمتر بووەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر جێبەجێ بکرێت، لە قازانجی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە.

## یاسای بودجە و ئایندەی هەرێم

سەرەڕای هەموو ڕەخنەکان، بەشێک لە چاودێران پێیان وایە یاسای بودجەی عێراق بۆ ئایندەی هەرێم گرنگ و بەبایەخە و ڕەنگە دەروازەیەک بێت بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشەی دیکەی نێوان هەولێر و بەغدا.

لە وەڵامی ئەوەی یاساکە چ ڕەهەند و گرنگییەکی ستراتیژی و ئایندەیی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە؟ نەبەرد کەریم دەڵێت: لە ساڵی ٢٠٠٥ تاکوو ساڵی ٢٠١٤، هەموو ساڵێك کە پڕۆژەیاسای بودجە هەبووە و پشکی هەرێم نێردراوە، کۆمەڵێک ڕەهەندی ستراتیژیی گرنگی هەبووە، وەک: بونیادنانی هەرێمی کوردستان، زیادکردنی سەرچاوەی

دیکەی داهات و هەلی کار، وەک کەرتی پیشەسازی، گەشتیاری و بازرگانی، ئەم دۆخە بۆ هەرێم باشتر بووە. واتە تاکوو بودجە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە هاتبێت، حکومەتی هەرێم لە ئاستێکی دارایی زۆر باشدا بووە، بەڵام ئەو ساڵانەی کە حکومەتی هەرێم خۆی ئیدارەی دۆسیەی نەوت و دارایی خۆی کردووە؛ کەوتووەتە قەیرانەوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە جێبەجێکردنی یاسای بودجە و دیاریکردنی پشکی هەرێمی کوردستان خاڵێکی زۆر گرنگە و لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندایە، بێگومان بە کۆمەڵێک دەستکاری و میکانیزمی دیکەوە.

د. فەرهاد قادر بە تیشک خستنە سەر بەیاساییکردنی دۆسیەی نەوتی هەرێم، بەم جۆرە باس لە گرنگیی ڕێککەوتنەکە بۆ هەرێم دەکات و دەڵێت: پێش ڕێککەوتن لەسەر ئەم یاسایە، هەست بە دابڕانێکی زۆر لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا دەکرا، ئەم دۆخە سەرەتاکەی لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە سەرچاوەی گرتبوو. بۆیە هەر گفتوگۆ و لێکنزیکبوونەوەیەك لەنێوان هەرێم و عێراق، خۆی لە خۆیدا کارێکی باش و سەرەتای دارشتنی ڕەهەندی ستراتیژیی گەورەترە، ئەمە جگە لەوەی بۆ یەکەم جار لە یاسای عێراقدا ماف دەدرێتە هەرێمی کوردستان کە نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات، بەوەش دەبێتە بەڵگەیەك بەدەست هەرێمەوە کە داکۆکی لە پرسی یاساییبوونی هەناردەکردنی نەوتی خۆی بکات و هێزی ئەو سکاڵایانەی پێشتر دژی کراون؛ لاواز بکات.

## سوود و زیانەکانی یاسای بودجە بۆ هەرێم

لەدوای دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق و پەسەندکردنی، دوو بۆچوونی جیاواز لە بارەی یاساکەوە دروست بوون؛ بۆچوونێک یاساکە بە زیان و بەشێکی دیکەش بە سوودبەخش ناوی دەبەن.

د. فەرهاد قادر لەسەر سوود و زیانەکان دەڵێت: گرنگیی یاسا لە جێبەجێکردندایە، پاشان ئەم یاسایە بۆ یەك ساڵە، بۆیە زیاتر سوودی بۆ ئەو برگە و مادانە هەیە کە لە ناوەرۆکەکەیدا هەیە.

هەر چی پرسی خاك و ناوچە دابڕێنراوەکانە، ئەوا پرسێکی دیکەیە و لە چوارچێوەی دەستووردا چارەسەری بۆ دیاری کراوە و هێزی یاسایی دەستوور لە یاسای بودجە باڵاترە، ئەوەندە هەیە کە دەکرێت هەرێمی کوردستان درێژە بە گفتوگۆ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا بدات و تەنها ئەوە نەبێت کە ساڵانە لە کاتی یاسای بودجەدا گفتوگۆ بکرێت. هەروەك باس کرا، گرنگیی یاسا لە جێبەجێکردندایە. ئەم یاسایەش گەر وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەم سوودانەی هەیە:

١. دۆخی دارایی هەرێم باشتر دەبێت.



## نەبەرد کەریم

لەدایکبوون: ١٩٨٧، گەرمیان-کفری. ساڵی ٢٠٠٩ کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی، بەشی دارایی و ژمێریاریی تەواو کردووە. خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا لە کارگێڕیی دارایی و دبلۆمی باڵا لە ژمێریاری و ماستەرە لە ژمێریاریی پێشکەوتوو -هیندستان. لە ئێستادا خوێندکاری دکتۆرایە لە ژمێریاری و دارایی و ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییە لە لیژنەی کارگێڕی و دارایی.

٢. سەرەتایەکە بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی هەرێم بۆ عێراق و بەپێچەوانەشەوە.

٣. مووچەی فەرمانگە فیدراڵییەکان دەکەوێتە سەر حکومەتی فیدراڵی و ئەرکیان بەسەر هەرێمەوە نامێنێت.

ئەگەر یاساکە جێبەجێ نەکرێت، هەرێمی کوردستان لە دۆخی چەقبەستووی خۆیدا دەمێنێتەوە و بەوەش زیانی پێ دەگات.

نەبەرد کەریم لە بارەی سوود و زیانەکانی یاساکەوە، جەخت لە بابەتی شەفافی دەکاتەوە و دەڵێت: یەکێک لە سوودەکانی یاسای بودجەی عێراق ئەوەیە کە تا ئاستێک داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوون دەبێت، ئەوەی باس دەکرێت کە پێدانی داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت و ٥٠٪ی داهاتی ناوخۆیە، وەها دەکات ئەم ژمارانە ئاشکرا بن و داهات بۆ پەرلەمان و هەموو لایەک ڕوون ببێتەوە، ئەوەشی وەک تەکمیلی و بەشەبودجە دێت، دەکرێت وەک قازانج سەیر بکرێت. لە یاسای دارایی و ژمێریاریدا جێبەجێکردنی بودجە زیانی نییە، چونکە جێبەجێکردنی یاسای بودجە ڕێگری دەکات لە کۆمەڵێک گەندەڵیی دارایی، بۆیە هەمیشە یاسای بودجە سوکانی لە زیانەکانی زیاترە، بەڵام بێگومان دەکرا بە شێوازێکی دیکەش دابڕێژرایە و سوودی زیاتر بووایە و پشکی هەرێمیش زیاتر بکرایە.

## هەرێم دەبوو چی بکات؟

سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پێشوازی لە تێپەڕاندنی پرۆژەیاسای بودجە کرا و بە هەنگاوێکی ئەرێنی تەماشا کرا، بەڵام ڕەخنە ئاڕاستەی شاندی هەرێمیش دەکرێت بەوەی دەبوو جددیتر کاریان کردبا و یاساکە باشتر لە ئێستا لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان بووایە.

نەبەرد کەریم پێی وایە هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە پشکی هەرێم کەم بووەتەوە، بۆیە دەبووایە لەسەر زیادکردنی پشکی هەرێم کاری باشتر بکرایە، چونکە لە یاسای بودجەدا لایەنی براوە ئەوەیە کە بتوانێت زۆرترین داهات بۆ ناوچە و وەزارەتەکەی خۆی بەدەست بهێنێت. دەکرێت بە هەمان شێوە سەیری دۆخی دارایی هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراقیش بکرێت، چونکە هەردوو حکومەتەکە و بەتایبەت بەغدا، ٩٥٪ی داهاتەکەی پشتی بە کەرتی نەوت بەستووە، بەڵام حکومەتی هەرێم کەمتر لە ٧٠٪ی پشتی بە نەوت بەستووە، بە شێوەیەکی گشتی هەردوو حکومەتەکە پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە، بۆیە گۆڕانکارییەک لە نرخی نەوتدا کاریگەریی لەسەر هەردوو لا دەیێت. دەشکرێت بڵێین جێبەجێنەکردنی یاسای بودجە و پابەندنەبوون، لە زیانی حکومەتی هەرێمدایە.

د. فەرهاد قادر بۆچوونی وایە بە هۆی دۆخە سیاسییە گشتییەکە و کەڵەکەبوونی گرفتەکان، نەدەکرا لەمە زیاتر لە یاساکەدا جێگای بکرێتەوە بۆ هەرێم و دەڵێت: ئەوەندەی من ئاگادار بم، شاندی هەرێم و نوێنەرانی کورد جەختیان لەسەر زۆر خاڵ کردووەتەوە، بەڵام دۆخە سیاسییە گشتییەکە و کەڵەکەبوونی گرفتەکانی چەند ساڵە، وایان کردووە لەمە زیاتر نەتوانرێت لە یاساکەدا جێ بکرێتەوە و ئەولەویەت درا بە پرسی مووچەی فەرمانبەران.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی شاندی هەرێم و سەرۆکەکەی بدەین کە پشوودرێژانە لەگەڵ سەرجەم لایەن و کەسایەتی و تەنانەت لەگەڵ تاکی پەرلەمانتارە کاریگەرەکانیش گفتوگۆ کرا، تاوەکوو توانرا بەو جۆرە یاساکە تێپەڕێنرێت.

## ئەگەری پابەندنەبوون

یەکێک لە کێشە گەورەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق کە لە خودی کێشەکان گەورەترە، بێمتمانەییانە بەرامبەر یەکتر، هیچ لایەک متمانەیان بە یەکتر نییە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەردوو لا لەسەر یاسای بودجە ڕێک کەوتوون و دەرچوێنراوە، بەڵام یاساکە جێبەجێ نەکراوە و هەولێر و بەغداش یەکتریان بە پابەندنەبوون و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکەی نێوانیان تۆمەتبار کردووە.

ترس هەیە لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی یاساکە لە هەر لایەکیانەوە بێت، دۆخی دارایی هەرێم خراپ ببێت و هەمان قەیرانی ساڵانی ڕابردوو دووبارە ببێتەوە.

د. فەرهاد قادر تیشک دەخاتە سەر ئەگەری جێبەجێنەکردنی یاساکە و دەرئەنجامەکانی و دەڵێت: بەدڵنیاییەوە لە ئەگەری پابەندنەبوون، دۆخی سیاسی و دارایی هەرێم خراپ دەبێت و ئەمەش ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، چونکە هەرێمی کوردستان وەکوو خۆیان ڕایانگەیاندووە بەپێی توانای دارایی خۆیان لەگەڵ دۆخەکەدا دەگونجێنن، ئەمەش نارەزایی خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی و مووچەخۆرانی لێ دەکەوێتەوە. نابێ بیرمان بچێت، بڕی ئەو پارەیە کە بڕیارە لە عێراقەوە مانگانە بۆ هەرێم بێـت، نزیکەی (١٠٠) ملیاری لەو بڕەی هەرێم خۆی دەستی دەکەوێت زیاترە، ئەمە جگە لە دەستکەوتەکانی دیکەی بودجە.

نەبەرد کەریم بۆچوونی وایە ئەگەر حکومەتی هەرێم شەفاف بێت و گۆڕانکاری بکات، یاساکەش جێبەجێ نەکرێت دەتوانێت ئیدارەی دۆخی دارایی خۆی بکات و دەڵێت: حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە پارەی بۆ ڕەوانە بکرێت، لە چەند مانگی ڕابردوو خۆی ئیدارەی دۆخی دارایی خۆی داوە، ئەویش بە لێبڕینی ٢١٪ی مووچە. لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی یاسای بودجە، بەپێی ژمارە بەردەستەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بە شێوازێکی ڕوون ئیدارەی دۆسیەی نەوت، داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان بکات، داهاتەکەی زیاتر و ڕێکخراوتر دەبێت و دەتوانێت لایەنی دارایی خۆی بەڕێوە ببات، بەڵام دەرئەنجامەکانی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێن حکومەت لە ئیدارەکردنی دارایی هەرێمدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەمە لە کاتێکدا داهاتی حکومەت بەشی مووچە و پڕۆژەکانیشی دەکات، بەڵام گەندەڵیی دارایی و قاچاخچێتی ڕێگر و هۆکاری گەورەن.

## بودجەی هەرێم لە چاوەڕوانیدا

حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند مانگێکە سەرقاڵی ئامادەکردنی بودجەی ٢٠٢١ی خۆیەتی. حکومەت دەڵێت هەوڵ دەدەن لە نزیکترین کاتدا پڕۆژەیاسای بودجە ئامادە بکەن و بۆ دەنگدان لەسەری، ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانی بکەن.

ڕۆژی شەشی نیسانی ٢٠٢١، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی کۆ بوونەوە و تێیدا گفتوگۆ لە بارەی بودجەی هەرێمەوە کرا و باس لەوە کرا بڕیار درا لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ لە بارەی بودجەی هەرێمەوە بکرێت.

ڕۆژێک دواتر، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم گفتوگۆی لە بارەی بودجەوە کرد و لە بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکە، دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان، ڕاپۆرتێکی دەربارەی دوایین ئامادەکارییەکانی تایبەت بە گەڵاڵەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢١ خستە ڕوو، جەختی کردەوە کە ئامادەکارییەکان هەنگاوی باشیان بڕیوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو پڕۆژەیاسایە ئامادە دەبێت.

بڕیار بوو مانگی ئازار پڕۆژەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بگاتە پەرلەمان، وەک ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ٣١ی ئازار بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند: "ئەوان بە ئێمەیان وت ڕەنگە لەناوەڕاستی مانگی ئازار بگات، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووە، بۆ ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان گرنگە لەدوای نزیکەی هەشت ساڵ پڕۆژەیاسای بودجە پەسەند بکرێت، چونکە بەڕاستی خەرجکردنی پارە و کۆکردنەوەی داهات و دابینکردنی پارە بۆ سێکتەرە جیاوازەکان بەبێ ئەوەی لە پڕۆژەیاسای بودجەدا ئاماژەی پێ بکرێت، بەتەواوەتی نادەستووری و نایاساییە. هەرێمی کوردستان لە خراپترین قۆناغەکانی خۆیدا پڕۆژەیاسای بودجەی هەبووە، ئێستا هیچ مەنتقی تیادا نییە پڕۆژەیاسای بودجەی نەبێت."

تاکوو ئێستا بەشێک لە وەزارەتەکان کارەکانی خۆیان لە کۆتا نزیک کردووەتەوە و حکومەتیش جەخت لە بەردەوامیی کارەکان دەکاتەوە. تاکوو ئێستا دیار نییە حکومەتی هەرێم لەسەر بنەمای یاسای بودجەی عێراق؛ بودجەکەی ئامادە دەکات یان نا؟ ئەگەر عێراق پشکی هەرێم نەنێرێت، چ کاریگەرییەکی لەسەر بودجەی عێراق دەبێت؟

بەپێی لێدوانی بەشێک لە پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان، تاکوو یەکلا نەبێتەوە عێراق پابەندی یاسای بودجە دەبێت یان نا، ناتوانرێت بودجەی هەرێم یەکلا بکرێتەوە، چونکە لەسەر بنەمای پشکی هەرێم لە یاسای بودجەی عێراق ئامادە دەکرێت.

ڕۆژی ٢٨ی نیسانی ٢٠٢١، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆ بووەوە، لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا ئاوات شێخ جەناب؛ وەزیری دارایی و ئابووری و دارا ڕەشید؛ وەزیری پلاندان ڕاپۆرتێکیان تایبەت بە دوا ژمارەکانی پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢١ خستە ڕوو. ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دا لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ ئەوەی تێبینی و پێشنیارەکانی ئەنجوومەنەکە لەناو پڕۆژەیاساکە جێگیر بکرێن و دواتر ئامادە بکرێت بۆ پەسندکردنی کۆتایی ئەنجوومەنی وەزیران و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

نەبەرد کەریم بە ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی یاسای بودجەی عێراق بۆ هەرێم، باس لە بودجەی هەرێمی کوردستانیش دەکات، سەرەتا دەڵێت ڕێککەوتنی بودجە لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ڕووی داراییەوە زۆر سەرکەوتوو نەبووە، چونکە حکومەتی هەرێم ئەگەر مانگانە داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بە نرخی سۆمۆ ڕادەست بکات و ٥٠٪ی داهاتی ناوخۆش بنێریتە بەغدا، ئەمە بڕێکی زۆر زۆرە، تەنانەت بەپێی ژمارەکان و بەپێی ئەم ڕێککەوتنە ڕەنگە حکومەتی هەرێم زیانی ١٠ ملیۆن دۆلاری ڕۆژانە لە خۆی بدات. بۆ نموونە؛ ئەگەر نرخی نەوت بۆ ٨٠ دۆلار بەرز ببێتەوە، ئەو کاتە دەبێت فرووقاتەکانیش پڕ بکاتەوە، چونکە وەک حکومەتی هەرێم ئاماژەی پێ دەکات، خەرجی و گرێبەستەکانی بە بڕێکی کەمتر بووە، بەڵام حکومەتی عێراقی بە نرخی سۆمۆ دەیەوێت، واتە حکومەتی هەرێم بە ٥٠ دۆلاریش نەوت بفرۆشێت، ئەو کاتە دەبێت بە ٨٠ دۆلار ڕادەستی بکات، واتە بەهای ٨٠ دۆلار، ئەمەش زیانێکی دارایی زۆر لە هەرێم دەدات، بەڵام ئەگەر بهاتایە حکومەتی هەرێم ٢٥٠ هەزار بەرمیلەکەی ڕادەست بکردایە، لە قانجی دەبوو.

لە بارەی بودجەی هەرێمیشەوە، باس لەوە دەکات نەبوونی یاسای بودجە لە هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆری هەبووە، چونکە داهاتەکان بە شێوازێکی دادپەروەرانە دابەش نەکراوە، ئەمەش وای کردووە گەندەڵیی دارایی سەر هەڵبدات و خەرجی و داهاتەکان ڕوون نەبن، بۆیە ئەگەر یاسای بودجە هەبێت، ڕێگری لە گەندەڵی و بەهەدەردانی داهات دەکرێت.

لە بارەی شێوازی ئامادەکردنی پڕۆژەکەش، باس لەوە دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو شێوازی کارکردن لەسەر بودجەی دیاری کردبوو: یەکەمیان ئەگەر یاسای بودجەی عێراق جێبەجێ بکرێت و پشکی هەرێم بنێردرێت، لەسەر ئەم میکانیزمە پڕۆژەیاسای خۆی دیاری دەکات. شێوازەکەی دیکەش ئەوە بوو ئەگەر لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا نەگەن بە ڕێککەوتن، یان ڕێککەوتن بکرێت بەڵام جێبەجێ نەکرێت و بوەستێنرێت، ئەو کاتە حکومەتی هەرێم یاسای دیکەی بودجەی دەبێت.


د. فەرهاد قادر بەم جۆرە باس لە کاریگەریی جێبەجێنەکردنی یاسای بودجەی عێراق لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دەکات: جێبەجێکردنی یاسای بودجەی عێراق کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر یاسای بودجەی هەرێم دەبێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی ڕوون و ئاشکرا بە درێژایی ساڵی ٢٠٢١ (لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٣) وە یاسای بودجەی نەبردووەتە پەرلەمان)، بەپێچەوانەشەوە درێژە بە سیاسەتی خۆگونجاندن دەدرێت.

# ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

کتێبە ئایندەییەکان

# شەڕی وزە گەورەکان




کتێبی "شەڕی وزەی گەورە" لەلایەن "جان ماری شۆفالی" نووسراوە و لمیس عەزب وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. ئەم بەرهەمە  بە یەکێك لە کتێبە گرنگەکانی بواری ئاسایشی وزە دادەنرێت، کە تیایدا بابەتی جەنگی گەورەی ئایندە شرۆڤە دەکات لەنێوان کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان. نووسەر فاکتەری وزە بە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ململانێی نێودەوڵەتی دەزانێت و باس لە گرنگیی ئەم فاکتەرە دەکات لە گەورەبوونی هێزەکان و دابەشبوونی بەرەکان لەنێوان دۆستایەتی و نەیارێتیدا. نووسەر باس لەو ململانێ شاراوەیە دەکات بۆ بەدەستکەوتنی وزە لە سەدەی بیست و یەك، لە سایەی ئەو گۆڕاوە نێودەوڵەتییانەی کە هەژموونیان کردووە بەسەر توانای دەوڵەتان لە دەستگرتن بەسەر وزەی جیهانیدا.

شۆفالی بۆ ئەوەی لە هێڵەکانی پاڵنەری ململانێکان بکۆڵێتەوە، شیکارییەکانی پشتئەستوورە بەو ڕاستییە مێژووییانەی کە جووڵێنەری شەڕە گەورەکانن لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها کاری کردووە لەسەر تەوەری دووەمی ململانێکان لە ڕوانگەی وەستان لە وێستگەکانی گەیشتن بە کۆنتراکت و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی وزەی نوێ و گەیشتن بە ئاڵۆگۆڕکاری و هاوکاری لە بواری دەستگەیشتن بە وزە نوێیەکان و وزەی نوێ لە بواری ئاشتیدا.

نووسەر لە سەرەتای کتێبەکە و لە بەشی یەکەم و پێشەکیی کتێبەکەدا، لەسەر ئابووری و وزە وەکوو یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی ئابووریی دەوڵەتان ڕاوەستاوە، چونکە بە ڕای نووسەر، وزە

یەکێکە لە بابەتەکانی گرەوی دەوڵەتان و ململانێ بۆ بەدەستهێنانی، بۆیە تەنانەت ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەکاربەرن و هاوردەی دەکەن؛ بە جۆرێك پێناسە دەکرێت کە جیاوازە لە پێناسەی ئەو دەوڵەتانەی هەناردەی دەکەن. پرسیاری گەورەش لەسەر بابەتی وزە دروست بووە کە ئایا وزە فاکتەری سەربەخۆیی و گەشەیە، یاخود وزە بەڵایەکی ئابوورییە و سەرچاوەی هەڕەشەی وڵاتی بەرهەمهێنەرە؟

بۆیە لە بابەتی وزە و گەیشتن بە وزە، تێڕوانینی ئەمەریکا و ئەورووپا و چین جیاوازە.

لە بەشی یەکەمدا، نووسەر لەسەر ڕەهەندی مێژوویی بابەتی وزە ڕاوەستاوە و ئەم بەشەی تەرخان کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر شەڕەکانی ڕابردوو و ئەو بابەتانەی کە دەکرێت وەکوو سەرچاوەی مێژوویی سوودیان لێ وەربگیرێت، لە شەڕی خەڵووز و ئاسنەوە بۆ شەڕ و ململانێ لەسەر نەوت و پاشان وزەی نوێ، تەنانەت شەڕی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوە کە دیارترینیان شەڕی عێراقە، تا دەگات بە مەترسیدارترین ململانێ و دەرچوونی چەندین پەیماننامە و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی چەکی ناوەکی.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ باسکردنی بابەتی شەڕەکانی ئەورووپا لە پێناو ئازادکردنی بازاڕی وزە، بۆ ئەم بابەتەش ئەورووپا دەیان ئەزموون و ڕێگەچارەی هاوکاری و ململانێی تاقی کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بە لانی کەمەوە پێداویستییەکانی بازاڕی ئەورووپا لە وزەی هاوچەرخ دابین بکات بۆ وڵاتانی ئەورووپا. سەرەتای دروستبوونی یەکێتیی ئەورووپا، لە ڕێککەوتنی خەڵووز و ئاسنەوە دروست بوو لە ساڵی ١٩٥٥.

بەشی سێیەمی ئەم کتێبە گفتوگۆیە لە بارەی شەڕ و ململانێ بۆ گەیشتن بە بازاڕی کارەبا، بەتایبەتی وزەی کارەبای نوێ کە بەلای نووسەرەوە یەکێکە لە بوارە زیندووەکانی ململانێی ئابووری لە هەردوو ڕەهەندی کێبڕکێ و هەژموونددا.

لە بەشی چوارەمدا باس لە غازی سروشتی و هەڵپەی دانووستاندن دەکات بۆ گەیشتن بە بازاڕێکی تری زیندوو و ڕکابەر کە بە شێوەیەکی نابەرامبەری سروشتی لە جیهاندا دابەش بووە، ئەمەش وای کردووە ململانێی ئایندە لەسەر دەستبەسەراگرتن و گەیشتن و کردنەوەی بازاڕی گازی سروشتی بتوانێت قسەی یەکلاکەرەوە لە ئابووریی وزەدا بکات.

بەشی پێنجەم تەرخان کراوە بۆ باسکردن لە بابەتی شەڕی گەیشتن بە بەرهەمهێنان و دابینکردنی نەوت وەکوو وزەیەکی کۆن و نوێ، واتە ئەو وزەیەی کە بە مانای کات و دەرهێنانی بەبازاڕکردنی کۆنە، بەڵام بەردەوام لە ڕووی بەها و بازاڕەوە پێگەیەکی ئابووریی زیندووی هەیە، بۆیە نەوت ڕکابەرە سەرەکییەکەی سەرهەڵدانی چەندین شەڕ، لە هەمان کاتدا چەندین هاوپەیمانییە.

لە بەشی کۆتاییدا لەسەر شەڕی سەدەی بیست و یەك دەوەستێت، کە بە "هاوکێشەی جۆهانسبۆرگ" ناوی دەبات. ئەم کتێبە لە ڕووی داتا و زانیارییەوە پشتئەستوورە بە دەیان سەرچاوەی نوێ و شیکاریی ئابووری بە میتۆدی زانستی شیکاری، بۆ پێشبینیکردنی بازاڕی وزە و ململانێی ئایندە لەسەر وزە و بازاڕی وزە. ئەم بابەتە دابڕاو نییە لە شەڕی گەورە لەنێوان کارەکتەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ دۆزینەوەی ئامرازی مۆدێرن بۆ بەکارهێنانی ئاشتیيانەی وزەی نوێ لە ڕێگەی کاراکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە ڕێگرە لە مەترسیی بەکارهێنانی وزەی نوێ وەکوو هەڕەشە لەسەر ئاسایش و ئاشتیی جیهانی.

ئایندەناسی

# فەرهەنگی ئایندەناسی

چەمکناسی ئایندەیی

# تێڕامان (التأمل)
# Contemplation

لە ڕووی زمانییەوە، لای یۆنانییە کۆنەکان وشەی "تیۆریا" بۆ "تێڕامان" بەکار هاتووە، بەمەش جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە تێڕامان بریتییە لە تێڕوانینێکی عەقڵیانەی پەتی بۆ بابەتەکان بەبێ ئەوەی ئەم تێڕوانینە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هەستەوەرەکان وەک بابەتی "گەوهەری ئەبستراکت" و "بنەما یەکەمینەکان".

تێڕامان، بە واتا سادەکەی، بریتییە لە ڕوانینی قووڵ بۆ بابەتێک و بیرکردنەوەیەک لێی لەناو خودی ناخ خۆیدا. بەڵام بە واتا ڕۆحییەکەی، تێفکرینێکی هێندە سەرمەستانەیە کە هۆش جگە لەو شتەی کە تێی ڕاماوە، دەستبەرداری ئاگایی بەرامبەر کۆی شتەکانی دی دەبێت. لەبەر ئەوە، بە ڕای هەندێک ڕێبازی سۆفیگەریی سەدەکانی ناوەڕاست، تێڕامان پلەیەکی باڵای مەعریفەیە، کاتێک دێتە دی کە دڵ خاڵی بکرێتەوە لە هەموو حەز و ئارەزوویەک تا ئەو ئاستەی کە بە دۆخی یەکگرتن لەگەڵ خودا (الإتحاد بالله) کۆتایی دێت. لەم چوارچێوەیەشدا دەستەواژەی "ژیانی تێڕامانگەرایی" (الحياة التأملية - Contemplative life) ئاماژە بووە بۆ پلەیەکی باڵای قووڵ ڕۆچوون لە بیرکردنەوە کە بە ڕای "ئەفلاتوون" بەرزترین پلەی ژیانی دانا و فەیلەسووفەکانە.

لە ڕووی زانستییەوە، وێڕای ئەو ناساندنە گشتییە، چەمکی تێڕامان لای زۆرێک لە فەیلەسووف و بیرمەندان شرۆڤەی هەمەڕەنگ و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە: لای "ئەرستۆ" تێڕامان بریتییە لە تێڕوانینێکی پەتی و بێگەرد، کە تیایدا مرۆڤ هیچ ئامانجێکی تری نییە جگە لە گەیشتن بە خودی مەعریفە خۆی. بۆیە هەر بەم واتایە دەتوانرێ لەو وتەیەی "ئەرستۆ" تێبگەین

کە لە کتێبی "میتافیزیک"دا دەڵێت: "فەلسەفەی یەکەم بریتییە لە زانستی تێڕامان -تیۆری پەتی- لە هۆکاری یەکەم (العلة الأولى) و بنەما یەکەمینەکان (المبادئ الأولى). هەر چەندە ئەرستۆ جەختی لەوە دەکرد کە هەستەوەرەکان سەرچاوەی سەرەکیی مەعریفەن لە ژیانی واقعیدا، بەڵام شەیدایی مرۆڤ بۆ زانینی هۆکاری یەکەم کە لەپشت هەبوونی کۆی بوونەوەیە، ناچاری دەکات پەنا بۆ تێڕامان ببات، چونکە ئەم بابەتە ملکەچی هەستەوەرەکان نابێت. کاتێک ئەرستۆ بەوە فەلسەفە پێناسە دەکات کە زانستێکی تیۆرییە و دواتریش مەعریفەیەکی تێڕامانگەرایە، لەبەر ئەوە لە شارستانیی گریکدا، عەقڵ لە ڕێگەی تێڕامانەوە -تێڕامانی پەتی و بێگەرد- بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بوون چییە، هەوڵ بۆ هیچ بەدیهێنانی سوودێکی ماددی لەم نادات، بۆیە فەلسەفە، وەک هزربینینێکی تێڕامانگەرا، تەنیا دوای ئەوەی هەموو پێویستییەکانی مرۆڤ پڕ دەبێتەوە؛ دەست پێ دەکات. تێڕوانینی فەلسەفی تێڕوانینێکی زانستی نییە، چونکە زانست پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە یان تاقیکردنەوە و سەلماندنی ڕاستیی ئەو بەڵگانە هەیە، بەڵام تێڕامان بە هۆی بابەتەکەیەوە ناشێت بە تاقیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە بۆ سەلماندنی ڕاستیی بوونی تێبپەڕێت.



بە ڕای "لایبێنتز": "تێڕامان هیچ نییە جگە لە سەرنجدان لەو شتەی کە لە ناخی خۆماندا هەیە." بە ڕای "ڕۆسۆ": "تێڕامان دۆخێکی دژەسروشتە، ئەو مرۆڤەی سەرقاڵی تێڕامانە، ئاژەڵێکی لادەرە." بەڵام بە بڕوای "برگسۆن": "لە بنەڕەتدا ئێمە جگە لە کار، بیر لە هیچ شتێکی دی ناکەینەوە، زیرەکییشمان لە قاڵبی کاردا داڕێژراوە، بۆیە تێڕامان تەنها کەمالیات و کاتبەسەربردنە و کاریش پێویستیی بنەڕەتیی ژیانە."

بە بڕوای "ئۆگست کارتولت": "تێڕامان و بیرکردنەوە، دوو پڕۆسەی هاوشێوە نین. بۆ نموونە؛ ئەگەر بیر لە شکستی ناپلیۆنی یەکەم بکەینەوە، لە کاتی ئەو بیرکردنەوەیەدا هەوڵ دەدەین وێنای هۆیەکانی ئەو شکستە بکەین، هەروەها ئەو هەلومەرجەش لەبەرچاو بگرین کە لە سایەیدا ئەو شکستە ڕووی دا، ئەمە وێڕای دەستنیشانکردنی لێکەوتاکانی ئەو شکستە. بەڵام ئەگەر تێڕامان لەو شکستەی ناپلیۆنی یەکەم بکەین، ئەوا لە کاتی ئەو تێڕامانەدا هەوڵ دەدەین پەندی لێ وەربگرین، پەندی ئەوەی کە تەماعی شڵەژاو و گەڕانی بەردەوام بەدوای فتوحات و داگیرکاری بەحەتمی بەرەو دەرئەنجامی نەویستراو سەر دەکێشێت... کەواتە هەم بیرکردنەوە و هەم تێڕامانیش لەسەر تێڕوانینی ورد بۆ بابەتێک بونیات دەنرێن، بەڵام بیرکردنەوە تێڕوانین بۆ ڕەهەندە دەرەکییەکانی بابەتەکە دەکات (هۆکار، هەلومەرج، دەرئەنجام)، لە کاتێکدا تێڕامان ئەم تێڕوانینە بۆ ڕەهەندە گەوهەرییەکان فراوان دەکات و بەرەو ئاسۆی دوورتر دەبیات تا چەند بنەمایەکی گشتی و مرۆیی لێ گەڵاڵە بکات."

بە بۆچوونی "پییەر ڕیڤێردی": "تێڕامێنەر ئەو کەسەیە کە لەلای ئەو ڕوانین بۆ پشتەمل لە ڕوانین بۆ ڕوخسار بەبەهاترە."

کەواتە، لەم پێناسە و پلارانەوە دەردەکەوێت کە، تێڕامان میتۆدێکی فەلسەفی و دیاریکراوی ڕوون و تایبەت بە خۆی نییە، هەر لەبەر ئەمەش "دیکارت" لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی "وتارێک دەربارەی میتۆد"، ڕەخنە لە هەموو فەلسەفەیەکی تێڕامانگەرا دەگرێت، کەچی دواتر خۆی شێوازی میتۆدەکەی بە "تێڕامان لە فەلسەفەی یەکەم" ناوزەند دەکات. هەروەها "هۆسرڵ" هەر چەندە زۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە فەلسەفە بکات بە زانستێکی تۆکمە، کەچی یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی ناو دەنێت "تێڕامانە دیکارتییەکان"، بۆیە پێدەچێت تێڕامانی ئەو قەدەری فەلسەفە بێت کە ناتوانێت لێی هەڵبێت، سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە تا ئێستا ڕووی داوە لەگەڵ هەموو ئەو میتۆدە فەلسەفییانەش کە تا ئێستا دەرکەوتوون و کەم تا زۆریش بەو پێشکەوتنە کاریگەر بوون.

تێڕامان، بە درێژایی مێـــژووی بیرکردنەوە و ئەزموونی مرۆڤایەتی، تەنها موڵکی یەک ڕێبازی فەلسەفی و یەک شارستانیی دیاریکراویـــش نەبووە، هەروەها بەتەنهـــا ئامرازی فەلسەفەش نەبووە، بەڵکوو زیاتر وەک میتۆدێکی ناڕاگەیەنراوی کۆی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بووە بە هەموو ڕەهەند و پانتاییە فراوانەکانیەوە، هەر لە هونەر و ئەدەبەوە تا ئایین و ڕەوشت، هەر لە نیرڤـانای بوودییەوە تا وەجدی سۆفیگەری، هەر لە نەشوەی داهێنانی هونـەرییەوە تا دۆزینەوەی کۆجیتۆی ئۆگەستێنی و دیکارتی، هەر لە دیالێکتیکی هیگڵییەوە تا بیستنی هاواری ئیگۆی قووڵ. لە هەموو ئەمانەشدا تێڕامان وا دێتە پێشچاو کە تاکە ئامرازی بەردەستی مرۆڤ بووبێت، تا لە ڕێگایەوە هەوڵ بۆ زانینی ماناکانی بوونی خۆی بدات.

لەبەرامبەر هەموو ئەمانەش "تێڕامان" ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووەتەوە: یەکەم: تێڕوانینێکی نەزۆکە و ناتوانێت هیچ زیادەیەک بخاتە سەر مەعریفەی زانستی. دووەم: تێڕامان لەبەر ئەوەی توانای تاقیکردنەوە و سەلماندنی تێڕوانینەکانی نییە، دووچاری ناکۆکی و دژیەکیی زۆر دەبێت. سێیەم: تێڕامان هەڵوێستێکە پشت لە کردار دەکات و لەبەر ئەوەش گرنگی بە گۆڕینی جیهان بۆ باشتر نادات. چوارەم: تێڕامان مەعریفەیەکی خودیی ئەبستراک و دابڕاو لە سوودی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت. وێڕای هەموو ئەم ڕەخنانە، هێشتا تێڕامان ئامرازێکی هەمیشەیی فەلسەفەیە، بەڵکوو کۆی مەعریفەشە، لەبەر ئەوەی هێشتا زۆر لایەنی شاراوەی ژیان و بوون ماوە کە زانست پەیی پێ نەبردووە، تێڕامانیش ئامرازێکە بۆ پەردەهەڵماین لەسەر ئەو پەنهانانە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە لە زانست لەپێشترە، لە کاتێکدا زانست مرۆڤی لە گەلێک هەڵەی تێڕوانینی پێشوو دەرباز کردووە، بۆیە هەروەک زۆرێک لە فەیلەسووف و بیرمەندانی کۆن جەختیان لێ کردووە، نابێت دەست بۆ تێڕامان ببرێت تەنها لەو کاتەدا نەبێت زانست بەردەست نەبێت.

سەرچاوەکان:

- جلال الدين سعيد، معجم المصطلحات والشواهد الفلسفية، دار الجنوب للنشر، تونس، ٢٠٠٤، ص ص٨٩-٩٠.

- معن زيادة (محرر)، الموسوعة الفلسفية العربية، المجلد الاول، معهد الانماء العربى، بيروت، ١٩٨٦، ص ص٢٠٢-٢٠٧.

- م. روزينتال و ب. يودين (إشراف)، الموسوعه الفلسفية، ترجمة: سمير كرم، دار الطليعة، بيروت، ١٩٩٧، ص ص١٠٦-١٠٧.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران


Center For Future Studies
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنووسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧)
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin
205


Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییەکان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019

# ژمارەکانی رابردووی ئایندەناسی























# ئایندەناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٧) ئایاری ٢٠٢١، ساڵی دووەم